ڕێکخراوی کوردستان بۆ
کوردستان بۆ هەمووان

ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان

# ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هاوولاتیان

راپۆرتی کۆتایی  پڕۆژەی
(بەهێزکردنی ئەدای ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو
پتەوکردنی  پەیوەندی لەگەڵ هاوولاتیاندا)

ئامادەکردنی:
رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هاووڵاتیان

ئامادەکردنی: رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان
سەرپەرشتیار: سەلام کەمال محمد (ئارام کەمال)
دیزاینی بەرگ: عمر علی فارس
دیزاینی ناوەڕۆك: دیاری
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
ساڵی چاپ: ٢٠١٦
چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارە سپاردنی ( ١٨٦٣ )ی ساڵی (٢٠١٦) پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ
(رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی)

Kurdistan for Everyone for Developing Democracy

**رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی KEODD**

رێکخراوێکی سەربەخۆی بێلایەنی ناحکومی قازانج نەویستە، تایبەتە بە کایەو پرسە دیموکراتیەکان

ساڵی (٢٠١٤) تۆمارکراوە بە ژمارە (١٦,٢.ك) لە فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان.

بۆپەیوەندیکردن:

ئیمەیڵkoddorg@yahoo.com:

مۆبایل: ٠٧٧٠١٥٠٩٧٦٥ یان ٠٧٧٠١٥٨٩٥٨٠

سلێمانی- شەقامی بازنەیی مەلیك مەحمود- تەلاری فیردەوس

بەرامبەرگوندی ئەڵمانی- هۆمی (٣) - شوقەی ژمارە (٣)

National Endowment for Democracy

*Supporting freedom around the world*

## رێکخراوی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی

**NED)- National Endowment for Democracy)**

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانجنەویستی تایبەتە بە گەشەپێدانو پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەموو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاترلە (١٢٠٠) هەزارو دوو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەرلەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣)دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردووە بۆ دامەزراوەیەکی فرە رەهەندو ئاراستەو بووەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕیی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویستناکات کە دووبارەکردنەوەی نموونەی وڵاتە یەکگرتووەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکانو دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

سوپاسنامە

(ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) سوپاسی خۆی بۆ ئەم بەڕێزانە دەردەبڕێت کە لەسەرخستنی ئەم پڕۆژەیەدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو:

- دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
- ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.
- بەختیار حاجی عەبدولا (ڕاوێژکاری ڕێکخراوی (NED) لە هەرێمی کوردستانو باکوری عێراق).

پڕۆژەی

بەهێزکردنی ئەدای ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو

پتەوکردنی  پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتیاندا

## 9 ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هاوولاتیان

پێشەکی:

ئاشکرایە یەکێک لە گرنگترین ئـەرکو رۆڵـی رێکخراوەکانی کۆمەڵی مـەدەنـی بریتییە لە چاودێریکردنو هەڵسەنگاندنی دەسەلاتە گشتییەکان، هەر لەم بوارەشدا (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی) سێهەمین پڕۆژەی خۆی بۆ بەدواداچوونو هەڵسەنگاندنی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، ئەنجامدا. هەروەها رۆڵێکی دیکەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بریتییە لە پاڵپشتیکردنی بەشداری سیاسی لە رێگەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکو کۆمەڵگە، چونکە ناکرێت بەبێ بەشداری هاوولاتیان لە پرۆسەی بڕیاردا، دەسەلاتی یاسا بە دیموکراسیو شەفاف ناوزەند بکرێت، ئەمەش خۆی لە ئاشنابوونی هاوولاتیاندا دەبینێتەوە لە بە دەست گەیشتنیان بەسەرچاوەکانی زانیاری، لەم نێوەندەدا (واتە لە نێوان دەسـەلاتو هاوولاتیدا) پێویستمان بە بونیادنانی پردێک هەیە بۆ ئەوەی لەلایەک هەردوولا بگەن بەیەکو دوری نێوانیان بگاتە کورترین ماوە، هەروەها هاوولاتیانیش بزانن نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانیان لە ئەنجومەنەکاندا سەرقاڵی چین؟

رێکخراوەکان ئەرکی سەرشانیانە تاک پـەروەردە بکەن هەتا لەلایەک لە مافەکانیان ئاگاداربن لە لایەکی دیکە ببنە چاودێری دەسەلات بۆ ئەوەی سنوری زەوتکردنی مافەکانی هاوولاتی تەواو

بەرتەسکبکرێتەوە.

ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە خۆی لە خۆیدا بریتیە لە ئاشناکردنی هاووڵاتیو پێدانی زانیاری لەسەر (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، کە ئەم ئەنجومەنە هاووڵاتیان بەردی بناغەکەیان داناوەو (٣٢) ئەندامی ئەنجوومەن بەدەنگی ئەوان راسپێراون بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیانو دانانی میکانیزمی باشترکردنی گوزەرانی هاووڵاتیان، هەربۆیە پێویستە ئێمە وەک رێکخراوێکی ناحکومی کۆی ئەو چالاکی و پرۆژانەی ئەنجومەنی پارێزگا ئەنجامیداون بخەینە بەردەست هاووڵاتی، تادواتر ئەوان حوکمی کۆتایی لەسەر ئەنجومەن بدەن، هەڵبەت ئەم رێکارە بۆ هەموو دەزگا و فەرمانگەیەکی دیکەی حکومەت رەوایە، بێگومان ئەمەش بە تاکە رێکخراوێک ناکرێت، بۆیە داواکارین لە رێکخراوە هاوپیشەکان کە بەشێک لەم ئەرکە بخەنە سەرشانی خۆیانو بەدواداچوون بۆ کارو ئاستی جێبەجێکاری دامەزراوە گشتییەکان بکەن.

لەمڕۆدا کە چەندین قەیران بەرۆکی هەرێمی کوردستانیان گرتووە، لەسەرو هەمووشیانەوە قەیرانی سیاسی کە قەیرانی داراییشی بەدوای خۆیدا هێناوە، دواتریش قەیرانی (دواکەوتنی ساڵی نوێی خوێندنو قەیرانی تەندروستیو خزمەتگوزاری، پەککەوتنی پرۆژەکانو ... هتد). بەمەش ئەگەر نەڵێین تەواوی جومگەکانی حکومەت، ئەوا زۆربەی هەرەزۆری دامودەزگا حکومیەکانی تووشی ئیفلیجی کردووە، هاووڵاتیان و فەرمانبەرانیش بەوەی کە لە دۆخێکی ئابووری خراپدا دەژین، وەک ئەوەی پێویستە متمانەیان بەحکومەت و دامودەزگاکانی نەماوە.

ئێمە درک بەو راستییە دەکەین کە ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەگشتیو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی، بە خراپترین دۆخی ئابووریدا گوزەر دەکەن، بەڵام توانا و لێهاتوویی ئەم ئەنجومەنانە بەتەواوی لێرەدا دەردەکەوێت بەوەی کە تاچەند توانای ئەوەیان هەیە هەوڵی کەمکردنەوەی قەیرانەکان بدەنو متمانەی هاوولاتیان لەدەستنەدەن.

لە پێناو گەڕاندنەوەی ئەم متمانەیە لە نێوان دەسەڵاتو هاوولاتیدا، (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)، لە سێهەمین پرۆژەی خۆیدا بەناوی (پرۆژەی بەهێزکردنی ئەدای ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوولاتیاندا) بەهاوکاری رێکخراوی (NED) ئەمریکی لەماوەی (٢٠١٥/١٠/١ – ٢٠١٦/٩/٣٠) هەستا بەئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا.

بێگومان ئەوەی لەم راپۆرتەدا باسکراوە، پەیوەندی بەدەستەی سەرۆکایەتی پێشووی ئەنجومەنەوە هەیە، چونکە لەدوای دەستبەکاربوونی دەستەی نوێی سەرۆکایەتی ئەنجومەن، تا (٢٠١٦/٩/٣٠) شتێکی ئەوتۆ روویـنـەداوە هەتا بتوانرێت هەڵبسەنگێندرێت.

ماوەتەوە بڵێین جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیەش خاڵی نەبوو لە کۆسپو لەمپەر لەوانەش:

١. سەرەتا سەرۆکایەتی ئەنجومەن رێگربوو لە چاودێریکردنی کارەکانی ئەنجومەن، ئەوان پێیان وابوو کە تەنها پەرلەمانی کوردستان بۆی هەیە چاودێرییان بکات. بەڵام دواتر توانرا ئەم کێشەیە چارەسەربکرێت، بەشێوەیەک رادەی تێگەیشتنو هاوکاری

ئەنجومەن گەیشتە رادەیەکی دڵخۆشکەرو ئەنجومەن هەموو دەرگاکانی لەسەر ستافی پرۆژەکەمان کردەوەو بووینە دوو هاوکاری زۆرباش بۆ یەکدی.

٢. تێنەگەیشتنی هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن لە گرنگی رۆڵی نێوان رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو ئەنجومەندا، لەکاتێکدا ئیشی ئێمە تەنها ئەوەبوو ئەوەی لە چوارچێوەی بینای ئەنجومەندا دەگوزەرا بخەینە بەردەست ئەو دەنگدەرەی کە ئەندامانی ئەنجومەنەکەی هەڵبژاردونو متمانەی خۆی پێبەخشیون.

لەکۆتاییدا جێی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە ئەم پرۆژەیە لەلایەن گروپێکی چوار کەسی (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) کە پێکهاتبوون لە (ئاواز سەلیم عەبدوڵا/ بەڕێوەبەری رێکخراو، ئارام کەمال/ بەڕێوەبەری پرۆژە، دڵسۆز شەفیق/ رێکخەری پرۆژە، عومەر عەلی فارس/ ژمێریاری پرۆژە) جێبەجێکرا، ئەمە جگە لەدەستخۆشیمان بۆ بەڕێز (خالد عومەر — بەڕێوەبەری پێشووی پرۆژەکە کە بۆ ماوەی (٩) مانگ پرۆژەکەی بەڕێوەبرد).

رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان

بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

# بەشی یەکەم

## چالاکییەکانی پڕۆژەی
## (بەهێزکردنی ئەدای ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتیاندا)
## (٢٠١٥/١٠/١ – ٢٠١٦/٩/٣٠)

پرۆژەی (بەهێزکردنی ئەدای ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاوولاتیاندا) لەلایەن رێکخراوی (سندوقی نیشتمانی بۆ پشتگیری دیموکراسی) (NED)ی ئەمریکی پاڵپشتیکراوە ، لێرەدا بە پێویستی دەزانین تیشک بخەینە سەر هەندێک لە چالاکییەکانی پرۆژەکە، چونکە ئەم پرۆژەیە تەنها بەدواداچوونی لەخۆ نەگرتووە، بەڵکو چەندین چالاکی دیکەی لەخۆی گرتووە کەئەوانیش بریتین لە:

چالاکییەکان:

یەکەم/ ئەنجامدانی حەوت بەرنامەی رادیۆیی راستەوخۆ بۆ ئەندامانی ئەنجومەن، لەرادیۆی (نەوا)، ماوەی بەرنامەکە یەک کاتژمێر بوو لە سێ بەش پێکهاتبوو، بەشی یەکەمی تایبەتبوو بە ناساندنی ئەنجومەنو کارو تایبەتمەندی لیژنەکانی، لە بەشی دووەمدا لەگەڵ میوانێکی تایبەتمەند لەسەر پرسێک گفتوگۆ دەکرا، لە بەشی سێیەمدا لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە سەرنجو پرسیارو رەخنەی هاوولاتیان وردەگیرا.

هاوکات بەرنامەکە لە ماڵپەری رادیۆی نەواو ئەکاونتی رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک و ئەکاونتی رادیۆی نەوا بڵاودەکراوتەوە.

## خشتەی پێشکەشکردنی بەرنامە رادیۆییەکان

| ژ | بەروار | میوان | تەوەرە |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٥/٣/٨ | د.هەڤاڵ ئەبوبەکر/ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی. | ناساندنی ئەنجومەن و ئەرکی لیژنە تایبەتییەکانی. |
| ٢ | ٢٠١٥/١٢/٢٣ | سیوە حەمە خدر/ سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ و کۆچبەران. | رەوشی مافی مرۆڤ و ئاوارەکان لە پارێزگای سلێمانیدا. |
| ٣ | ٢٠١٥/١٢/٢٠ | رێکەوت زەکی/ ئەندامی لیژنەی سامانە سروشتییەکان. | خراپی رەوشی کارەبا و سووتەمەنی لە سنووری سلێمانیدا. |
| ٤ | ٢٠١٥/١٢/٢٧ | ماهادی مەحمود/ ئەندامی لیژنەی پەروەردە | رەوشی پەروەردە لە سنووری پارێزگای سلێمانی |
| ٥ | ٢٠١٦/١/٣ | ئەنوەر ئەکو/ سەرۆکی لیژنەی سکاڵا و بەدواداچوون | ئیدارەی گشتی و رۆتین لە دامەزراوەکانی سنووری سلێمانیدا |
| ٦ | ٢٠١٦/١/١٠ | د.فەرهاد تۆفیق حەمەدەمین/ سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ | رەوشی کشتوکاڵ لە پارێزگای سلێمانی و هەوڵەکانی ئەنجومەن بۆ بووژاندنەوەی |
| ٧ | ٢٠١٦/١/١٧ | ئاڵا محەمەد حەسەن/ ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان | بەشداری پارتی دیموکراتی کوردستان لە دامەزراوە کارگێڕییەکانی سنوورەکەو ئاستەنگەکانی بەردەمیان |

دووەم/ ئەنجامدانی (١٠) وۆرکشۆپ لەسەر چەند پرسێکی جیا بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، کەبریتین لە:

| ژ | وۆرکشۆپ | وانەبێژ | بەروار | شوێن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یاسا کارگێڕییەکانی عێراق. | د.کاوە قەرەداغی | ٢٠١٦/٣/٢٩ | هوتێل ڕامادا |
| ٢ | کارگێڕی و دەسەڵات | د.کاوە قەرەداغی | ٢٠١٦/٤/١٨ | ئەنجومەنی پارێزگا |
| ٣ | پەرەپێدانی سیاسی لەسەر دەستی پارێزگا | د.حسێن فەرەج | ٢٠١٦/٥/٣ | ئەنجومەنی پارێزگا |
| ٤ | ڕۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کەمکردنەوەی فەوزاییەتی هاتوچۆدا. | خالید عومەر | ٢٠١٦/٥/١٨ | ئەنجومەنی پارێزگا |
| ٥ | شێوازی کارکردنی ئەنجومەنەکان لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا. | هیوا عەبدوڵلا | ٢٠١٦/٥/٣٠ | سەنتەری ڕۆشنبیری بابان |
| ٦ | ڕۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی هاووڵاتییاندا. | ئارام کەماڵ | ٢٠١٦/٧/٢٤ | ئەنجومەنی پارێزگا |
| ٧ | هەماهەنگی نێوان ڕێکخراوەکان و ئەنجومەنی پارێزگا لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا. | ئارام کەماڵ | ٢٠١٦/٨/٣ | ئەنجومەنی پارێزگا |
| ٨ | ئاڵوگۆڕکردنەوەی ئەزموون لەپێناو کاریگەربوونتردا. | ساڵار فەتاح | ٢٠١٦/٩/٤ | ئەنجومەنی پارێزگا |
| ٩ | ئاسایشتی کارگێڕی. | د.مستەفا ڕەسوڵ حسێن | ٢٠١٦/٩/٢١ | هوتێل تایتانیک |
| ١٠ | ئاسایشتی کارگێڕی و ڕۆڵی لە بەرەوپێشبردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا. | د.مستەفا ڕەسوڵ حسێن | ٢٠١٦/٩/٢١ | هوتێل تایتانیک |

سێیەم/ ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی کراوە لە نێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانداو شەش ڕێکخراوی ناوەڕاستو باشوری عێراق:

بەروار: (٢٠١٦/١٠/٦)

شوێن: هۆتێل هایکرست

بەشداربووان لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

بەڕێز (مەهدی مەحمود) سکرتێری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

بەڕێز (دانا محەمەد جەزا) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

لیستی ڕێکخراوەبەشداربووەکان

| ژ | ناوی ڕێکخراو | پارێزگا |
|---|---|---|
| 1. | مركزتمكين للمشاركة والمساواة | الناصرية |
| 2. | المركز المدني للاصلاح القانوني الدستوري | بغداد |
| 3. | شبكة فعل العراقية | بابل |
| 4. | منظمة نشطاء العراقية المدنية | بغداد |
| 5. | معهد نيسان | بصرة |
| 6. | منظمة نشطاء العراقية المدنية | بصرة |

تەوەری گفتوگۆ:

١. ئەزموونی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

٢. رێگریەکانی بەردەم ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

٣. هەوڵەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ تێپەڕاندنی رێگریەکان.

٤. پەیوەندی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەولێرو دهۆک.

٥. دەستاودەستکردنی پۆستەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو کاریگەری لەسەر کارو پرۆژەکانی ئەنجومەن.

# بەشی دووەم

## پێکهاتەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## چەند زانیارییەکی گشتی لەسەر
## ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

خشتەی تایبەت بە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

**یەکەم / تەمەنی ئەندامانی ئەنجومەن:**

| ز | تەمەن | ژمارە |
|---|---|---|
| ١. | ١٩٥٠ - ١٩٥٩ | ١ ئەندام |
| ٢. | ١٩٦٠ - ١٩٦٩ | ٦ ئەندام |
| ٣. | ١٩٧٠ - ١٩٧٩ | ١٥ ئەندام |
| ٤. | ١٩٨٠ - ١٩٨٩ | ١٠ ئەندام |

**دووەم: ڕێژەی تەمەنی ئەندامانی ئەنجومەن:**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١. | ٥٢ ساڵ | ١٩٥٩ | ١ ئەندام |
| ٢. | ٢٢ ساڵ | ١٩٨٩ | ٣ ئەندام |

**سێیەم/ بڕوانامەی ئەندامانی ئەنجومەن:**

| ز | بڕوانامە | ژمارە |
|---|---|---|
| ١. | دکتۆرا | ٢ |
| ٢. | خوێندکاری دکتۆرا | ١ |
| ٣. | ماستەر | ١ |
| ٤. | بەکالۆریۆس | ١٧ |
| ٥. | دیپلۆم | ١١ |

## چوارەم/ کاری پێشتری ئەندامانی ئەنجومەن:

| ز | کاری پێشتری ئەندامانی ئەنجومەن | ژمارە |
|---|---|---|
| ١- | مامۆستا | ٨ |
| ٢- | کادری حیزبی | ٦ |
| ٣- | فەرمانبەر | ٥ |
| ٤- | مامۆستای زانکۆ | ٢ |
| ٥- | بەرێوەبەری بانک | ٢ |
| ٦- | سەرۆکی شارەوانی | ١ |
| ٧- | یاریدەدەری دادوەر | ١ |
| ٨- | ئەندازیار | ١ |
| ٩- | بەرێوەبەری کارگە | ١ |
| ١٠- | کەرتی تایبەت | ١ |
| ١١- | سەرۆکی خێزانی | ١ |
| ١٢- | راگەیاندکار | ١ |
| ١٣- | هیچ کارێکی نییە | ١ |

## پێنجەم/ پشکی ژنان لە ئەنجومەن:

ژنان لەئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا لەکۆی (٣٢) کورسی ئەنجومەن، (١٠) کورسی بەر ژنان کەوتووە، لە کۆی (١٧) لیژنەی هەمیشەیی ئەنجومەنیشدا ژنان بەم شێوەیە لەلیژنەکاندا ڕۆڵیان هەیە:

| ز | پۆست | ژمارەی ژنان |
|---|---|---|
| ١- | سەرۆکی لیژنە | ٥ |
| ٢- | جێگری سەرۆکی لیژنە | ٥ |
| ٣- | بڕیاردەری لیژنە | ٥ |

## شەشەم/ شوێنی نیشتەجێبوونی ئەندامانی ئەنجومەن:

| ز | ژمارەی ئەندام | شوێنی نیشتەجێبوون |
|---|---|---|
| ١- | ١٦ | ناوەندی سلێمانی |
| ٢- | ٢ | کەلار |
| ٣- | ٢ | هەڵەبجەی شەهید |
| ٤- | ٢ | قەڵادزێ |
| ٥- | ٢ | ڕانیە |
| ٦- | ٢ | پیرەمەگروون |
| ٧- | ١ | چەمچەماڵ |
| ٨- | ١ | حاجیاوا |
| ٩- | ١ | بازیان |
| ١٠ | ١ | سەیدصادق |
| ١١- | ١ | هەڵەبجەی تازە |
| ١٢- | ١ | هەولێر - سلێمانی |

**ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێکدێت لە:**

یەکەم: سەرۆکایەتی ئەنجومەن: **دەستەی سەرۆکایەتی** ئەنجومەن پێکدێت لە (سەرۆکی ئەنجومەن، جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، سکرتێری ئەنجومەن).

دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لەماوەی ساڵی رابـردوودا، بەهۆی دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتەوە، ئەم خولەی ئەنجومەن دوو دەستەی سەرۆکایەتی بەخۆوە بینی، کە بریتین لە:

* دەستەی سەرۆکایەتی یەکەم: ئەم دەستەیە لە دانیشتنی سێیەمیی کۆبوونەوەی یەکەمدا کە لە (٢٠١٥/٤/٧)دا پێکهێنرا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژ | ناوی سیانی | پۆست | لایەنی سیاسی |
|---|---|---|---|
| ١. | د. هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن | سەرۆك | بزوتنەوەی گۆڕان |
| ٢. | ئەکرەم شەریف محەمەد | جێگر | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٣. | مەهدی مەحمود محەمەد | سکرتێر | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |

* دەستەی سەرۆکایەتی دووەم: ئەم دەستەیە لە بیستو نۆیەمین کۆبوونەوەدا لە (٢٠١٦/٨/٢٥)دا پێکهێنرا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

| ژ | ناوی سیانی | پۆست | لایەنی سیاسی |
|---|---|---|---|
| ١. | ئازاد محەمەد ئەمین حەسەن | سەرۆک | یەکێتی نیشتمانی کوردستان |
| ٢. | دکتۆر تاهیر محەمەد | جێگر | بزوتنەوەی گۆڕان |
| ٣. | مەهدی مەحمود محەمەد | سکرتێر | یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان |

دووەم: فراکسیۆنەکانی ناو ئەنجومەن:

**فراکسیۆنەکانی ناو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە شەش فراکسیۆن پێکدێن ، کە بریتین لە:**

* فراکسیۆنی گۆڕان
* فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
* فراکسیۆنی خزمەت
* فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان
* فراکسیۆنی هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان
* فراکسیۆنی رافیدەین

- (٣٢) کورسیەکەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەم شێوەیە بەسەر فراکسیۆنەکاندا دابەشبووە:

| ژ | فراکسیۆن | ژمارەی کورسی |
| --- | --- | --- |
| ١. | فراکسیۆنی گۆڕان | ١٢ |
| ٢. | فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | ١١ |
| ٣. | فراکسیۆنی خزمەت | ٤ |
| ٤. | فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان | ٢ |
| ٥. | فراکسیۆنی هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان | ١ |
| ٦. | فراکسیۆنی رافیدەین | ١ |
| | کۆی گشتی | ٣٢ |

**تێبینی:** لێرەدا پێویستە ئاماژە بە سێ خاڵ بدەین، کەبریتین لە:

١. وەک جێبەجێکردنێک بۆ رێکەوتنی سیاسی نێوان (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)و (بزووتنەوەی گۆڕان)، هەردوو فراکسیۆنەکە بڕیاریاندا بە ناوی فراکسیۆنی (هیوا) پێکەوە وەک یەک فراکسیۆن لە ئەنجومەنی پارێزگادا کاربکەن، بەڵام هەتا کاتی نووسینی ئەم راپۆرتە، زیاتر وەک دوو فراکسیۆن کاردەکەن نەک وەک یەک فراکسیۆن.

٢. فراکسیۆنی خزمەت پێکدێت لە یەکگرتنی هەردوو فراکسیۆنی (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان)، کە هەریەکەیان خاوەنی دوو کورسی ناو ئەنجومەنن.

٣. لەدوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی بیستو نۆیەمینی

ئەنجومەن، کە تایبەتبوو بە ئاڵوگۆڕکردنی پۆستەکانی ئەنجومەنی پارێزگا لەنێوان هەردوو فراکسیۆنی گۆڕانو فراکسیۆنی یەکێتیدا، لەم کۆبوونەوەیەدا (د. هەڤاڵ ئەبوبەکر) وەک سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، داوای بەخشینی لە پۆستەکەی کرد، دواتریش بۆ پۆستی پارێزگاری سلێمانی هەڵبژێردرا، بەمشێوەیە وازی لە ئەندامێتی ئەنجومەن هێناو تائێستاش هیچ کەسێکی دیکە شوێنی ئەوی نەگرتۆتەوە، بەم شێوەیە هەتا کاتی نووسنی ئەم راپۆرتە فراکسیۆنی گۆڕان (١١) ئەندامی هەیە، بەمەش کۆی ئەندامانی ئەنجومەن بووەتە (٣١) ئەندام.

سێیەم: لیژنە هەمیشەییەکانی ناو ئەنجومەن:

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بە بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١٥)، لە کۆبوونەوەی چوارەمی خۆیدا لە بەرواری (٢٠١٥/٢/١٢) دا بڕیاریدا بە پێکهێنانی (١٧) لیژنەی هەمیشەیی، کەبریتین لە:

| ژ | لیژنە |
|---|---|
| ١. | لیژنەی کاروباری یاسایی |
| ٢. | لیژنەی تەندروستی و ژینگە |
| ٣. | لیژنەی پەروەردەو فێرکردن |
| ٤. | لیژنەی کارگێڕیو دارایی و ئابووری |
| ٥. | لیژنەی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو |
| ٦. | لیژنەی شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدو کەمئەندامانی سەنگەر |
| ٧. | لیژنەی سکاڵاو پەیوەندییەکان و دەستپاکی |
| ٨. | لیژنەی وەرزش و لاوان |
| ٩. | لیژنەی کاروباری ئاینی |
| ١٠. | لیژنەی پیشەسازی و وزە بازرگانی و سەرچاوە سروشتییەکان |
| ١١. | لیژنەی خزمەتگوزاری شارەوانی و هاتووچۆو گواستنەوەو گەیاندن |
| ١٢. | لیژنەی پارێزگاری (ئاسایش، پۆلیس، بەرگری شارستانی) |
| ١٣. | لیژنەی هونەری (پلان و پڕۆژەکان و ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان و گەشتوگوزار) |
| ١٤. | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی |
| ١٥. | لیژنەی رۆشنبیری و هونەر و راگەیاندن و پاراستنی ئاسەوار |
| ١٦. | لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ئافرەتان و رێکخراوە مەدەنییەکان |
| ١٧. | لیژنەی مافی مرۆڤ و کۆچ و کۆچبەران |

## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

| ژ | بەروار | رووداو |
|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/١١/٣ | ئەنجومەن یەکەم کۆبوونەوەی نائاسایی (لەماوەی یەک ساڵی ئەم پرۆسەیەدا) ئەنجامدا تایبەت بە مافو ئیمتیازاتی ئەندامانی ئەنجومەن. |
| ٢. | ٢٠١٥/١٢/٩ | سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەنجومەن، لەروونکردنەوەیەکیدا ، ئاماژەی بەوەدا کە هەندێک ئەندامی ئەنجومەن پارەیان لە کۆمپانیایەکی ئەهلی وەرگرتووە. |
| ٣. | ٢٠١٥/١٢/٢٩ | فراکسیۆنی یەکێتی روونکردنەوەیەکی سەبارەت بەوەی ئەندامانی فراکسیۆنەکەیان هیچ پارەیەکیان لە هیچ کۆمپانیایەک وەرنەگرتووە بڵاوکردەوە |
| ٤. | ٢٠١٦/١/٥ | حەوت ئەندامی ئەنجومەن سکاڵای یاساییان لەسەر چەند کەناڵێکی راگەیاندن و سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەنجومەن تۆمارکرد. |
| ٥. | ٢٠١٦/٢/٢٨ | سەرۆکی لیژنەی یاسایی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی سەبارەت بە کێشەکانی ناو ئەنجومەن و دەستوەردانی پارێزگای سلێمانی لەکاروباری ئەنجومەن ئەنجامدا. |
| ٦. | ٢٠١٦/٦/١٤ | بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی سوپاسنامەیەکی ئاراستەی ئەنجومەن کرد |

| | | |
|---|---|---|
| | | لەبەرامبەر هەوڵەکانی ئەنجومەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی پارێزگای سلێمانی. |
| ٧. | ٢٠١٦/٦/٢٩ | نووسینگەی جێگری سەرۆکی حکومەت وەڵامی دوو داواکاری ئەنجومەنی دایەوە (تەرخانکردنی داهاتی (٢٠%)ی داهاتی ئاو بۆ چاککردنەوە پەرەپێدانی هێڵی ئاوی (٤٧)ی سلێمانی – خەرجکردنی بودجەی پایتەختی رۆشنبیری). |
| ٨. | ٢٠١٦/٦/٢٠ | وەزارەتی ناوخۆ نووسراوێکی ئاراستەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کردو داوای هەڵوەشاندنەوەی (پێنسەر)ی ئەندامانی ئەنجومەن دەکات. |
| ٩. | ٢٠١٦/٨/٢٩ | لەرۆژێکدا سێ جار کۆبوونەوەی ئەنجومەن دواخرا. |
| ١٠. | ٢٠١٦/٨/٢٥ | پێنج ئەندامی فراکسیۆنی یەکێتی بڕیاری دەستلەکارکێشانەوەیاندا لە یەکێتی و لە فراکسیۆنی یەکێتی. |
| ١١. | ٢٠١٦/٩/٤ | پێنج ئەندامەکەی فراکسیۆنی یەکێتی بڕیاریاندا بگەڕێنەوە ناو ریزەکانی یەکێتی و فراکسیۆنی یەکێتی. |

# بەشی سێیەم

## کۆبوونەوەکانی
## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

لە ماوەی(١/١٠/٢٠١٥- ٣٠/٩/٢٠١٦)

*** بەپێی ماددەی (١٠) بڕگەی (یانزەهەم)ی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێویستە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی هەفتانە جارێک، لە ڕۆژی سێشەممەدا ئەنجامبدات.**

*** ژمارەی ئەو کۆبوونەوانەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە لە (٢٠١٤/٦/٢٤) دا کە یەکەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامدا تا کاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتە تەنها (٢٩) کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامداوە.**

*** لە ماوەی (٢٠١٥/١٠/١- ٢٠١٦/٩/٣٠) کە ئەو ماوەیە بەدواداچوونی ڕاپۆرتەکە لە خۆیدەگرێت، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تەنها (٩) کۆبوونەوەی ئەنجامداوە کە دەبوو بەپێی بڕگەی یانزەی ماددەی (١٠) ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنەکە، ئەنجومەن (٥٢) کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامبدایە، بەڵام بەداخەوە لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنەوە هەتا (کاتی نووسینی ئەم ڕاپۆرتە) تەنها (٢٩) کۆبوونەوە ئەنجامدراوە.**

کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

لە ماوەی (٢٠١٥/١٠/١- ٢٠١٦/٩/٣٠):

## کۆبوونەوەی ژمارە (٢١)

**رۆژ: سێشەممە**

بەروار: (٢٠١٥/١٠/٦)

کات: (١٠:٠٠ — ١٢:١٥)

ژمارەی ئامادەبووان: (٢٥) ئەندامی ئەنجومەن.

ئامادەنەبووان:

**تەوەری کۆبوونەوەکە:**

تەوەری یەکەم/ پێشنیازەکانی وەزارەتی دارایی‌و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی خەرجیەکان‌و زیادکردنی داهات.

تەوەری دووەم/ بەگەڕخستنی مادەی (٣٥) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)و پرۆژەی (رێسای دامەزراندنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان)ی وەزارەتی شارەوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیازی سڕکردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان درا تا ئەوکاتەی لەسەر بنەمای مادەی (٣٥) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) پێکدەهێنرێتەوە.

تەوەری سێهەم: دابینکردنی نەوتی سپی بۆ هاوولاتیانی سنوری پارێزگای سلێمانی‌و خستنەڕووی هەوڵو پێشنیازەکانی پارێزگای سلێمانی‌و پشتیوانی‌و پێشنیازەکانی ئەنجومەن لەم بارەیەوە.

**پوختەیەک لەسەر کۆبوونەوەکە:**

**سەبارەت بە تەوەری یەکەم، سەرۆکی ئەنجومەن، ئاماژەی بەم خاڵانە کرد:**

* چارەسەری بێ مووچەیی بکرێتو ئەم پرسە لەوە زیاتر سەرنەکێشێت بۆ بارودۆخی خراپتر.

* داوا لەحکومەتی هەرێم بکرێت لەم هەفتەیەدا کۆببێتەوە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

**سەبارەت بە تەوەری دووەم، سەرۆکی ئەنجومەن، ئاماژەی بەم خاڵانە کرد:**

* لە کۆبوونەوەکەدا داواکرا (ئەنجومەنی شارەوانییەکان) هەڵبوەشێنرێتەوە، پاشان دروستبکرێنەوە، چونکە دەیان شوناسی جۆری زەوییان گۆڕیوەو دەیان کێشە دروستبووە.

* کارەکانی ئەنجومەنی شارەوانیەکانی هەولێر، بەفەرمانێکی پارێزگاری هەولێر راگیراون، ئایا پارێزگار ئاماژە بەوە دەکات بۆ وەستاندنی ئەم ئەنجومەنە؟.... ئایا بەردەوامبنو دەستنەخەنە هەندێ دۆسیەوە... یان هەڵبوەشێنرێنەوە؟

**سەبارەت بە تەوەری سێیەم، سەرۆکی ئەنجومەن، ئاماژەی بەم خاڵانە کرد:**

* پارێزگاری سلێمانی داوای بۆچوونی ئەنجومەن دەکات، سەبارەت بەم پرسە (دابینکردنی نەوتی سپی بۆ هاوولاتیانی سنوری پارێزگای سلێمانی).(دەستکراوەیی بۆ پارێزگار، نرخی بەرمیلێک نەوت لە (٤٠,٠٠٠) دینار زیاتر نەبێت، کوالیتی نەوتەکە باش بێت).

پێش کردنەوەی دەرگـای موداخەلە بۆ ئەندامان، سەرۆکی ئەنجومەن ئاماژەی بەوەدا کە نابێت ئەندامی ئەنجومەن لە رێگەی (فەیسبووک)ەوە داوای کۆبوونەوەی نائاسایی بکات، بەڵکو ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوانە رێکاری یاسایی خۆیان هەیە.

**پرسیارو راو سەرنجی ئەندامانی ئەنجومەن:**

* ئەنجومەن گفتوگۆی پرۆژەیەک دەکات، کە پێشکەشی نەکراوە، بەڵکو دەبوایە لەگەڵ پارێزگار قسە بکرایە. (بۆچوونی سێ ئەندامی ئەنجومەن).

* نەوتی سلێمانی بەتالاّن دەبرێت، چونکە پارەکەی وەرناگیرێ.

* نابێت ئەنجومەن ئاگاداری داهاتی نەوت نەبێت؟ (چۆن دەردەهێنرێت؟ چۆن دەفرۆشرێت؟)

* ئەنجومەن گەر بەکۆی داهاتی پاریزگادا بچێتەوە، باشترەو دەشتوانێت بەشێک لە قەیرانەکان چارەسەر بکات.

* بێ هەڵوێستی ئەنجومەن، لەو برە نەوتەی رۆژانە دەڕوات.

* دەبێ ئەنجومەنی پارێزگا هەڵوێستی جدی هەبێت.

* حکومەت دەتوانێت لەرێگەی گەڕانەوەی بینا حکومیەکان، هەندێ قەیران چارەسەر بکات، زۆرێک لە بینا حکومییەکان لەلایەن حیزبە دەسەلاّتدارەکانە.

* دەبوایە مووچەی (بندیوار) بگێڕایەتەوە، چونکە پارەی وەرگرتووە بە بێکارکردن. نابێ لێیانخۆشبین.

* سەبارەت بەتەوەری نـەوت، گفتوگۆ لەگەڵ هەریەک لە (سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیـران)و (جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران) بکرێت.

لەم کۆبوونەوەیەدا هیچ بڕیارێک نەدرا.

## کۆبوونەوەی ژمارە (٢٢)

**رۆژ: سێشەممە**

بەروار: (٢٠١٥/١١/٣)

کات: (١٠:٢٠ — ١:٠٠)

ژمارەی ئامادەبووان: (٣١) ئەندامی ئەنجومەن.

ئامادەنەبووان: (ئەکرەم شەریف/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، مۆڵەت بوو بەهۆی پرسەوە)

**تەوەری کۆبوونەوەکە:**

کارنامەی کۆبوونەوەکە بریتیبووە لە گفتوگۆکردنو روونکردنەوەی ئەنجومەن، لەسەر ئەو سێ روونکردنەوەیەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی ناوخۆوە لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نێردراون.

تێبینی: ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە بەرواری (٢٠١٥/٨/٩)دا، نوسراوی ژمارە (٦٤٧)و لە بەرواری (٢٠١٥/٨/٢٤)دا نوسراوی ژمـارە (٧٤٤)، تایبەت بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی کردبوونو دواتریش ئەنجومەنی وەزیران لە (٢٠١٥/١٠/٤)داو (٢٠١٥/١٠/١٩) وەڵامی نوسراوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوەتەوە. بۆیە ئەم کۆبوونەوەیە تەرخانکرا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر وەڵامەکانی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی ناوخۆ.

**پوختەی کۆبوونەوەکە:**

سەرەتا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر خاڵ بەخاڵی نوسراوەکانی ئەنجومەنی وەزیران روونکردنەوەیدا. لەخوارەوە ئاماژە بەهەندێکیان دەکەین:

* سەرجەم بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بینا لەسەر یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن دەرکراون.

* تاکە جێگەیەک کە بەدوادچوونی هەیە لەسەر ئەنجومەن، پەرلەمانو داواکاری گشتییە،و داواکاری گشتیش پشتگیری بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کردووەو زیاد لەوەش داوای کردووە کە گشتاندنیان بۆ بکرێت لەسەر ئاستی کوردستان.

* لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی هەرێم فەرمانی هەرێمایەتی دەرکردووە بۆ دوو لەو بڕیارانەی کە پێویستی بەبڕیاری هەرێمایەتی هەبووە.

* ئەنجومەن بەپێی یاسا توانای بڕیاردانو دەرکردنی بڕیاری هەیە لە سنوری پارێزگادا.

* ئەنجومەنی وەزیران پێیان باشە، ئەو بڕیارانە وەک پێشنیار بخرێتە بەردەستیان، بەڵام لای ئەنجومەن بڕیارە چونکە بەدەنگدان یەکلایی بوونەتەوەو دەبنە بڕیار.

**پرسیارو راو سەرنجی ئەندامانی ئەنجومەن:**

* دەبوایە لیژنەی یاسایی ئەو رونکردنەوەیەی بدایە.

* داواکرا لە ئەنجومەنی پارێزگا، کاتێک هەر بڕیارێک

دەردەکات، دەبێت لیژنەی یاسایی ئاگاداربێت، یان لیژنەی یاسایی وەڵامی ئەنجومەنی وەزیران بداتەوە.

* هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن پێیان وابوو لەبری وەڵامدانەوەی ئەنجومەنی وەزیران، کۆبوونەوە بۆ بارودۆخی پشێوی سلێمانی بکرایە، چونکە هاووڵاتیان چاوەڕێی هەڵوێستی ئەنجومەن دەکەن.

* گومان دەکرێت وەڵامەکانی ئەنجومەنی وەزیران دوای دوو مانگ لە نوسراوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، باکگراوندێکی سیاسی هەبێت تا ئەنجومەنی پارێزگا بەم وەڵامانەوە سەرقاڵ بکات.

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەشدا هیچ بڕیارێک نەدرا.

## کۆبوونەوەی ژمارە (٢٣)

**رۆژ: سێشەممە**

بەروار: (٢٠١٥/١٢/٨)

کات: (١٠:٠٠ — ١٢:٣٠)

ژمارەی ئامادەبووان: (٢٩) ئەندامی ئەنجومەن.

ئامادەنەبووان: محەمەد عبدالوهاب عمر، مینا سامی مەحیەدین، ئەنوەر تاهیر محەمەد.

**تەوەری کۆبوونەوەکە:**

تەوەری یەکەم/ خستنەڕووی پلانی بەڕێوەبەرێتی گشتی کارەبای سلێمانی، بۆ دابینکردنو دابەشکردنی کارەبا لە سنوری پارێزگای سلێمانی، لەلایەن بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانییەوە.

پوختەی کۆبوونەوەکە:

سەرەتا (بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی)، پلانی خۆیان خستەڕوو سەبارەت بە توانای کارەباو چۆنیەتی سوود وەرگرتن لێی. سەرجەمی پرۆژەکە بریتیبوو لە دانانی جۆزەی (٢٠) ئەمپێری بۆ مالان.

(بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانی) روونکردنەوەی زۆریاندا لەسەر کێشەو گرفتەکانی کارەبا وەک (زیادەڕەوی زیاد لە پێویست، هاتنی ئاوارەی عەرەبو ئێزیدیو ئاوارەی کۆبانێ، ناهۆشیاری خەڵکی، دزینی کارەبا، زۆری کارەبای کارگەکان)...

**پرسیارو راو سەرنجی ئەندامانی ئەنجومەن:**

* نارەزایەتی هەندێ لەئەندامانی ئەنجومەن لە پڕۆژەی دانانی جۆزەی (٢٠) ئەمپێری.

* داهاتی کارەبا چی لێدێت؟ کارەبای کارگەکان زۆرە.

* ئالیەتی دانانی جۆزەی (٢٠) ئەمپێریە چۆنە؟ وێستگەی کارەبای (کانی شەیتان) بەکوێ گەیشت؟

دواتر بەڕێوەبەری گشتی کارەبا بەم شێوەیە وەڵامی ئەندامانی دایەوە:

* دانانی جـۆزەی (٢٠)ئەمپێری ناچارییە. سەبارەت بە کارەبای کارگەکان ئەوە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندایە، لە جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە (٣-٥) کاتژمێر کارەبا زیاد دەکات.

تـەوەری دووەم/ گەڵاڵەکردنی پڕۆژە بڕیارو پەیڕەو ڕێنمایی پێویست بە پێداویستیەکانی پارێزگای سلێمانیو ئەو ئامانجەی بۆ هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەندا دیاریکراون.

* گەڵاڵەکردنی پڕۆژە بڕیار لەمەودوا پێویستە لیژنەکان پڕۆژە بنوسنو داڕشتنەوەی یاسایی بۆ بکرێتو لە ئەنجومەن دەنگی لەسەر بدرێت.

کۆبوونەوەکە بەم شێوەیە کۆتاییهات.

## کۆبوونەوەی ژمارە (٢٤)

**ڕۆژ: سێشەممە**

بەروار: (٢٠١٥/١٢/٢٢)

کات: (١٠:٠٠ — ١٢:٣٠)

ژمارەی ئامادەبووان: (٢٥) ئەندامی ئەنجومەن.

ئامادەنەبووان:

**کارنامەی کۆبوونەوەکە:**

بریتیبووە لە گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتی سەرپشککردنی سەرۆکی فراکسیۆنەکان، بۆسەردانی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە پێداویستیو داواکاریەکانی ئەندامانی ئەنجومەن.

تێبینی/ یانزە ئەندامی ئەنجومەن داوایان لەسەرۆکایەتی ئەنجومەن کردووە، کە کۆبوونەوەکە داخراوبێت، لەم بارەیەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەن، بەپێی مادەی (١٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن کۆبوونەوەکان بەڕێوەدەبات.

**پوختەی کۆبوونەوەکە:**

[ئەگەرچی کۆبوونەوەکە داخراو بوو، بەڵام ستافی پڕۆژە توانیان لە چەند سەرچاوەیەکی ترەوە زانیاری لەسەر کۆبوونەوەکە کۆبکەنەوە]

سەرەتا سەرۆکی ئەنجومەن تیشکی خستەبووە سەر تەوەری کۆبوونەوەکەو دواتریش بڕگەی دووەمی کارنامەکەی خستبووە دەنگدانەوەو لە کۆی (٢٥) ئەندامی ئامادەبوو، (١٤) ئەندام

داوایانکردبوو کۆبوونەوەکە داخراوبێت.

پاشان سەرۆکی ئەنجومەن ئاماژەی بەم خاڵانەکردووە:

* سەرۆکایەتی ئەنجومەن هەوڵی جدی داوە بۆ دابینکردنی داخوازیەکانی ئەندامانی ئەنجومەن، لەئاستی سەرۆکی حکومەتو جێگری سەرۆکی حکومەت ئەم داخوازیانە خراونەتەڕوو.

* ئاماژەی بەوە کردووە کە نابێ نوێنەری دەزگای تەشریعی نوێنەرایەتی دەزگای جێبەجێکردن بکات.

* سەبارەت بە تەنسیبی ناو ئەنجومەن، ئاماژەدراوە هەر تەنسیبێک لە ئەنجومەنەوە نەکرێت، ئەنجومەن لێی بەرپرس نابێت.

پرسیارو راو سەرنجی هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن:

بەپێی ئەوزانیارایانەی دەست ئێمە کەوتووە، هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن بەم شێوەیە موداخەلەیان کردووە:

* هەموو ئەندامێکی ئەنجومەن مافی ئەوەی هەیە هەندێک ئیمتیازاتیان بۆ دابینبکرێت، نزیکەی نیوەی ئەم خولەی ئەنجومەن تەواو دەبێت، تائێستا هیچ ئیمتیازاتێک نییە، بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە لیژنەیەک سەرپشک بکرێت.

* سەبارەت بەداواکاریەکان، ئەنجومەن نووسراوێک بکاتو واژۆی هەر (٣٢) ئەندامەکەی ئەنجومەنی پێوەبێتو ئاڕاستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی بکات.

* بڕینی (٣٠٪) بچێتە ناویاساکەوەو ، ئایا ناکرێت ئەمە بۆ ئەندامانی ئەنجومەن چاوپۆشی لێبکرێت.

* ئەنجومەن بۆ هەڵوێستی نەبوو لەکاتێکدا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان خراپ مامەڵە لەگەڵ ئەنجومەندا دەکات؟

* ئایا ئەندامی ئەنجومەن هیچ سوودێک وەردەگرێت لەو سەڵاحیەتەی کە هەیەتی؟

* لەبەر ئەوەی بڕینی مووچە بۆ سەرجەم فەرمانبەرانە، ناکرێت ئێمە خۆمان جیا بکەینەوە.

* با لیژنەکە لەسەرجەم سەرۆک فراکسیۆنەکان بن.

* ئەوەی باسکرا مافی سروشتی ئەندامانی ئەنجومەو بۆیە سروشتییە کە ڕاگەیاندنەکان لێرە بوونایە، داخوازیەکان مافی خۆمانە.

لەکۆتاییدا سەرۆکی ئەنجومەن لەسەر موداخەلەکان بەم شێوەیە ڕوونکردنەوەیداوە:

* پرسی تەنسیب دەبێت لە ئەنجومەنی پارێزگاوە بکرێت.

* پێویستە هەرئەندامێکی ئەنجومەن نوێنەرایەتی دەزگای تەشریعی بکات، نەک دەزگای جێبەجێکردن، بەپێچەوانەوە ئەنجومەن پشتگیری ناکات لێی بەرپرسیش نابێت.

پاشان دروستکردنی لیژنەیەک بۆ داواکاریەکانی ئەندامانی ئەنجومەن خرایە دەنگدانەوەو (١٩) ئەندام دەنگیاندا بەدروستکردنی لیژنەکە.

لیژنەکەش لەم بەڕێزانە پێکهاتووە (ئەکرەم شەریف، مەهدی مەحمود، بەرزان ئەحمەد، مینا سامی، ئەنوەر تاهیر، فەرهاد تۆفیق)، پێویستە لیژنەکەش ئەم داواکاریانە بخاتە ڕوو: (ئۆتۆمۆبێل، نانخواردن، شۆفێروپاسەوان، بەنزین) هەروەها باسی مووچەی ئەندامانیش بکرێت کە ئەو برە زۆرە لێی دەبڕدرێت.

## کۆبوونەوەی ژمارە (٢٥)

**ڕۆژ: سێشەممە**

بەروار: (٢٠١٦/١/١٩)

کات: (١٠:٠٠ — ١٢:٠٠)

ژمارەی ئامادەبووان: (٣٠) ئەندامی ئەنجومەن.

ئامادەنەبووان: (دانا جەزا عەلی، هاوژین ئیسماعیل) مۆڵەتبوون.

**کارنامەی کۆبوونەوەکە:**

تەوەری یەکەم/ دەنگدان لەسەر پێشنیازی گۆڕینی ناوی ناحیەی (پێبان) لە قەزای کەلار لەئیدارەی گەرمیان بۆ (باوەنور).

تەوەری دووەم/ دەنگدان لەسەر کردنەوەی هۆبەی زانیاریپێدان لە هەموو یەکە کارگێڕییو دامودەزگا گشتیو تایبەتییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا. بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی (٢٠١٣).

تەوەری سێهەم/ دەنگدان لەسەر پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی تایبەت بەکەمکردنەوەی زیادەڕەوییو بەفیرۆچوونی کارەبای نیشتمانی لەسنوری پارێزگای سلێمانیدا.

تەوەری یەکەمی کۆبوونەوەکە، خرایە دەنگدانەوەو لە کۆی (٣٠) ئەندام، (٢٣) ئەندام دەنگی بۆ گۆڕینی ناوی ناحیەی (پێبان) لە قەزای کەلار لەئیدارەی گەرمیان بۆ (باوەنور).

**پرسیارو ڕاو سەرنجی ئەندامانی ئەنجومەن:**

* سەرۆکایەتی ئەنجومەن لە قۆناغی پێشودا سەرجەم بڕیارەکانی بەنایاسایی دەدا، بەڵام (چوار ئەندام داکۆکیان لە

بڕیارەکانی ئەنجومەن کرد).

* ئەنجومەن جگە لەوەی بڕیار دەردەکات، دەبێ بەدواداچوونیش بکات

* گۆڕینی ناوی ناوچەکان، تەکالیفی ماددی پێویستە.

تەوەری دووەم/ دەنگدان لەسەرر کردنەوەی هۆبەی زانیارییپێدان لە هەموو یەکە کارگێڕییو دامودەزگا گشتیو تایبەتییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا. بەمەبەستی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی (٢٠١٣) (یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان).

بەکۆی دەنگ بڕیاردرا بەکردنەی هۆبەی زانیارییپێدان لەسەرجەم دەزگاو بەڕێوەبەرایەتییەکاندا.

## کۆبوونەوەی ژمارە (٢٦)

**ڕۆژ: سێشەممە**

بەروار: (٢٠١٦/٤/١٢)

کات: (١٠:٠٠ —١٢:٣٠ )

ژمارەی ئامادەبووان: (٣٠) ئەندامی ئەنجومەن.

ئامادەنەبووان: (ئاڤان جەمال، محەمەد شێخ) مۆڵەتبوون.

**کارنامەی کۆبوونەوەکە:**

تەوەری یەکەم/دەنگدان لەسەرنووسراوی راسپاردنی دکتۆر (فێردینارد هینەر بجلەر) وەک رێگەپێدراوی ئەنجومەن بۆ دروستکردنی هەماهەنگی لە نێوان ئەنجومەنو یەکێتی ئەوروپادا، بۆ ئەم پرۆژانەی لە رەشنووسی نووسراوی رێپێدانەکەدا دیاریکراون.

تەوەری دووەم/ دیارییکردنی هەڵوێستی رەسمی ئەنجومەن لەسەر زیاد کردنیی سزادارایییەکانو رسوماتی تاپۆو سەرپێچییەکانی هاتووچۆ.

تەوەری سێهەم/ دیاریکردنی لیژنەیەکی تایبەت لە ئەنجومەن بەمەبەستی گەڵاڵەکردنی رەشنوسی هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

**تێبینی:**

ئەگەرچی تەوەری کۆبوونەوەکە (وەک لەسەرەوە خراوەتەڕوو)، پێشتر دیاریکرابوو، بەڵام لەم کۆبوونەوەیەدا بڕیاری ژمارە (٦)

ی ساڵی (٢٠١٦) دەرچووە، کە هیچ پەیوەندییەکی بە کارنامەی کۆبوونەوەکەوە نییە. کە تایبەتە بە مووچەو قەیرانی دارایـی، بەگشتی مووچەی کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانو کەمئەندامان.

بۆ ئەم مەبەستەش پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ پێداچوونەوەی مووچەی فەرمانبەران، خرایە دەنگدانەوەو بە کۆی دەنگی بڕیاری لەسەردرا.

**پرسیارو راو سەرنجی ئەندامانی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە تەوەری یەکەم/ ئەندامانی ئەنجومەن رای جیاوازیان هەبوو لەسەر ئەم تەوەرە

سەرەتا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا پرۆژەیەکی خوێندەوە بۆ دەنگدان لەسەری بەمەبەستی ئەوەی ئاراستەی (یەکێتی ئەوروپا) بکرێت.

ئەمەش رای جیاوازی ئەندامانی لێکەوتەوە، بەوەی کە (ئەم پرۆژەیە پێویستە کاتەکەی دیاری کراوبێتو بەپێی رێساو یاساکان بێت، ئەندامێکی ئەنجومەن ئاماژەی بەوە کرد کە ئاگاداری ئەو پرۆژەیەنو پێشتر پارێزگاری سلێمانی واژۆی لەسەر کردووە)

سەبارەت بەتەوەری دووەمی کارنامەکەش، پاش گفتوگۆکردن ئەندامانی ئەنجومەن راوبۆچوونی جیاوازیان هەبوو، لەوانەش: (ئەنجومەن توانای پێشکەشکردنی پرۆژە بڕیاری نییە، ئەم کارەی ئەنجومەن نایاساییە و دەبێت پەرلەمان بەم کارە هەستێت، بەڵام ئەندامێکی تر بەپێچەوانەوە پێی وابوو ئەمە کاری ئەنجومەنەو دەبێ ئەنجومەن هەڵەکان دیاری بکاتو ئەم یاسایە رەتبکاتەوە، ئەندامێکی تری ئەنجومەن ئاماژەی بەوەداکە ئەگەر ئەنجومەن

ناتوانێیت ئەم یاسایە رەفزبکات، ئیترچ پێویستی بەوەیە ئەنجومەن خۆی لەگەڵدا ماندوو بکات

دواتر سەرۆکی ئەنجومەن ئاماژەی بەچەند خاڵێک کرد، لەوانەش:

١. پێویستە باس لە رێوشوێنی کارگێری‌و یاسایی بکەینەوە، ئەگەر ئەم یاسایە رەتبکەنەوە ئەوە تەنها هەڵوێستێکی سیاسیە.

٢. ئەم یاسایە پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

٣. دەبێت داواکاری گشتی بێتە سەرخەت.

٤. لە ئەنجومەنی پارێزگا، ئیداری‌و یاسایی کاردەکرێت نەک سیاسی.

سەبارەت بە تەوەرەی سێهەم/ بڕیاردرا بە پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن.

## کۆبوونەوەی ژمارە (٢٧)

**ڕۆژ: سێشەممە**

بەروار: (٢٠١٦/٤/٢٦)

کات: (١٠:٠٠ —١٢:٣٠ )

ژمارەی ئامادەبووان: (٢٦) ئەندامی ئەنجومەن.

ئامادەنەبووان: (ئاڤان جەمال، بەناز حەمە رەشید، رزگار حەمە نوری، سەلمە فاتح، نیاز ئەحمەد، هۆشیار ئیسماعیل) مۆڵەتبوون.

**کارنامەی کۆبوونەوەکە:**

کۆبونەوەکە تایبەت بووە بە میواندارێکردنی بەڕێز بەڕێوەبەری شارەوانیەکانی سلێمانی، بەمەبەستی روونکردنەوەی گرفتە سەرەکیەکانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیەکان لە کوردستانو لە پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی، کەخۆی داوای کردبوو بێتە بەردەم ئەندامانی ئەنجومەن، وەک لە وتەکەیدا ئاماژەی پێکرد: ( پاش تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر دەستبەکاربوونمدا وەک بەڕێوەبەرەی شارەوانیەکانی سلێمانی، حەزم کردووە بێمە بەردەم ئەنجومەن بۆ روونکردنەوەی کارو گرفتەکان).

پاش خوێندنەوەی راپۆرتێک لەسەر کارەکانیان و کێشەو گرفتە سەرەکییەکان، دەرگا بۆ ئەندامانی ئەنجومەن کرایەوە بۆ گفتوگۆو دەربڕینی راوسەرنجی خۆیان لەسەر راپۆرتەکە، ئەمەی خوارەوەش هەندێکن لە راوسەرنج و پرسیاری ئەندامانی ئەنجومەن:

(زۆری زیادەڕەویەکان، دیارنەمانی داهاتی سندوقی ژینگە، بۆچی داهات لەماوەی پێنج مانگدا کەمی کرد؟ بۆچی لەشاری

سلێمانی داهاتێکی زۆر تەخشانو پەخشان کــراوە؟ داهـات کەمیکردووە لەبەرامبەردا خەرجی زیادیکردووە؟ بۆچی موساتەحە راناگەیەندرێت؟ ....هتد)، دواتر بەڕێوەبەرەی شارەوانیەکانی سلێمانی وەڵامی ئەندامانی دایەو لە کۆتاییشدا سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا ئاماژەی بەم خاڵانە کرد:

١. سەرۆک فراکسیۆنەکان بەهەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتی ئەنجومەندا، دەیانەوێت هەنگاوێک بنێن بۆ خزمەتکردن، لیژنەیەک دروست بکەن بۆ بەدواداچوونی ئیمتیازاتی ئەندامانی ئەنجومەن.

٢. لیژنەیەکی پێنج کەسی دیاریکراوە، بۆ وەرگرتنی هەموو ئەو پێشنیارانەی کە بەباش دەزانرێت لە هەمواركردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەندا، پاشان لە ئەنجومەن دەنگی لەسەر بدرێت.

٣. وەک سەرۆکی ئەنجومەن نوسراو کراوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بەمووچەی ئەندامانی ئەنجومەن.

کۆبوونەوەکە بەبێ دەرکردنی بڕیار کۆتاییهات.

## کۆبوونەوەی ژمارە (٢٨)

**ڕۆژ: سێشەممە**

بەروار: (٢٠١٦/٥/٣١)

کات: (١٠:٠٠ —١٢:٣٠ )

ژمارەی ئامادەبووان: (٣٢) ئەندامی ئەنجومەن.

ئامادەنەبووان: –

**کارنامەی کۆبوونەوەکە:**

تەوەری یەکەم/ دەنگدان لەسەر ئەم پرۆژە یاسایانە:-

١. بڕیاری ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٦) تایبەت بە تەرخانکردنی (٢٠٠) پارچە زەوی بۆ دانیشتوانی گوندی (قولەرەیسی سەروو).

٢. بڕیاری ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١٦) تایبەت بە گۆڕینی ڕاسپاردەی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠١٦)ی ئەنجومەن لە بارەی کەمکردنەوەی زیادەڕەوییو بەفیرۆچوونی کارەبای نیشتمانی بۆ (بڕیار)، بەهەمان ناوەڕۆکی خۆیەوە.

٣. بڕیاری ژمارە (٩)ی ساڵی (٢٠١٦) تایبەت بە گۆڕینی ناوی ناحیەی (وارماوا) بۆ (زەڕایەن).

تەوەری دووەم/ دیاریکردنی هەڵوێستو شێوازی کارکردنی ئەنجومەن لەسەر:-

١. بودجەی پایتەختی ڕۆشنبیری کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ڕاگیراوە.

٢. کۆمەکی تەرخانکراو بۆ سلێمانی لەلایەن کۆمپانیای (گازپرۆم)ەوە، کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە

راگیراوە.

٣. بودجەی تایبەت بە بلوارەکانی سلێمانی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە راگیراوە.

٤. کێشەکانی ئاوی سلێمانی بە هەردوو هێڵی (١و٢)ەوە.

٥. کێشەکانی نەخۆشخانەی سۆز.

٦. کێشەی خانووە بێ تاپۆکان لەسنوری پارێزگای سلێمانیدا.

سەبارەت بە بڕگەکانی (١،٢،٣) ئەندامانی ئەنجومەن راوسەرنجی خۆیان خستەڕوو، بە دەنگی زۆرینەی ئەندامان بڕیاری لەسەر درا.

سەبارەت بە تەوەری دووەم/

١. سەبارەت بە بڕگەی راگرتنی بودجەی پایتەختی رۆشنبیری لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

سەرۆکی ئەنجومەن ئاماژەی بەوە کرد (بیست ملیار) دینار تەرنخانکراوە بۆ پرۆژەی رۆشنبیری لە سلێمانی، بەڵام پرۆژەکان راگیراونو پارەکە بەنەختینەیی ماوەتەوە (پانزە ملیار) دینارە لە بانکی هەرێم لە سلێمانی

٢. سەرۆکی لیژنەی (رۆشنبیری هونەر) بەدرێژی باسی لەو پرۆژەیە کرد، ئاماژەی بەوەدا کە کێشەی سەرەکی لە (وەزارەتی داراییی)دایە ئەو بڕ پارەیەی راگرتووە، لەکاتێکدا دەبوایە بە یەک گوژمە ئەو پارەیە خەربکرایە، بڕی (١٥, ٣٠٣, ٣٢٣, ٥١) دینار لە بانکدا ماوەتەوە.

دواتریش ئەندامانی ئەنجومەن راو سەرنجو پرسیاری خۆیان خستەڕوو، لەوانەش (پێویستە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هەڵوێستی جدی هەبێت لەسەر ئەم پرسە، چونکە سلێمانی پایتەختی

رۆشنبیرییە، هەربڕیارێک ئەنجومەن دەری بکات جێبەجێناکرێت، با ئەم بڕیارەش نەبێت بە حاڵی هەندێک لە بڕیارەکان، بریکاری وەزیری دارایی رێگرە لە خەرجکردنی ئەو برە پارەیە، ئەم برە پارەیە لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە هاتووە بۆ خەرجنەکراوە؟ دەبێت داوای روونکردنەوە لە بۆردی ئەم پرۆژەیە بکرێت کە بۆچی ئەم برە پارەیە تائێستا خەرجنەکراوە؟)

- دیاریکردنی هەڵوێستو شێوازی کارکردنی ئەنجومەن لەسەر:-

کۆمەکی تەرخانکراو بۆ سلێمانی لەلایەن کۆمپانیای (گازپرۆم) ەوە، کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە راگیراوە، ئاماژە بەوەدرا کە بڕیارە ئەم کۆمپانیایە (٨٠,٠٠٠,٠٠٠) هەشتا ملیۆن دۆلار بخاتە سەر حسابی پارێزگای سلێمانی، پاشان ئەندامانی ئەنجومەن راوسەرنجی خۆیان خستەڕوو لەوانەش:

١. پێویستە هەریەکە لە کونسوڵگەری (روسیا)و وەزارەتی (سامانە سروشتییەکان) لەم پرسە ئاگادار بکرێنەوە.

٢. قسەکردن لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران.

٣. دەبێ بزانرێت ئایا ئەو شیرینیە تایبەتە بە سلێمانی؟

٤. هیچ بەڵگەیەک لەبەر دەستدا نییە لەسەر ئەم پرسە.

* راگرتنی بودجەی تایبەت بەبلوارەکانی سلێمانی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کە بریتییە لە بڕی (یەک ملیارو هەشت سەد ملیۆن)دینار، ئاماژە بەوەدرا ئەم پرسە پەیوەستە بە شارەوانییەوە.

* سەبارەت بە کێشەکانی ئاوی سلێمانی بە هەردوو هێڵی (١و٢)، پارێزگای سلێمانی بڕی (دوو ملیار) دیناری بۆ ئەم

پرسە تەرخانکردووەو رێژەی (٤٠٪)ی داهاتی ئاو بگەڕێتەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی ئاوی سلێمانی.

داواکرا قسەکردن لەسەر ئەم پرسە بخرێتە کۆبوونەوەیەکی تری تایبەت بەم پرسە.

پاشان سەرۆکی (لیژنەی خزمەتگوزاریو شارەوانی) راپۆرتێکی لەسەر ئەم پرسە پێشکەشکرد.

* سەبارەت بەکێشەکانی نەخۆشخانەی (سۆز)ی دەروونی، سەرۆکی لیژنەی (کۆمەلایەتی) راپۆرتێکی لەو بارەیەوە پێشکەشکرد.

لەکۆتاییدا بۆ چارەسەری ئەم کێشانە، ئەم رێگایانە بگیرێنە بەر:

یەکەم/ نوسراوی فەرمی ئاڕاستەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێت.

دووەم/ دروستکردنی لیژنەی تایبەت لە سەرۆکایەتیو ئەندامانی ئەنجومەنو لیژنە پەیوەندیدارەکان بۆ سەردانیکردنی حکومەتی هەرێم.

سێهەم/ پەنا بردنە بەردەم دادگاو راگەیاندن.

## کۆبوونەوەی ژمارە (٢٩)

**ڕۆژ: یەک شەممە**

بەروار: (٢٠١٦/٨/٢١)

کات: ( - )

ژمارەی ئامادەبووان: (٢٩) ئەندامی ئەنجومەن.

ئامادەنەبووان: ( نیاز ئەحمەد –مۆڵەتبوو- دەرەوەی وڵات- ، سەباح فەتاح – مۆڵەتبوو بەهۆی پرسەوە، محەمەد عبدالوهاب – مۆڵەتبوو- دەرەوەی وڵات)

**کارنامەی کۆبوونەوەکە:**

تەوەری کۆبوونەوە بریتیبوو لە: دەنگدان لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی پۆستەکانی حکومەتی خۆجێییو ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پشتبەست بەبڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٤)ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

کۆبوونەوەکە بڕیاربووکاتژمێر (١٠:٠٠)ی سەرلەبەیانی ئەنجامبدرێت، بەڵام دواخرا بۆ کاتژمێر (٤:٠٠)ی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ و دواتریش دواخرا بۆ کاتژمێر (٦:٠٠) ی سەر لە ئێوارە.

بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوان ئەندامانی ئەنجومەنەوە لەسەر دەنگدان لەسەردەستلەکارکێشانەوەی (پارێزگاری سلێمانی)، لیستی یەکێتی داوایان دەکرد کە دەنگدان دەبێ بە (٢/٣)ی ئەندامان بێتو لیستی گۆڕانیش پێداگربوون لەسەرئەوەی دەبێت بە یاسای (٥٠+١) بێت، پاش ئەوەی هەردوو لیست پەیوەندیان کرد بە حزبەکانانەوە کۆبوونەوەکە دواخرا بۆ ڕۆژی (پێنج شەممە) بەرواری (٢٠١٦/٨/٢٥).

## کۆبوونەوەی ژمارە (٢٩)

**رۆژ: یەک شەممە**

بەروار: (٢٠١٦/٨/٢٥)

کات: (١٠:٠٠ — ١٢:٣٠ )

ژمارەی ئامادەبووان: (٣١) ئەندامی ئەنجومەن.

ئامادەنەبووان: ( نیاز ئەحمەد —مۆڵەتبوو- دەرەوەی وڵات)

**کارنامەی کۆبوونەوەکە:**

تەوەری کۆبوونەوە بریتیبوو لە دەنگدان لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی پۆستەکانی حکومەتی خۆجێیی‌و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، پشتبەست بەبڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٤)ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

**کۆبوونەوە بریتیبوو لە دەنگدان لەسەر:**

١. دەنگدان لەسەر بەخشینی (د. ئاسۆ فەرەیدون) پارێزگاری سلێمانی.

٢. دەنگدان لەسەر دانانی پارێزگاری نوێی سلێمانی.

٣. دەنگدان لەسەر دانانی سەرۆکی نوێی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

٤. دەنگدان لەسەر دانانی جێگری نوێی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

ئەم کۆبوونەوەیە یەکێک بوو لە کۆبوونەوە زۆر گرنگو چاوەڕوانکراوەکە، راگەیاندن روماڵێکی فراوانی کۆبوونەوەکەی کرد کەپێشتر بۆ هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەن بەو شێوەیە رووماڵی کۆبوونەوەکان نەکراوە.

یەکەم/ سەبارەت بە بڕگەی یەکەم لە کۆی (٣١) ئەندام، (٢٣) ئەندام بەخشینی پارێزگاری سلێمانیان پەسەند کرد.

دووەم/ سەبارەت بە دەنگدان لەسەر دانانی پارێزگاری نوێی سلێمانی، گفتوگۆی توند لە نێوان هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەنو سەرۆکی ئەنجومەندا روویاندا، تا کار گەیشتە ئەوەی سەرۆکی ئەنجومەن ئاماژەی بەوەدا، بەهچ شێوەیەک موداخەلەی ئەندامانی لیستی گۆڕانو یەکێتی وەرناگرێت، چونکە دوێنێ (واتە رۆژی چوارشەممە ٢٠١٦/٨/٢٤) لەمەکتەبی سیاسی وتوویەتی کێ تێبنی هەیە ئێستا قسە بکات سبەینێ لە کۆبوونەوەکە بەهیچ شێوەیەک موداخەلەی ئەندامانی لیستی گۆڕانو یەکێتی وەرناگرێت).

سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەنجومەن داوای لە سەرۆکی ئەنجومەن کرد، دەبێت سەرەتا سەرۆکی ئەنجومەن لەکاربخرێتو ببێتەوە ئەندامی ئەنجومەن دواتر خۆی کاندید بکات.

کۆبوونەوەکە لە کاتی بەخشینی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن گرژیەکی زۆری بەخۆوە بینی، چونکە جێگری سەرۆکی ئەنجومەن ئاماژەی بەوەدا کە ئەم بڕگەیە تەواو نایاساییە، چونکە داوای بەخشینی نەکردووە، بەڵام سەرۆکی ئەنجومەن لەوەڵامدا وتی ئەوەیان لەگەڵ حیزبەکەی خۆت باس بکە، دواتریش هەریەکە لە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنو سەرۆکی لیژنەی یاساییو سەرۆکی لیژنەی خزمەتگوزاریو شارەوانی و سەرۆکی لیژنەی رۆشنبیریو هونەر) هۆڵی کۆبوونەوەکەیان بەجێهێشتو چوونە دەرەوە.

پاشان هەریەکە لە (ئازاد محەمەد ئەمین) وەک سەرۆکی نوێی ئەنجومەن دەنگی (٢٢) ئەندامی ئەنجومەنی بەدەستهێنا، هەروەها

(ئەنوەر تاهیر محەمەد) وەک جێگری نوێی سەرۆکی ئەنجومەن دەنگی (٢٤) ئەندامی ئەنجومەنی بەدەستهێنا، دواتریش ئەو چوار ئەندامەی هۆڵی کۆبوونەوەکەیان جێهێشت، کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیان بەستو دەستلەکارکێشانەوەی خۆیان لە یەکێتی نیشتمانیو فراکیسۆنی یەکێتی لە ئەنجومەنی پارێزگادا راگەیاندو بڕیاریاندا وەک لیستێکی سەربەخۆ لەئەنجومەنی پارێزگادا درێژە بەکارەکانیان بدەن.

# بەشی چوارەم

## بڕیارەکانی
## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
## (٢٠١٥/١٠/١) بۆ (٢٠١٦/٩/٣٠)

بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
(٢٠١٥/١٠/١ بۆ ٢٠١٦/٩/٣٠)

**سەرچاوەی ئەم بڕیارو راسپاردانە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) یە، بەڵام ئەنجومەن لەسەر بڕیاری هەرسێ کۆبوونەوەی (٢١، ٢٢، ٢٣) بڵاونەکردۆتەوە، بۆیە ئێمە لێرەدا ئاماژەمان پێنەداون، (بۆ زانیاری لە بارەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان، خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ بەشی کۆبوونەوەکان)**

یەکەم/ بڕیارەکانی ئەنجومەن لە نێوان مانگی (١٠-١١-١٢) ی ساڵی (٢١٠٥):

*** بڕیارەکانی بیست و یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەن لە (٢٠١٥/١٠/٦)دا:**

**کۆبوونەکە تایبەت بووە بە گفتوگۆکردنی پێشنیازەکانی وەزارەتی دارایی‌و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی خەرجیەکان‌و زیادکردنی داهات.**

**بەگەڕخستنی مادەی (٣٥) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)و پڕۆژەی (رێسای دامەزراندنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان)ی وەزارەتی شارەوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیازی سڕکردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان تا ئەوکاتەی لەسەر بنەمای مادەی (٣٥) لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) پێکدەهێنرێتەوە.**

**دابینکردنی نەوتی سپی بۆ هاووڵاتیانی سنوری پارێزگای**

**سلێمانیو خستنەڕووی هەوڵو پێشنیازەکانی پارێزگای سلێمانیو پشتیوانیو پێشنیازەکانی ئەنجومەن لەم بارەیەوە.**

**لەم کۆبوونەوەیەدا هیچ راسپاردەو بڕیارێک دەرنەچووە**

* بڕیارەکانی بیست و دووەمین کۆبوونەوەی
ئەنجومەن لە (٢٠١٥/١١/٣)دا:

**لەبەر ئەوەی کارنامەی کۆبوونەوەکە بریتی بووە لە گفتوگۆکردنو ڕوونکردنەوەی ئەنجومەن، لەسەر ئەو سێ ڕوونکردنەوەیەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی ناوخۆوە لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی نێردراون.**

**لەم کۆبوونەوەیەدا هیچ راسپاردەو بڕیارێک دەرنەکراوە، بەڵکو وەڵامی نوسراوەکەی سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانو وەزارەتی ناوخۆ، دراوەتەوە.**

* بڕیارەکانی بیست و سێهەمین
کۆبوونەوەی ئەنجومەن لە (٢٠١٥/١٢/٨)دا:

**کۆبوونەوەکە تایبەت بووە بە:**

**※ خستنەڕووی پلانی بەڕێوەبەرێتی گشتی کارەبای سلێمانی، لەلایەن بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی کارەبای سلێمانییەوە.**

**※ گەڵاڵەکردنی پڕۆژە بڕیارو پێڕەوو ڕێنمایی پێویست بە پێداویستیەکانی پارێزگای سلێمانیو ئەو ئامانجەی بۆ هەر لیژنەیەکی هەمیشەیی لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەندا دیاریکراون.**

**لەم کۆبوونەوەیەدا هیچ راسپاردەو بڕیارێک دەرنەکراوە.**

* بڕیارەکانی بیست و چوارەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەن لە ( ٢٢/ ٢٠١٥/١٢)دا:

**ئەم کۆبوونەوە یە تایبەت بوو بە(گفتوگۆکردن لەسەر چۆنییەتی سەرپشککردنی سەرۆکی فراکسیۆنەکان بۆ سەردانی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە پێداویستی و داواکارییەکانی ئەندامانی ئەنجومەن) و یانزە ئەندامی ئەنجومەن داوایان کردووە کە کۆبوونەوەکە بە داخراوەیی ئەنجامبدرێت، بۆ ئەم مەبەستەش داواکراوە لیژنەیەک پێکبهێنرێت لەکۆی (٢٥) ئەندامی ئامادەبوو، (١٤) ئەندام دەنگی بە دروستکردنی لیژنەکەداوە. پێویست کراوە لەسەر لیژنەکە ئەم داواکاریانە بخاتەڕوو:**

**١. باسی ئۆتۆمبێل**

**٢. شۆفێرو پاسەوان.**

**هەروەها لەکۆبوونەوەکەدا جەختکراوەتەوە لەسەر ئەوەی مووچەی ئەندامانی ئەنجومەنی وەک خۆی بمێنێتەوەو هیچی لێ پاشەکەوت نەکرێت.**

دووەم/ بڕیارەکانی ئەنجومەن
لە نێوان (مانگی ١ بۆ مانگی ٩) ی ساڵی (٢٠١٦):

بڕیارەکانی بیست و پێنجەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەن لە (٢٠١٦/١/١٩)دا:

* بڕیاری ژمارە (١) ی ساڵی( ٢٠١٦)

**١. ڕەزامەندبوون لەسەر پێشنیازی گۆڕینی ناوی ناحیەی (پێبان) لە قەزای کەلار، ئیدارەی گەرمیان بۆ (باوەنور).**

**٢. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەمەبەستی تەواوکردنی ڕێکارە یاساییەکان بەپێی خاڵی (٣) لەماددەی (بیستو شەشەم)ی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٩:**

**ڕاسپاردەی تایبەت بە کەمکردنەوەی زیادەڕەویی و بەفیرۆچوونی کارەبای نیشتمانی. ئەم راسپاردانەی پێشکەش بەلایەن پەیوەندیدرەکان دەکات، بەمەبەستی جێبەجێکردنیان، دواتریش لەکۆبوونەوەی ژمارە (٢٨)ی ئەنجومەندا بە (بڕیاری ژمارە (٨) ی ساڵی ٢٠١٦)، ئەم راسپاردانە گۆڕان بۆ بڕیار.**

**١. پێوەری کارەبا بۆ هەر شوێنکێک دابنرێت کەکارەبای نیشتمانی هەیەو پێوەری نییە، و وەک هاوبەشی نوێ تۆمار بکرێت.**

**٢. بەپێی یاسا سزای هەرکەس و شوێنێک بدرێت کەلە دەرەوەی ئەم بڕیارو ڕێنماییو راسپاردانە و بێ پێوەری کارەبا ، کارەبا بەکاردێنێت.**

* بڕیاری ژمارە (٢) ی ساڵی ( ٢٠١٦)

**١. کردنەوەی هۆبەی زانیاریپێدان لە هەموو یەکە کارگێڕییەکانو دامودەزگاگشتیو تایبەتییەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا، (بە پارێزگای هەڵەبجەو هەردوو ئیدارەی راپەڕین و گەرمیانیشەوە).**

**٢. ئەم بڕیارە لە دوای (١٥) رۆژلە رۆژی دەرچوونیەوە لەلایەن سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکانەوە لەسەر بنەمای ماددەو بڕگەکانی یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٣)، (یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان) جێبەجێدەکرێت.**

بڕیارەکانی بیست و شەشەمین کۆبوونەوەی

ئەنجومەن لە (٢٠١٦/٤/١٢)دا:

* بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ( ٢٠١٦)

**یەکەم: راسپاردنی (دکتۆر فێردینارد هینەر بچلەر)، وەک رێگەپێدراو و نوێنەری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هەموو دامەزراوەکانی یەکێتی ئەوروپادا، وەک لەنوسراوی رێگەپێدانی هاوپێچی ئەم بڕیارەدا هاتووە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی رەزامەندی و کۆمەکی شیاو بۆ ئەم پرۆژەیە:**

**١. دامەزراندنی فەرمانگایەکی فێرکاری تایبەت بە پیشەوەران.**

**٢. دامەزراندنی کارگەیەکی تایبەت بەدەربازبوون لەخۆڵوخاشاک بەشێوەیەکی سەردەمیانە.**

**٣. بنیاتنانو راکێشانی تۆڕی بۆری ئاو بۆ هەموو شاری سلێمانی و دامەزراندنی سیستمی گەرمکردنەوە بەغاز.**

**دووەم: ئەرکی (هینەر بچلەر) ڕێکخستنو دروستکردنی هەماهەنگیو ئاسانکاری دەبێت بۆ گفتوگۆکانی نێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و دامەزراوەکانی یەکێتی ئەوروپا، دەسەڵاتی بڕیاردانی کۆتایی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.**

* بڕیاری ژمارە (٤) ی ساڵی ( ٢٠١٦)

**١. ڕەتکردنەوەی زیادکردنی سزادارایییەکانو باجو رسوماتو دانانی بابەتی نوێ بۆ لیستی سزاکان، لەگەڵ سێکتەرە جیاجیاکاندا، چونکە بەم شێوەیەی ئێستا پێچەوانەی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێمی کوردستانەو لەگەڵ باری دارایی و بەرژەوەندی گشتیدا ناگونجێن.**

**٢. داوا لەلایەنە پەیوەندیدارەکان بکرێت لەسەر بنەمای داهاتی تاک ، پێوەرو بنەمای نوێ لەم ڕووەوە پشت بەست بەیاسا دابڕێژرێنەوە.**

**٣. پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەیەک بۆ زیادکردنی سەرچاوەکانی داهات و سەرچاوە داراییەکانی تر بەپێی بڕگەی شەشەم لەماددەی (شەشەم)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)و پێشکەشکردنی بە پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی وەزیران.**

**٤. داوا لەفەرمانگەی داواکاری گشتی لەسلێمانی بکرێت تا لەڕووی یاساییو پاراستنی بەرژەوەندییە گشتییەکانو بژێوی خەڵکەوە کار لەسەر بڕیارو ڕێنماییەکانی زیاددکردنی سزادارایییەکانو باجو رسومات بکرێتو ڕێکاری یاسای بگیرێتەبەر.**

* بڕیاری ژمارە (٥) ی ساڵی ( ٢٠١٦)

**١. ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بڕیاریدابە هەمواركردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.**

* بڕیاری ژمارە (٦) ی ساڵی ٢٠١٦

**١. جەختكردنەوە لەسەر جێبەجێكردنی ئەو بنەماو بەڵێنانەی حكومەت بە مووچەخۆرانی داوە، بەدابەشكردنی موچەی مانگانە لە كاتی خۆیدا.**

**٢. موچەی كەسوكاری شەهیدان و ئەنفالكراوانو خاوەن پێداویستییە تایبەتەكانو كەمئەندامانی سەنگەر، لەهیچ بارودۆخێكدا دوانەخرێت.**

**٣. ژمارەی حسابی بانكی بۆ هەموو مووچەخۆرێك بكرێتەوەو بڕی مووچەی پاشەكەوتكراوی خۆی بخرێتە سەر حسابەكەی و بەڕوونیی بڕەكەی بزانێت.**

**٤. مووچەخۆران بتوانن پابەندییە داراییەكان بەرامبەر بە حكومەت و كۆمپانیاو بانكەكان لەم بڕە پاشەكەوتكراوەی خۆیان لەرێی ژمارە حسیابییەكانیانەوە خەرجبكەن.**

بڕیارەكانی بیست و حەوتەمین كۆبوونەوەی
ئەنجومەن لە (٢٠١٦/٤/٢٦)دا:

**لەم كۆبوونەوەیەدا هیچ بڕیارو راسپاردەیك دەرنەچووە. كۆبوونەوەكە تایبەت بووە بە ئامادەبوونی بەڕێز بەڕێوەبەری شارەوانیەكانی سلێمانی، بەمەبەستی روونكردنەوەی گرفتە سەرەكیەكانی بەڕێوەبردنی شارەوانیەكان لە كوردستانو لە پارێزگای سلێمانی بەتایبەتی.**

بڕیارەکانی بیست و هەشتەمین
کۆبوونەوەی ئەنجومەن لە (٢٠١٦/٥/٣١)دا:

* بڕیاری ژمارە (٧) ی ساڵی ( ٢٠١٦)

**١. تەرخانکردنی (٢٠٠) پارچە زەوی بۆ دانیشتوانی گوندی قولەرەیسی سەروو، وەک قەربووکردنەوەیەک بەپێی یاسا.**

**٢. ئەم بڕیارە لەلایەن پارێزگای سلێمانیو سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانییەوە دوای (١٥) رۆژ لە دەرچوونی جێبەجێدەکرێت.**

* بڕیاری ژمارە (٨) ی ساڵی ( ٢٠١٦)

**یەکەم: گۆڕینی راسپاردەی ژمارە (١) ی ساڵی ( ٢٠١٦)ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تایبەت بەکەمکردنەوەی زیادەڕەوی و بەفیرۆچوونی کارەبای نیشتمانی بۆ (بڕیار) بەهەمان ناوەڕۆکی خۆیەوە، (بەمەبەستی نەهێشتنی دیاردەی دزینی کارەباو کەمکردنەوەی زیادەڕەویی و بەرگرتن لە بەهەدەردانی کارەبای نیشتمانی و زیادکردنی داهاتو پاراستنی هێڵەکانی گواستنەوەو باشکردنو بەفیرۆنەچوونی کارەبا، بەپشت بەستن بە خاڵی (٤) ی رۆژی (٢٠١٣/١/٣ )ی وەزارەتی کارەبا، لەبەرئەوەی ئەم بڕیارە لە هەموو پارێزگاکانی عێراق و پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکیش جێبەجێدەکرێت.)**

**پشتبەست بە برگەی (هەشتەم) لەماددەی شەشەم ی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ( ٢٠٠٩):**

**١. پێوەری کارەبا بۆ هەرشوێنێک دابنرێت کەکارەبای**

**نیشتمانی هەیەو پێوەری نییەو ، وەک هاوبەشی نوێ تۆمار بکرێت.**

**٢. بەپێی یاسا سزای هەرکەس و شوێنێک بدرێت کەلەدەرەوەی ئەم بڕیارو ڕێنمایی و ڕاسپاردانەو بێ پێوەری کارەبا، کارەبا بەکار دێنێت.**

**دووەم: ئەم بڕیارە لەلایەن پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجەو ئیدارە سەربەخۆکانی ڕاپەڕین و گەرمیانەوە، دوای (١٥) ڕۆژ لە دەرچوونی جێبەجێدەکرێت.**

* بڕیاری ژمارە (٩) ی ساڵی ٢٠١٦

**١. ڕەزامەندبوون لەسەر پێشنیاری گۆڕینی ناوی ناحیەی (وارماوا) لە قەزای شارەزور، بۆ (زەڕایەن).**

**٢. ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە بەرزدەکرێتەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بەمەبەستی تەواوکردنی ڕێکارە یاساییەکان بەپێی خاڵی (٣) لەماددەی (بیستو شەشەم)ی یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٩:**

بڕیارەکانی بیست و نۆهەمین کۆبوونەوەی

ئەنجومەن لە (٢٠١٦/٨/٢٥)دا:

* بڕیاری ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠١٦)

**یەکەم/ پەسەندکردنی بەخشینی بەڕێز پارێزگاری سلێمانی (د. ئاسۆ فەرەیدون عەلی ئەمین) لە پۆستی (پارێزگاری سلێمانی)، لە ڕۆژی (٢٠١٦/٨/٢٥)وە، لەسەر داوای خـۆی بەنوسراوی پارێزگای سلێمانی / نووسینگەی تایبەت، ژمارە (١٧٢) لە ڕۆژی**

(٢٠١٦/٨/٢١)داو، پشتبەست بە بڕگەی (٣) لە هاوپێچی سەرەکیی بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٤)ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو، مادەی حەوتەم و مادەی سیوسێ/ بڕگەی (چوارەم) لەیاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩).

دووەم: ئەم بڕیارە لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێدەکرێت.

* بڕیاری ژمارە (١١)ی ساڵی (٢٠١٦)

یەکەم/ هەڵبژاردن و دانانی بەڕێز (هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن محەمەد)، بە (پارێزگاری سلێمانی)، لە رۆژی (٢٠١٦/٨/٢٥) وە، پاڵپشت بە مادەی شەشەم، بڕگەی سێهەم/ یەکەم لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی(٢٠٠٩)، پشتبەست بە بڕگەی (٣) لە هاوپێچی سەرەکیی بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٤)ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

دووەم/ بەخشینی بەڕێز (هەڤاڵ ئەبوبەکر حسێن محەمەد) سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، لە رۆژی(٢٠١٦/٨/٢٥)وە.

* بڕیاری ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠١٦)

یەکەم/ هەڵبژاردن و دانانی بەڕێز( ئازاد محەمەد ئەمین)، ئەندامی ئەنجومەن، بە (سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی)، لە رۆژی(٢٠١٦/٨/٢٥)وە. پشتبەست بە بڕگەی (٢) لە هاوپێچی سەرەکیی بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی(٢٠١٤)ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو، مادەی شەشەم ،بڕگەی (چوارەم) لەیاسای ژمارە (٣)

ی ساڵی ( ٢٠٠٩).

دووەم: ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێدەکرێت.

* بڕیاری ژمارە (١٣)ی ساڵی (٢٠١٦)

یەکەم/ بەخشینی بەڕێز (ئەکرەم شەریف محەمەد) وەک جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە پۆستەکەی، لە رۆژی (٢٠١٦/٨/٢٥)وە. پشتبەست بە بڕگەی (٢) لە هاوپێچی سەرەکیی بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٤)ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

دووەم/ بەڕێز (ئەکرەم شەریف محەمەد) وەک ئەندامی ئەنجومەن، لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیدا دەمێنێتەوەو بەردەوام دەبێت.

سێهەم/ ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێدەکرێت.

* بڕیاری ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٦)

یەکەم/ هەڵبژاردن و دانانی بەڕێز( ئەنوەر تاهیر محەمەد)، ئەندامی ئەنجومەن، بە(جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی )، لە رۆژی(٢٠١٦/٨/٢٥)وە. پشتبەست بە بڕگەی (٢) لە هاوپێچی سەرەکیی بڕیاری ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٤)ی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو، مادەی شەشەم، بڕگەی یەکەم لەیاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩).

دووەم: ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێدەکرێت.

# بەشی پێنجەم

## چالاکییەکانی
## لیژنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

چالاکییەکانی
لیژنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

**تێبینی:**

*** چالاکی لیژنەکان لەو راپۆرتانەوە وەرگیراون کە لەلایەن لیژنەکانەوە ئامادەکراونو بەپێی ئەو فۆرمەی کە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) پێشتر ئامادەی کردووە. بۆئەم مەبەستەش بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١٥) نمونەی فۆرمەکە.**

*** ریزبەندی لیژنەکان بەگوێرەی ریزبەندیی ناوی لیژنەکان لە بڕیاری دامەزراندنیان دانراون.**

*** روماڵی لیژنەکان لەماوەی یەک ساڵی پڕۆژەکەیە، واتە لە بەرواری (٢٠١٥/١٠/١- ٢٠١٦/٩/٣٠).**

*** (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی) بەرپرس نییە لە ناوەڕۆکی راپۆرتەکان، راپۆرتەکان چۆن لەلایەن سەرۆکی لیژنەکانەوە پێشکەشکراوە، هەر بەوشێوەیە (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان) بڵاویکردونەتەوە، جگە لە هەندێ رستەو دەستەواژە پێویستیان بە دارشتنەوە هەبووە، بەڵام بەبێ ئەوەی گۆڕانکاری بەسەر ناوەڕۆکیاندا هاتبێت.**

*** چالاکی هەندێک لە لیژنەهەمیشەییەکان چالاکییەکانیان تێکەڵکردووە لە گەڵ چالاکی لیژنە تایبەتەکاندا.**

*** لەکۆی (١٧) لیژنە تەنها (١١) لیژنە راپۆرتی چالاکییەکانیان بۆ ناردووین.**

چالاکییەکانی لیژنەی کاروباری یاسایی

ئەم لیژنەیە پێکدێت لە پێنج ئەندامی ئەنجومەن، کە بریتین لە:

| ژ | ناو | پۆست لە لیژنەدا |
|---|---|---|
| ١. | سەباح فەتاح ئەحمەد | سەرۆک |
| ٢. | ئەنوەر تاهیر محەمەد | جێگر |
| ٣. | محەمەد ڕەسوڵ موراد محەمود | بڕیاردەر |
| ٤. | ڕەسوڵ عەبدوڵا ئیبراهیم | ئەندام |
| ٥. | بەناز محەمەد ڕەشید محەمەد سەعید | ئەندام |

ئەم لیژنەیە لە ماوەی یەک ساڵدا (٢٦) چالاکی ئەنجامداوە، بەم جۆرەی خوارەوە:

❖ سەردان و بەدواداچوون

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/٨/١٤ | گەرمیان | پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بۆ سەردانیکردنی گەرمیان بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ یاریگای یانەی وەرزشی شێروانە پێشنیاری ئەوەمان کرد لایەنی پەیوەندیدار ئاگاداربکرێتەوە بە راگرتنی ئەو تەرخانکردنە هەتا وەرگرتنی رەزامەندی گۆڕینی رەگەزی زەوییەکە لە (یاریگا)وە بۆ (بازرگانی)و دواتر بەکرێدانی بەپێی یاسای موزایەدەوە بە مزایەدەکردنی ئاشکرا ئەنجام بدرێت. |
| ٢. | | | ئاراستەکردنی نووسراوێک بۆ کۆمەڵەی میوانخانەو چێشتخانەکان بە مەبەستی کەمکردنەوەی نرخی خواردن بۆ پێشمەرگە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣. | ٢٠١٥/٥/٢٠ | مەرزی پەرویزخان | بەدواداچوون بۆ چەند بەڵگەیەک لە مەرزی نێودەوڵەتی پەرویزخان. |
| ٤. | ٢٠١٥/٩/٣٠ | شارەزوور – وارماوا | سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی شارەزوور بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی پاشەڕۆ و تەمەدکردنی دەرخستەی جیاکردنەوەی شەقامەکان هتد. |
| ٥. | ٢٠١٥/٩/٣٠ | شارەزوور – وارماوا | سەردانی پرۆژەی ئاوی خواردنەوە بۆ گوندەکانی (زەڵم، کانی ئاسکان، کانی کەوە، تالان)، لەگەڵ ڕێکخراوی (Reach)دا. |
| ٦. | | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی پارێزگا. |
| ٧. | ٢٠١٥/١٢/٢٢ | ناحیەی حاجیاوا | بەدواداچوون بۆ داواکاری ناحیەی حاجیاوا بەمەبەستی بەقەزاکردنی ناحیەکە. |
| ٨. | ٢٠١٥/١٢/٦ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | پێشکەشکردنی داواکارییەک بە سەرۆکایەتی ئەنجومەن:<br>١. بەشەرعی ناسینی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | سلێمانی) یەکلایی بکرێتەوە لەکاتێکدا هەنگاومان کردوەتەوە کە تایبەتییەو ڕاگرتنی زیاد دەکات تا لە یاساکەوتە لە پەیڕەوی ناوخۆدا شەرعییەتمان پێداوەتەوە بەڵام لە بەڕێوە دەکەوێتەکەکاتیش ناسازە بە کۆبوونەوەو فیشەوکاری زۆنی ناوبراو دەکرێتو لەگەڵ بەڕێز (پارێزگار) کۆدەبونەوە دەکرێت بەسوپاسەوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنیش هاوهەڵوێست بوون لەگەڵ ئیدارەکەداو بە تەواوی گفتوگۆیان بۆ کرد بەڵام دوای تەواوبونی کۆبوونەوەی چوارەمی بەناو (زۆنی سلێمانی) کراوە<br>٢. وەرگرتنی بڕێک پارە لە کۆمپانیای (ئیروسالیاو دابەشکردنی بەناوی زۆنی سلێمانییەوە بەسەر چەند ئەندامێکی ئەنجومەن بەبێ وەسڵ و واژۆکردن لەکاتێکدا سەرۆکایەتی ئەنجومەن بەخۆی ئاگاداری وردی نەکردووە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | و ڕوونکردنەوەشی نەداوە کە کەسەکان پەیوەستە بەتەواوی ئەندامانی ئەنجومەنەوە ئەگەر ئەوانەی لێپرسینەوەکانیان پێ بکرێت ئەوکات ڕێزو متمانەی هەموو ئەندامی ئەنجومەن دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە بەتایبەت لەم بارودۆخەی کە هەموان دەیزانین پێویستە ئاگادارین لە بەرپرسان هەڵوێستو ڕوونکردنەوەی تەواو بدەن بەسەرجەم ئەندامان بە پێچەوانەوە لەڕووی یاسایی و ئیدارییەوە بەرپرسان بەرپرسیارن. |
| .٩ | ٢٠١٦/٦/٢٥ | شارەزوور | بەدواداچوونی بۆ داواکارییەکانی بەرپرسیارێتی ڕۆشنبیری شارەزوور. |
| .١٠ | ٢٠١٦/٧/٢٥ | سلێمانی | پێکهێنانی لیژنەیەکی کاتی بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ لیستکردنی سەرجەم بیناو موڵکی گشتی سنووری پارێزگای سلێمانی. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .١١ | ٢٠١٧/٣/٣٠ | شارباژێڕ | سەردانی بەختیاری (زوڵان) لە قەزای شارباژێڕ بەمەبەستی بەدواداچوونی ئەو ماڵانەی کە بەهۆی لافاوەوە زیانیان بەرکەوتبوو. |
| .١٢ | ٢٠١٧/٧/٥ | شارباژێڕ | سەردانی ناحیەی (گاپیلۆن) بەمەبەستی چارەسەرکردنی گیروگرفتی کێڵگەی ناوچەکە. |
| .١٣ | ٢٠١٧/٤/٢٣ | پێنجوێن | وەک لیژنەی کاتی سەردانی ناحیەی ناڵپارێزو شارەوانی ناڵپارێزو قائیمقامیەتی قەزای پێنجوێن بەمەبەستی چارەسەر کردنی کێشەو گرفتی هاوڵاتیان. |
| .١٤ | ٢٠١٧/٩/٢٠ | سلێمانی | سەردانی پارێزگاری سلێمانی بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ چاککردنی ڕێگای نێوان قەزای شارەزوور — سەیدسادق کە زۆرترین ڕووداوی هاتووچۆی تێدا ڕوودەدات. |

### چاودێری

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
| --- | --- | --- | --- |
| ١. | ٢٠١٦/٨/٢٢ | سلێمانی | بەمەبەستی چاودێریکردنی پرۆسەی تێکەڵکردنی پەروەردەی قەزاکان بەشداریکرا لە کۆبوونەوەیەک بە بەشداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی و بەڕێوەبەری پەروەردەی شارەزوور. |
| ٢. | ٢٠١٦/٥/٢٥ | وارماوا | چاودێریکردن و بەدواداچوون بە مەبەستی گۆڕینی ناوی ناحیەی وارماوا بۆ زەڵایەن. |
| ٣. | ٢٠١٦/٦/١٥ | وارماوا | چاودێریکردنی پرۆژەی ناوی خواردنەوەی هاووڵاتیانی سنووری قەزای شارەزوور، وارماوا، عەربەت، پارێکە. |

### بەشداری سیمینارو وۆرکشۆپ

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
| --- | --- | --- | --- |
| ١. | ٢٠١٦/٣/٢٨ | سلێمانی | وۆرکشۆپی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (یاسا کۆنەکانی عێراق). |
| ٢. | ٢٠١٦/٤/١٨ | سلێمانی | وۆرکشۆپی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | هەمووان)ە سەبارەت بە (کارگێڕی و ئەندامێتی). |
| .٣ | ٢٠١٥/٥/٣ | سلێمانی | نووسراوی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)ە سەبارەت بە (پەرەپێدانی میلی لەسەر ئاستی پارێزگا). |
| .٤ | ٢٠١٦/٥/١٨ | سلێمانی | نووسراوی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)ە سەبارەت بە (ڕۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کەمکردنەوەی توندوتیژی هاوچەرخدا). |
| .٥ | ٢٠١٦/٧/٢٤ | سلێمانی | نووسراوی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)ە سەبارەت بە (ڕۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی هاووڵاتیاندا). |
| .٦ | ٢٠١٦/٨/٣ | سلێمانی | ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)ە سەبارەت بە (هەماهەنگی نێوان ڕێکخراو و ئەنجومەنی پارێزگا لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا). |
| .٧ | ٢٠١٦/٩/٢١ | سلێمانی | ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)ە سەبارەت بە (ناسەقامگیریی کارگێڕی). |
| .٨ | ٢٠١٦/٩/٢١ | سلێمانی | ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)ە سەبارەت بە (ڕۆڵی ناسەقامگیریی کارگێڕی لە بەرەوپێشبردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا). |

◆ **کۆبوونەوە**

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/٩/١٢ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | کۆبوونەوەی شەشەمی لیژنەی کاروباری یاسایی کە ئەم بڕیارو پێشنیارانە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کران:-<br>١. ئەنجومەنی پارێزگا پێش دەرکردنی بڕیارو رێنماییەو پێشنیارو راسپاردەکان دەبێت لیژنەکەمان داڕشتنەوەی یاساییان بۆ بکات و دواتر ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدارەکان بکرێت<br>٢. پەسەندکردنەوەی پێشنیاری گۆڕینی ناوی ناحیەی (بەرماو) بۆ (زەرایەن) بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا<br>٣. بۆ چارەسەری کێشەی گوندی (کانی سێفی سوورتن) پێمان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | بخاتە دادگا یەكلایی بكاتە یان<br>بەرپرسان لیژنەی كاتی بۆ پێكبهێنێت.<br>٤. بۆ چارەسەری كێشەی<br>گوندی (كانیمیزاو) پێیان بخاتە<br>بەرپرسان لیژنەی كاتی بۆ پێكبهێنێت.<br>٥. بەرزكردنەوەی پێشنیاری<br>گۆڕینی ناوی ناحیەی (بێنیان) بۆ<br>(باوەسوور)، بۆ سەرۆكایەتی<br>ئەنجومەنی پارێزگا.<br>٦. نووسراوی هەمەتكردنەوە<br>بكرێت بۆ وەبەرهێنانی سلێمانی و<br>شارەوانی شارەزوور سەبارەت بە<br>خانووەكانی كۆمپانیای زووناكی لە<br>شاری شارەزوور.<br>٧. بۆ چارەسەركردنی گرفتی<br>گوندەكانی سنووری ماستەر پلانی<br>سلێمانی (زرگوێز، قولەرەیسی<br>سەرچوو، باولیكە، عەرتێزقوە كانی‌<br>شێخ وەیسادیا) نووسراومان كردووە<br>٨. بۆ چارەسەركردنی<br>كێشەكانی گوندی (كولەجۆی<br>قەرەحەسەن) لیژنەی كاتیمان<br>پێكهێناوە بەدواداچوونی بۆ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | دەگرێتە بەپێی فەرمانی ئەنجومەنی پارێزگا ژمارە (٨١٨) لە بەرواری (٢٠١٥/٨/٢٧)دا.<br>٩. دەربارەی گرێگرتنەوەی کۆمەکی ماددی وەک لەیەکخستنی کانی (ژاڵۆبوار ئەحمەد بازیانی — ئەندامی ئەنجومەن)دا ئاماژەی پێداوە پێشنیاز دەکەین لەرێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە نووسراو ئاڕاستەی سنووری پارێزگای سلێمانی بکرێت بەمەبەستی رێگەگرتن لە دووبارە بوونەوەی ئەم کارانە.<br>١٠. وەلامی گوندی (ئێرگەی گوێز) یان (کانی گوێز) کە داوای گەڕانەوە دەکەن لە سنووری ناحیەی (سروچک)ەوە بۆ ناحیەی (سیتەک)، پاش تەواوکردنی رێکارە کارگێری و یاساییەکان ئاڕاستەی ئەنجومەنی بکەین .<br>١١. گوندی کانی حیتەی سەروو — خواروو، لەرێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنەوە پێشنیازمان کرد نووسراو ئاڕاستەی شارەوانی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سلێمانی بکەین بەمەبەستی دیاریکردنی سنووری گوندەکە بەپێی یاساو رێنماییەکان.<br>٢- بەمەبەستی وەڵامی نووسراوی شارەوانی سلێمانی لەسەر دیاردەی زیادەڕۆیی پێشنیار دەکەین هەرسێ فیرقەی (یاسایی، سەلامەت، شارەوانی)، بۆ ئەم مەبەستە ڕاسپێردرێن و کۆبوونەوەی تایبەتی بۆ رێکبخرێت.<br>٣- گوندی (کەرپچنە) بۆ گواستنەوەی گوندەکەیان لە ناحیەی (وەڵان)، بۆ ناحیەی (کەرمەک) داواکاریکردنەوە بەهێنانی رێکخراوە فیدراڵی و یاساییەکان.<br>٤- پێشنیاردەکەین سەرۆکایەتی ئەنجومەن، سەبارەت بە گوندەکانی ناحیەی (کاپیلان) فیرقەی کاتی پێکبهێنێت<br>٥- بۆ زیادەڕۆیی ناحیەی (خەلەکان) فیرقەی بۆ دروستکراوە سەردانی مەیدانی بۆ کراوە ڕاپۆرتەکان پێشکەش دەکەین. | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣١. کەیسی کۆمپانیای (کاوپەش) ڕەوانەی دادگا کراوەو پێشنیارەکەمان دادگا بەتاڵی بکاتەوە.<br>٣٢. بۆ پێداچوونی کاک (عەلی) ئەندامی ئەنجومەن سەبارەت بە دەرکردنی ڕێنمایی لەلایەن ئەنجومەنەوە بۆ (بەڕێوەبەری گشتی قایمقام بەڕێوەبەری ناحیەکان) کاری دیکە ئەنجام نەدەن و خۆیان بۆ ئەرکەکانی پۆستەکانیان تەرخانبکەن، ئەوەی پێداچوونەوە ئەو ڕێنماییە بوونی هەیە. | | | |

# چالاکییەکانی لیژنەی تەندروستی وژینگە

ئەم لیژنەیە پێکدێت لە پێنج ئەندامی ئەنجومەن کە بریتین لە:

| ژ | نـــــــــــــاو | پۆست لە لیژنەدا |
|---|---|---|
| ١. | ڕێبوار ئەحمەد مەولود | سەرۆک |
| ٢. | میهیا شێخ ئەحمەد ئیسماعیل | جێگر |
| ٣. | مزگیار ئیسماعیل مستەفا | بڕیاردەر |
| ٤. | ژیلا حەمەڕەزا مستەفا | ئەندام |
| ٥. | غالب محەمەد عەلی | ئەندام |

ئەم لیژنەیە لە ماوەی یەک ساڵدا (٢٠) چالاکی ئەنجامداوە بەم جۆرەی خوارەوە

- سەردان و بەدواداچوون

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | | سلێمانی | سەردانی بەڕێز (پارێزگاری سلێمانی) سەبارەت بەناوچەی پیشەسازی سلێمانی کە بەهۆی کەموکوڕی پلانی دابەشکردنی زەویەکانەوە چەندین پیشەوەر بێبەشبوون لەوەرگرتنی زەوی ئەمەش وایکردووە ژینگەی ناوچەی پیشەسازی زۆر ناتەندروستبێت |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢- | | سلێمانی | سەرۆکی تاقیگەی تاوتەنی پارێزگای سلێمانی، سەبارەت بەشێوەی تەسلی بڕی (٢٠٠ بۆ ٤٠٠) ملیۆن دینار پارەی پشکنینی تاقیگەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات و باکووری کوردستان و خەڵکی بیانی، کە لە (بەڕێوەبەرایەتی تشینگەی سلێمانی) پارەیان لێوەرگیراوە.<br>گومان دەکرێت ئەو بڕە پارەیە لە لایەن فەرمانبەرێکی (بەڕێوەبەرایەتی تشینگەی سلێمانی)یەوە بڕاوێتە کە تائێستا دەستبەسەرکراوە ئەو زانیاریانەش لەلایەن بەڕێز بەڕێوەبەری (تاقیگەی تاوتەنی)یەوە پشتڕاستکراوەتەوە هەروەها ئاماژەی بە ژمارەی پشکنینەکاندا بەم شێوەیە:<br>لەساڵی (٢٠١٣) دا (٣٥٠٠٠) پشکنین ئەنجامدراوە بۆ کوردانی ڕۆژئاوا.<br>لەساڵی (٢٠١٤) دا (١٢٧.٠٠٠) پشکنین ئەنجامدراوە بۆ کوردانی ڕۆژئاوا.<br>لەساڵی (٢٠١٥) دا (٣٢٠٥٥) پشکنین ئەنجامدراوە بۆ کوردانی ڕۆژئاوا. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣. | ٢١-٧/٨/٢٢ | سلێمانی | سەردانیکردنی (بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی) لە سەبارەت بابەتی ساختەکردنی جۆری ئەو سابوونەی کەناوی (Glycerne- TEA TRE) گلسرین کە بەروارەکەی ساختەکراوەو گۆڕاوە بۆ (٢٠٢٠-٢٠٢١) کە لە بنەڕەتدا بەرواری کۆتاییەکەی مەسرەفی (تاریخ ٢٠١٨/٧) ئەو کاڵایانیا هیچ جۆرە سابوونێکی بەوناوەوە دروستنەکردووە دواتر بە فیرقەی تایبەتی (بەڕێوەبەرایەتی چاودێری بازرگانی سلێمانی) راسپێردرا هەتا دوادارچوون بۆ ئەم بابەت بکەن و کەس ساختەکار بدۆزنەوە رێکاری یاسایی بگرنەبەر و دواتریش بە نوسراوی فەرمی وەڵامی لیژنەی (تەندروستی و ژینگە)ی ئەنجومەن بدەنەوە |
| ٤. | | | سەردانکردنی نەخۆشخانەی (سلێمانی) نەخۆشییە بۆ بەدواداچوونی گرفتەکانیان کە بریتین لە: (دروستکردنی پزیشکە تەبوونی ئەو بۆ ئاوەدانی بالەخانەی نەخۆشخانەکە، وەرنەگرتنی نەخۆش لە کاتی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | نەخۆشخانەکەوە گرفتی دارایی کۆمەکنەدانی تەندروستی و ئیدارەی نەخۆشخانەکە) دواتر (پارێزگاری سلێمانی) بەهۆی کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ ستافی نەخۆشخانەکەدا کردو بەشێکی زۆر لە گرفتەکانی چارەسەرکرد جگە لە گرفتی دارایی |
| ٥. | | | سەردانکردنی کارگەی سفرنسەتی (جیاو) لە ناوچەی پیشەسازی سلێمانی بۆ بەدواداچوونی تەندروستی بەرهەمەکانیان و هۆکاری بۆ گواستنەوەی کارگەکە بۆ ناوچەیەکی فراوانتر هەتا ئەوەی کۆمەکانیان باشتر و تەندروستتر بەرهەمبهێنێت ئەمەش بە هاوکاری هەریەکە لە لیژنەکانی (شارەوانی و پارێزگاو کشتوکاڵ). |
| ٦. | | گەرمیان | سەردانکردنی (بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان و نەخۆشخانەی گشتی و نەخۆشخانەی منداڵبوونی سنووری ئیدارەی گەرمیان بەمەبەستی بەدواداچوونی کێشە تەندروستی و ئیدارییەکان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧- | ٢٠١١/٥/٢٣ | | کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز (وەزیری تەندروستی) بەمەبەستی گەیاندنی کێشەو گرفتەکانی نەخۆشخانەکانی سنووری ئیدارەی گەرمیان کە گرفتی سەرەکیان کەمی پزیشکو نەبوونی پێداویستی پزیشکیو دەرمانو دەستنەکەوتنی پزیشکی موقیمو موقیم دەوری بوو. |
| ٨- | | سلێمانی | بەدواداچوون بۆ نەخۆشخانەی (کۆمەڵگەی پزیشکی ددان – پیرەمێرد) کە گرفتی نەبوونی ژووری پاککردنەوە (تعقیم)یەو لە بەشی ( ا. Control) سەرپەرشتیەکان ئەم نەخۆشخانەیە ماوەی (٢) ساڵە بیناکەیان بەکرێ گرتووە مانگانە بڕی (٧.٠٠٠.٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار کرێ دەدەن، ئەمە لەکاتێکدا ماوەی دووساڵیش دەبێت بینای نەخۆشخانەکە تەواو بووە لەڕێگەی داوای لیژنەکەمانو نووسراوی فەرمی لیژنە لە ڕێگەی ئەنجومەنەوە تواندرا نەخۆشخانەکە بگوازرێتەوە بۆ تەلارە حکومیەکەی خۆی و بەمەش ڕێگەی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | (٧.٠٠٠.٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار کرێی مانگانە کەوا پێوە بەڕێوەبەرێتی گشتی تەندروستی سلێمانی. |
| ٩. | | | هەوڵدەوە لەرێگەی بڕیارەکەی هاووڵاتیەکەوە سەبارەت بەکەمکردنەوەی ڕێژەی ئەو گازە ژەهراویانەی کە لە دووکەڵکێشی ئۆتۆمبێلەکانەوە دەردەچێت و بووەتە هۆی پیسکردنی ژینگە، بڕیارەکە بگەیەنرێتە (پارێزگاری سلێمانی) و لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی و بەڕێوەبەرێتی ژینگەی سلێمانیەوە جێبەجێی بکرێت. |
| ١٠. | | | سەردانکردنی فەرمانگەی لەناوبردنی مردوو، لەنەخۆشخانەی پارێزگای سلێمانی بۆ بەدواداچوونی گرفتەکانیان کە بریتیبوون لە:<br>- کێشەی پێچوانی کۆرسێک کە نابێت لەو فەرمانگەیە بەهیچ شێوەیەک کۆرسا دیرێبکرێتە چونکە ئۆقانی کوتانی بەکەمی مندالی ناوە لەناوکیەوی لێ هەڵدەگرێت.<br>- تەسووتی ئامێری گەرمی و فێنک کەرەوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | لەهەولێر چاوەڕوانی کردنی کەسەکانی ئەمەش یەک ڕۆژ بۆ بیست ڕۆژی لێدەسێنێتەوە.<br>خۆشبەختانە دوای هەوڵدانێکی لەگەڵ بەرپرسەکانی کۆمپانیای سلێمانی تەواوی خاڵەکان چارەسەرکران. |
| ١١- | | | سەردانکردنی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی و پارێزگاری سلێمانی سەبارەت بە زۆرد بوونی ئاوی خواردنەوە هەروەها نووسراومان ئاراستەی (ووتاوەکی داوایی) و بەدواداچوون کراوە کە لەڕێگەی پەیامی (نامەی) هەفتانە سولفەیان بۆ زیاد بکرێت تاکو خێراتر ئەو گرفتە تەندروستییە چارەسەر بکرێت و کێشەکان زووتر بکرێنەوە.<br>شێلانی پاسە بڕی (٢٤٠) ملیۆن دینار بۆ کۆمپانیای (تەجەمعین) دەرچووە بەڵام تاکو ئێستا پرۆژەکە زۆر سستە بەهۆی ڕۆژەی کەمی [illegible] ماڵەکانە.<br>دیکە نووسراو مان ئاراستەی ووتاوەکی داوایی کرد تا لەڕێگەی پەیامی نامەی هەفتانە سلفەکەیان بۆ زیادبکرێتە هەتا خێراتر ئەو گرفتە چارەسەر بکرێتو کێشەکان زووتر بکرێنەوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢. | | | سەردانی لیژنەی هاوبەشی تەندروستی و ژینگە لەگەڵ لیژنەی کۆمەڵایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگا، سەردانی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چەمچەماڵیان کرد و سەبارەت بە بەدواداچوونی کێشەی کارمەندانی تەندروستی چەمچەماڵ. |
| ١٣. | | سلێمانی | سەردانکردنی نەخۆشخانەی (شەهید د. هێمن/ جمهوری) سەبارەت بە داخستنی نەخۆشخانەکە و گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانەی شار، لەڕێگەی نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی کوردستان و بەڕێوەبەرێتی گشتی تەندروستی سلێمانی و نیگەرانی نەخۆشخانەکە هەوڵدراوە کە نەهێڵێت نەخۆشخانەکە دابخرێت. |
| ١٤. | ٢٠١٦/٧/٢٨ | سلێمانی | سەردانکردنی بەڕێز (سەرداری قادر) پارێزگاری سلێمانی سەبارەت بە چەند بابەتێکی گرنگ و ژینگەیی، کە بریتین لە:<br>– چارەسەری خاشاک و شوێنی فڕێدانی خاشاکی سلێمانی لە تاوێجەی تانجەرۆ، کە لەگەڵ خاشاکی پیشەسازی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆگەو پاڵاوگە نەوتییەکان تێکەڵ بووەو دەرژێتە ناو ئاوی سەرچاوەو دەربەندیخان.<br>– هەوڵدان بۆ ئەکتیڤکردنی کۆگەی (زبڵەکان)ی سلێمانی و خێراکردنی کارەکانی تاکو ئاوی سنووری گەرمیان و سەرچاوان ودەربەندیخان پیس نەبێت<br>– پرۆژەی پاککردنەوەی هەموو شەقام و بازاڕ کەمبوونەوەی گازی زەهراوی ئۆتۆمبێلەکانەوە پێویستە پێویستی بەرپرسایەتی پارێزگاو هەیە.<br>– ڕاسپاردنی لیژنەکانی تەندروستی و فەرمانگەی ژینگەو بەرپرسیارێتی چاودێری پارێزگاکانی بۆ چارەسەری گرفتی خەڵکی کۆگەکانی ناوچەی پیشەسازی.<br>– پێدانی زانیاری لەسەر داخستنی نەخۆشخانەی جمهوری و هەوڵەکانی لیژنە بۆ داخستنی نەخۆشخانەکە و پێدانی ڕاپۆرتێکی گشتی سەبارەت بە نەخۆشخانەکە. | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٥. | | | سەردانکردنی (لیژنەیەکی باڵای پەرلەمانی عێراق، ئەنجومەنی پارێزگا، بەرپرسیارێتی خۆپاراستنی سلێمانی، زانکۆی سلێمانی) بۆ کێشەی خراپی ئاوی کارێزی خواردنەوە پێدانی زانیاری تەواو سەبارەت بەم بابەتە بەهەریەکە لە (ئەنجومەنی پارێزگا، پەرلەمانی عێراق، وەزارەتی بازرگانی و کۆمپانیای خۆراک، بەرپرسیاری ئاوی سلێمانی، بەرپرسیاری کارگەکانی دروستکردنی ئاو). |

❖ بەشداری سیمینارو ۆرکشۆپ

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢/٢٨ | سلێمانی | ۆرکشۆپی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (یاسا کارگێڕیەکانی عێراق). |
| ٢. | ٢٠١٦/٨/٣١ | سلێمانی | بەشداریکردن لە سیمناری (ناوەندی تێستکردنی پێوەری میکانیکی ئاو) بەرپرسیارێتی ئاوی سلێمانی |
| ٣. | ٢٠١٦/٨/٣١ | سلێمانی | بەشداریکردن لە مەراسیمی کردنەوەی (هۆبەی خێزانی جێگرەوە) لەلایەن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی سلێمانی |
| .٤ | | سلێمانی | بەشداریکردن لە مەراسیمی کردنەوەی کارگەی چیمەنتۆی (گاسن) لە بازیان |
| .٥ | | سلێمانی | کۆنفرانسی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (ئاوڕدانەوە لەخۆت لە پێناو کاریگەربووندا). |

# چالاكییەكانی لیژنەی پەروەردەو فێركردن

ئەم لیژنەیە پێكدێت لە حەوت ئەندامی ئەنجومەن كە بریتین لە:

| ژ | ناو | پۆست لە لیژنەدا |
|---|---|---|
| ١. | نیاز ئەحمەد سەید حەمەلاو | سەرۆك |
| ٢. | هاوسەر مۆختار ئەحمەد | جێگر |
| ٣. | مینا سامی محمد | بڕیاردەر |
| ٤. | مەهدی مەحمود محمد | ئەندام |
| ٥. | ڕێگار حەمەنوری مجید | ئەندام |
| ٦. | سێوە حەمەخدر ئەحمەد | ئەندام |
| ٧. | نیلمان عەزیز محمد | ئەندام |

ئەم لیژنەیە لە ماوەی یەك ساڵدا (٢٥) چالاكی ئەنجامداوە بەم جۆرەی خوارەوە:

❖ سەردان و بەدواداچوون

| ژ | بەرواری چالاكی | شوێنی چالاكی | پوختەی چالاكی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/٣/٨ | نووسینگەی پەرلەمانی كوردستان لە سلێمانی | بەمەبەستی خستنەڕووی چەند كێشەیەك كە پەیوەستە (لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا) لە پەرلەمانی كوردستان بەدواداچوونیان بۆ بكات كە بریتین لە: |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | ١. ژمارەیەک مامۆستا لە ساڵی (٢٠١٤)دا فەرمانی دامەزراندنیان بۆ دەرچووە بەڵام دامەزراندنەکەیان وەستێنراوە.<br>٢. کێشەی پەڕینەوە (عبور) بۆ خوێندکارانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی.<br>٣. وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆ و پەیمانگاکان بە سیستەمی وەرگرتنی ناوەندی (قبول مرکزی) بێت و لەسەر ئاستی پارێزگاکان بێت.<br>٤. رێکخستنەوەی نرخی خوێندن لە خوێندنگە ئەهلییەکاندا. |
| ٢. | ٢٠١٥/٣/١ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی | بەدواداچوون بۆ ئەم کێشانە کرا:<br>١. گرتنەوەی قوتابخانە لە ناوچە دوورەدەستەکان (گوندەکان و ناوچە سنوورییەکان). |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | ٢- دانانی پۆلی هاتووچۆی خوێندنگەکان کە دوور ماڵیان دەبێتەوە لە گەڕەکی ڕەشید لە سلێمانی.<br>٣- منحەی پەروەردەکان.<br>٤- کەمی مامۆستای پسپۆڕ.<br>٥- ڕێکخستنی وەرگرتنی خوێندکاران لە خوێندنگە حکومی و ئەهلییەکان کە هەردووکیان حکومین.<br>٦- دروستکردنەوەی خوێندنگەی (ئاگری دڕ) لە سلێمانی لەلایەن (کۆمپانیای هیوا)، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بڕیاری لەسەر بدات. |
| ٣. | ٢٢/٢-٢٥ | سلێمانی | سەردانی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بۆ بەدەنگەوەچوون لەکێشەو گرفتەکانیان و هاوکاریکردنیان. |
| ٤. | | بەڕێوەبەرایەتی گشتی | بەدواداچوون بۆ کەمی مامۆستای وانە پسپۆڕییەکان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | پەروەردەی سلێمانی | لیژنەکە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە هۆکاری کێشەکە دەگەڕێتەوە بۆ وەرگرتنی خوێندکاران لە زانکۆکان بەبێ ڕەزامەندی خۆیان کەوەرگرتنی خوێندکار دەبێت بە خواستی خۆیان بێت نەک بە شێوەی قبوڵی مەرکەزی. |
| ٥. | ٢٠١٥/١٢/٢٣ | سلێمانی | سەردانی خوێندنگەی (کوردستان) بۆ پشتگیریکردن و بەرزڕاگرتنی ڕێزی ئاڵای کوردستان. |
| ٦. | ٢٠١٦/٤/١٤ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | تاوتوێکردنی کۆمەڵێک پڕۆژە کە پێشکەش بە لیژنەی پەروەردە و فێرکردن کرابوو بۆ تاوتوێکردن و پێشکەشکردنیان بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگا. |
| ٧. | ٢٠١٦/٨/٢٥ | لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان. | پەیوەندیبوون بۆ هەڵوێست وەرگرتنی یەکێتی مامۆستایان و پەیوەستبوون لە پەیمانەکەیان بۆ چارەسەری کێشەی مامۆستایان و وەستانی پرۆسەی خوێندن. |

❖ چاودێری

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/٦/٢٤ | خوێندنگەی ڕۆژ لەسلێمانی | بۆ چاودێریو لەنزیکەوە بەشداربوون لە چۆنیەتی وەرگرتنی منداڵو خوێندکار لە باخچەو خوێندنگەکە پێشنیاری دانانی سیستەمێکی پەروەردەو میکانیزمێکی گونجاو کرا |
| ٢. | ٢٠١٥/١٢/٢٩ | سلێمانی | لە نزیکەوە بەشداربوون لە سیستەمی پەروەردەیی و میکانیزمی وەرگرتنی کرێی خوێندنی خوێندنگەکانی (کۆمپانیای ڕووناکی) سەربە (دەزگای قەڵەمی) کەخوێندنگەکانی (سەلاحەدین) دەگرێتەوە |
| ٣. | ٢٠١٦/٢/١٥ | سلێمانی و دەوروبەر | کەمی مینحەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەکان گرفتێکی گەورەیە لەبەردەم دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ساڵی خوێندن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤. | ٢٨/٧/٢٠١٦ | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی | كۆبوونەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە لەگەڵ ڕێكخراوەكانی ( UNICEF ، Rich ، FAW،WHO ) و ڕێكخراوی منداڵپارێزی كوردستان و چەند ڕێكخراوێكی تیكە بەمەبەستی چاودێریەو بەدواداچوون لەكارو پڕۆژەی ڕێكخراوەكان كە بۆ خوێندنگە و خوێندكارە كۆچەرەكان پێشكەشكراوە |

## بەشداری سیمینارو وۆركشۆپ

| ژ | بەرواری چالاكی | شوێنی چالاكی | پوختەی چالاكی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٢/٩/٢٠١٥ | سلێمانی | ئەنجامدانی لیژنەی پەروەردەو فێركردن و سەرۆكایەتی ئەنجومەنو لیژنەی پەیوەندییەكان (وۆركشۆپێكی ئامادەكرد لەسەر چۆنییەتی بە (ئینگلیزی) كردنی باخچەو خوێندنگە حكومییەكان هەروەها خستنەڕووی هەندێك كێشەو |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | گرفت و چۆنیەتی چارەسەرکردنیان. بەشداربووانیش بریتی بوون لە(نوێنەری وەزارەتی پەروەردە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی، کۆمەڵێک لە بەڕێوەبەرانی خوێندنگە ئەهلی و حکومییەکان و باخچەکان وەبەرپەرشتیاران). |
| .٢ | ٢٠١٦/٢/٢ | سلێمانی | بەشداری کۆنفرانسی ڕێکخراوەکانی خۆتاییان بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ بابەتی مامۆستایان. |
| .٣ | ٢٠١٦/٣/٢٨ | سلێمانی | کۆنگرەی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (یاسا کارگێڕییەکانی عێراق). |
| .٤ | ٢٠١٦/٥/١٦ | باخچەی (قەمەر)ی متەقلان - سلێمانی | کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی (کیدز) لەگەڵ باخچەو خوێندنگەو پسپۆڕانی بواری پەروەردەو خێرکردن، لەسەر دەستنیشانکردنی کێشەو چۆنیەتی چارەسەرکردنی. |
| .٥ | ٢٠١٦/٤/١٤ | سلێمانی | کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی (کیدز) بۆ دەستنیشانکردنی کێشە پەروەردەییەکان و دۆزینەوەی چارەسەر. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦. | ٢٠١٦/٨/٢١ | سلێمانی | ئۆرگانی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (ئەهلیەتیتی کۆکێڕی). |
| ٧. | ٢٠١٦/٨/٢١ | سلێمانی | ئۆرگانی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (زۆڵی ئەهلیەتیتی کۆکێڕی لە بەردەم پێشکەوتنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا). |

◆ کۆبوونەوە

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/٦/٨ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک سەبارەت بە ڕەسپاردەکانی ئەکتیڤی (٢٠١٥/٩/٢٢)، تاوتوێی ڕەسپاردەکان بۆ وەزارەتی پەروەردە |
| ٢. | لە ٢٠١٥/١١/١٦ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | کۆبوونەوە لەگەڵ بیناسازی پەروەردەکان و بەڕێوەبەری هەردوو بەڕێوەبەرایەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەسەر هەڕەشەی بینا و ڕووخانی خوێندنگاکان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەسەری گونجاو بۆیان. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣. | ٢٠١٥/١١/٢٤ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | کۆبوونەوە لەگەڵ بەرپرسیارانی خوێندنگە تاکەکەسییەکان لەسەر کەمکردنەوەو رێکخستنەوەی نرخی خوێندن لە خوێندنگە تاکەکەسییەکاندا |
| ٤. | ٢٠١٦/٢/٢٥ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | کۆبوونەوە لەگەڵ ماڵوەستایانی تاپۆزەو گوێگرتن لە داواکارییانو بەرزکردنەوەی داواکان بۆ ئەنجومەنی وەزیران. |
| ٥. | ٢٠١٦/٢ | وەزارەتی پەروەردە – هەولێر | لەسەر رێنمایی [illegible] لیژنەی (پەروەردەو فێرکردن) داوای روونکردنەوەی زیاتری وەزارەتی پەروەردە کۆبوونەوەیەکی بۆ لیژنەی پەروەردەی هەموو پارێزگاکانی هەرێم سازکرد بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بە (ئینگلیزی)کردنی باخچەو خوێندنگەکان. |
| ٦. | ٢٠١٦/٨/٤ | سلێمانی | پاشان دوای کۆبوونەوەی ماڵوەستایان، کە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی سلێمانیو ماڵوەستایانی تاپۆزە کە بڕیاربوو وەزیری پەروەردە ئامادەبێت (بەڵام |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | ئامادە نەبوون بۆ قسەکردن لەسەر کێشەکانی ئەمپۆلو بڵاوبوونەوەی مامۆستاو وەستانی پرۆسەی خوێندن |
| ٧. | ٢٠١٦/٩/٤ | پارێزگای سلێمانی | کۆبوونەوە لەگەڵ پارێزگاری سلێمانی و دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن لەسەر کێشەی وەستانی پرۆسەی خوێندن |

# چالاكییەكانی لیژنەی كارگێڕی و دارایی و ئابووری

ئەم لیژنەیە پێكدێت لە پێنج ئەندامی ئەنجومەن كە بریتین لە:

| ژ | نـــــاو | پۆست لە لیژنەدا |
|---|---|---|
| ١. | ئاراز محمد ئەمین | سەرۆك |
| ٢. | مەلای مەحمود محمد | جێگر |
| ٣. | ئاوێزان ئیسماعیل ئیبراهیم | بڕیاردەر |
| ٤. | ئامانج نەجیب شەمسی | ئەندام |
| ٥. | ڕێكەوت محمد زەكی ساڵح | ئەندام |

ئەم لیژنەیە لە ماوەی یەك ساڵدا (٣) چالاكی ئەنجامداوە بەم جۆرەی خوارەوە:

- سەردان و بەدواداچوون

| ژ | بەرواری چالاكی | شوێنی چالاكی | پوختەی چالاكی |
|---|---|---|---|
| ١. | | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | بەدواداچوون بۆ كێشەی و داواكاری ئەم توێژانەی لای خوارەوە:<br>١. تەـــــــتگێڕ عەرەبانەچییەكان<br>٢. هێڵی سەرگەچییەكان<br>٣. كوالیتی كاڵاو شمەكەكان<br>٤. كێشەی قەرزی سندوقی نیشتەجێبوون |
| ٢. | | | سەردانكردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | و ئەو دەزگایانەی ناویان هاتووە بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگادار بوون لە کێشەو ناڕەزاییەکانی هاووڵاتیان و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو بەهاوبەشی لەگەڵ ئەو دەزگایانە کە بریتین لە:<br>١. بەڕێوەبەرایەتی هەتیوخانەی پارێزگای سلێمانی.<br>٢. بانکی هەرێم<br>٣. کارگەی گەچی بازیان. |
| ٣. | | | سەرپەرشتیکردنی ئەم شوێنانەی لای خوارەوە بەمەبەستی گەیاندنی هەندێک کێشەو سکاڵای هاووڵاتیان بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان.<br>١. نووسینگەی سلێمانی بەڕێز (کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی) جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان.<br>٢. بەڕێوەبەری گشتی کاروباری کۆمەڵایەتی.<br>٣. خەزێنەی (یەک و دوو)ی سلێمانی. |

❖ **بەشداری سیمینارو وۆرکشۆپ**

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٦/٤/١٨ | سلێمانی | (ڕێکخەری ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (کارگێڕی و دەسەڵات). |
| ٢. | ٢٠١٦/٧/٢٤ | سلێمانی | (ڕێکخەری ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (ڕۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە دڵنیاکردن لە مافەکانی هاووڵاتیان). |
| ٣. | ٢٠١٦/٨/٣ | سلێمانی | (ڕێکخەری ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (هەماهەنگی نێوان ڕێکخراو و ئەنجومەنی پارێزگا لەچارەسەر کردنی کێشەکان). |
| ٤. | ٢٠١٦/٩/١١ | سلێمانی | (ڕێکخەری ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (ناسەقامگیریتی کارگێڕی). |
| ٥. | ٢٠١٦/٩/١١ | سلێمانی | (ڕێکخەری ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (ڕۆڵی ناسەقامگیریتی کارگێڕی لە بەڕێوەبردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان). |

- **کۆبوونەوە**

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٦/٧/٢٩ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەی کارگێڕی و دارایی و ئابووری |
| ٢. | ٢٠١٦/٨/١٦ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەی کارگێڕی و دارایی و ئابووری |

# چالاکییەکانی لیژنەی کاروباری ئایینی

ئەم لیژنەیە پێکهاتووە لە سێ ئەندامی ئەنجومەن کە بریتین لە:

| ژ | ناو | پۆست لە لیژنەدا |
|---|---|---|
| ١. | ئەیمەن ئیبراهیم عەزیز | سەرۆک |
| ٢. | سەمەد ئیبراهیم محەمەد | جێگر |
| ٣. | ڕەسوڵ عەبدوڵڵا ئیبراهیم | بڕیاردەر |

ئەم لیژنەیە لە ماوەی یەک ساڵدا (٨) چالاکی ئەنجامداوە بەم جۆرەی خوارەوە:

- سەردان و بەدواداچوون

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٠/١١/٢٣ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | پێشوازیکردن لە بەڕێوەبەر و ئەندامانی لیژنەی (حەج و عومرە)ی پارێزگای سلێمانی، چەند پێشنیارێکیان پێشکەشکرد ئەوانەش:<br>١. وەک پارێزگای سلێمانی بەشی هاووڵاتیان بۆ بەجێهێنانی حەج خۆمان دیاریبکەین نەوەک وەزارەتی ئەوقاف بەشی پارێزگای سلێمانی دیاریبکات بۆ ئەو مەبەستەش داوای پشتگیری ئەنجومەنیانکرد و وەک لیژنەی کاروباری ئایینی بەتەواوی پشتگیریانکرد. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢. | | وەرزشی ئەوکاشۆ کاروباری ئاینی - هەولێر | سەردانکردنی وەرزشی ئەوکاشۆ کاروباری ئاینی بەمەبەستی گفتنی داواکاری بەرپرسەکەو ئەندامانی لیژنەی (مەچکۆ عەسرەکەی پارێزگای سلێمانی و کە لامەرکەزیەت پێدرێت بە پارێزگاکان لە ڕێگەی نووسینگەکەوە خۆیان هاوولاتیانی سەنتەری خۆیان دەستنیشانبکەن، چونکە خەڵکێکی زۆر ناڕازییە لەسەر ئەم پرسە. |
| ٣. | | | بەشداریکردن لە مەراسیمی بەمەتای میلادی و پرسەی زۆرێک لە پێشمەرگە شەهیدەکانی دەستی ڕەشی داعش لە شارو شارۆچکەکانی پارێزگای سلێمانیدا. |
| ٤. | | | بەشداریکردن لە مەراسیمی بەمەتای میلادی و پرسەی هەردوو زانای ئیسلامی (مامۆستا شەماڵ موفتی و د. مستەفا زەلمی) بەو پێیەی هەردووکیان سەرمایەیەکی گەورەیان هەبوو لە جیهانی ئیسلامی و ناوچەکەدا. |
| ٥. | | | بەشداریکردن لە یەروگی سەنگی وەسەرزان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان کە زۆربەیان وەک مەراسیمی ئاینی ڕێکخرابوون. |
| ٦. | | | هەماهەنگبوون لە فراکسیۆنەکانی ئەنجومەنی سلێمانی بۆ پێشنیازی پاڵپشتی (ئاشتیەکان) لە عێراق و ئەرمەن. |

◆ **چاودێری**

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | | سلێمانی | بەدواداچوون و چارەسەرکردنی کێشەی مزگەوتێک لە گەڕەکی ( وایەرلێس) کە لەسەر دروستکردنی مزگەوتەکە کێشە کەوتبووە نێوان چەند کەسێک هەندێکیان پێیان وابوو مزگەوتەکە دروستبکرێت و هەندێکی دیکەش پێیان وابوو کە نابێت مزگەوتەکە دروستبکرێت پاش سەردانیکردنی مەیدانی لیژنەکەمان پێشنیارکرد کە مزگەوتەکە دروستبکرێت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقافی سلێمانیش پێشنیارەکەی ئێمەی پەسەند کرد |

◆ **بەشداری سیمینارو ۆرکشۆپ**

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | | چەمچەماڵ | بەشداریکردن لە کۆنفرانسی ساڵانەی زانکۆی (چەمچەماڵ) کە بەتایبەتی لە پێکەوە ژیانی ئایینی و نەتەوەیی |

# چالاکییەکانی لیژنەی خزمەتگوزاری شارەوانی و هاتوچۆو گواستنەوەو گەیاندن

ئەم لیژنەیە پێکهاتووە لە حەوت ئەندامی ئەنجومەن کە بریتین لە:

| ژ | ناو | پۆست لە لیژنەدا |
|---|---|---|
| ١. | محمد رەسوڵ موراد | سەرۆک |
| ٢. | ژیلا حەمەڕەزا مستەفا | جێگر |
| ٣. | محمد عەبدولوەهاب عومەر | بڕیاردەر |
| ٤. | میدیا شێخ ئەحمەد شێخ ئیسماعیل | ئەندام |
| ٥. | ڕێبوار ئەحمەد مەولود | ئەندام |
| ٦. | هاوژین ئیسماعیل ئیبراهیم | ئەندام |
| ٧. | محمد ئیبراهیم محمد ئیبراهیم | ئەندام |

ئەم لیژنەیە لە ماوەی یەک ساڵدا (٥٢) چالاکی ئەنجامداوە بەم جۆرەی خوارەوە

- سەردان و بەدواداچوون

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/٢/٢ | قەزای ڕانیە – گەڕەکی هەواربەرزە | سەردانیکردن بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ دروستکردنی هەندێک شەقام لە گەڕەکی هەواربەرزە ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ڕێگەی هاتووچۆی (٢١٠) هاووڵاتیان گیراوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢. | ٢٠١٥/١٠/٢٣ | ناحیەی بەکرەجۆ | بەدواداچوون بۆ کێشەی زەوییەکانی (کاکی جیتە)ی سەرو و خوارو لەسەر شوێنی داوەشکردنەوەی گوندەکان. |
| ٣. | ٢٠١٥/١٠/٢٥ | قەزای ناحیە — گوندی پیرەمەگرون | سەردانی شارەوانی پیرەمەگرون بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکانیان لەوانە سنووری شارەوانی پیرەمەگرون دیار نییە. |
| ٤. | ٢٠١٥/١١/٢٦ | ناحیەی عەربەت | بەدواداچوون بۆ ئەو زیادە زەوییانەی کراونەتە سەر موڵکی گشتی لە سنووری شارەوانی عەربەت. |
| ٥. | ٢٠١٥/١١/٢٥ | سلێمانی | گفتوگۆکردن دەربارەی زەوییەکانی تەسلیم بە (٢٧)کارگەی گازییەوە - خزمەتگوزارییەکانی کۆمپانیاکانی لە کوردستان — شارۆچکەی تەقتەق. |
| ٦. | ٢٠١٥/١٢/٢٣ | سەیدسادق | چارەسەرکردنی کێشەی هاووڵاتییەک کە زەوییەکەی درابوو بەسەرکەوت. |
| ٧. | ٢٠١٥/١٢/٢٠ | هەولێر | سەردانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ کێشەی وەرگرتنی دەرچوانی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | خوێندکاری (٧) لە زانکۆ و پەیمانگاکان، بۆ ئەم مەبەستەش سێ خاڵ پێشکەشکراو دواتر بە نووسراوی ژمارە (٢٤٣٤/٥) لە (٢٠١٥/٩/٢٧) لەلایەن وەزارەتەوە کاری لەسەر کرا. |
| ٨. | ٢٠١٥/١١/٢٣ | سلێمانی | سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ بەدواداچوون بۆ کێشەی چەند هاووڵاتییەک لە (کەنتەسووڕە و گوندی زاڵەی سەروان ئیبراهیمیەوە) دا شارەوانی بڕیاری چارەسەری کێشەکانیدا. |
| ٩. | ٢٠١٥/١٢/٢٣ | سلێمانی | سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی سەبارەت بە تەملیککردنی (٢٠) گوندی ناو ماستەر پلانی سلێمانی (مەلا داود –خدیجە – قولەرەیسی هتد). |
| ١٠ | ٢٠١٦/٣/٢٨ | سلێمانی | سەردانی شارەوانی سلێمانی بۆ بەدواداچوون بۆ کێشەی دوو هاووڵاتی گەڕەکی قرگە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١. | ٢٠١٦/٤/٢٥ | سلێمانی | بەدواداچوون بۆ ژمارەیەک پردی کۆنەیی کە پێویستیان بە چاککردن هەیە |
| ١٢. | ٢٠١٦/٥/١٠ | دەربەندی رانیە | سەردانی پڕۆژەی ئاوی دەربەندی رانیە کە پڕۆژەیەکی ستراتیژییە لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە دەستپێکراوەو تائێستاش تەواونەکراوە |
| ١٣. | ٢٠١٦/٥/٢٣ | سلێمانی | سەردانی بەڕێوەبەرێتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەی ئاوی چەمچەماڵ – شۆڕش چۆنیەتی چارەسەرکردنی |
| ١٤. | ٢٠١٦/٥/٢٤ | قەزای دەربەندیخان | سەردانیکردنی قایمقامیەتی قەزای دەربەندیخان بەسەرپەرشتی دانانی رێگەچارەیەک بۆ کۆنترۆڵکردنی سەگوپشیلەی بەرەڵا لە دەربەندیخان و ناحیەی باوەنوور خۆشبەختانە چارەسەری گونجاو بۆ کێشەکە دانرا |
| ١٥. | ٢٠١٦/٥/٢٥ | سلێمانی | سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی و گفتوگۆکردن لەسەر کێشەی کۆنی بۆرییەکان و چارەسەرکردنیان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٦. | ٢٠١٦/٥/٢٥ | سلێمانی | گفتوگۆکردن لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی سلێمانی لەسەر نرخی خزمەتگوزاری یەکەکانی نیشتەجێبوون. |
| ١٧. | ٢٠١٦/٥/٢٦ | سلێمانی | سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی، بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی گوندی (قولەرەیسی). بەڵێنی چارەسەرکردنیاندا. |
| ١٨. | ٢٠١٦/٥/٢٧ | سلێمانی | سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی، بۆ بەدواداچوون بۆ کێشەی ئاوی دەربەندیخان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی. |
| ١٩. | ٢٠١٦/٥/٣١ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | پێشکەشکردنی بەدواداچوونێکی ورد لەسەر کێشەو گرفتەکانی ئاوی پارێزگای سلێمانی کە بریتین لە کێشەکانی:<br>١. کێشەی هێڵی دوکان (١): پێکهاتبێت لە کێشەکانی (پرۆژەی لولەی کۆنکرێت - وێستگەکانی ئاشقولان و بەرکۆرپان).<br>٢. کێشەی هێڵی دوکان (٢): کە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | پێکدێت لە (کێشەی میکانیکی – کێشەی کارەبایی).<br>٣. کێشەی ئاوی هەڵەبجەی شەهید.<br>٤. کێشەی ئاوی کەلار.<br>٥. کێشەی ئاوی رانیە.<br>٦. کێشەکانی ئاوی دەوروبەری سلێمانی (ئۆپراسیۆنکردنی پرۆژەی ئاوی دەربەندیخان - پرۆژەی ئاوی چەمچەماڵ شێوەی کوتلی هەواکە پەیوەستە گەڕەکێکی سلێمانی).<br>دواتر سەرۆکایەتی ئەنجومەن تەوەراوی بەرزکردنەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر گەڕانەوەی (٢٤٠)ی داهاتی ئاوی سلێمانی بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاوی پارێزگای سلێمانی. |
| ٢٠. | ٢٠٢٤/٣/٢٣ | سلێمانی | سەردانی سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەی پیسبوونی ژینگەو ئاوی تانجەرۆ. |

## چاودێری

| پوختەی چالاکی | شوێنی چالاکی | بەرواری چالاکی | ژ |
|---|---|---|---|
| بەهۆی کەموکوڕی لە پلانی دابەشکردنی زەوی، چەندین پیشەوەر بێبەش بوون لە وەرگرتنی زەوی بۆ دوکان. | ناوچەی پیشەسازی سلێمانی | ٢٠١٥/١١/٢٥ | ١. |
| دروستکردنی شەقامی قیر بۆ سەرخەمڵانی (رانیە) لەسەر ئەرکی خێرخوازێک (سەید محەمەد سەید ئەحمەد). | رانیە | ٢٠١٥/١٢/٢٥ | ٢. |
| سەردانی بەڕێوەبەری ناحیەی خەلەکان و شارەوانی خەلەکان بەمەبەستی تەواوکردنی کێشەی زەویەکانی لە ناحیەکەدا. | ناحیەی خەلەکان | ٢٠١٥/١٢/٣٠ | ٣. |
| سەردانی شارەوانی کەلار بەمەبەستی چاودێریکردنی پڕۆژەی عەلاوەی نوێی کەلار. | کەلار | ٢٠١٦/٤/٢٥ | ٤. |
| چاودێریکردنی پڕۆژەی ڕێگای سەرچنار و ئەتزێکەوە هەڵقەڵاوبوون لە دابەزینی توانستی کارکردنی پڕۆژەکان. | سلێمانی – سەرچنار | ٢٠١٦/٥/٢٤ | ٥. |
| سەردانی شوێنی فڕێدانی خاشاک بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ دانانی سنوورێک بۆ پیسبوونی ژینگە. | سلێمانی | ٢٠١٦/٧/١٢ | ٦. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧. | ٢٠١٦/٥/٤ | سلێمانی | سەردانی چەند یەکەیەکی نیشتەجێبوون وەک (ئەمیوان سیتی، پاک سیتی، نەورۆزە سیتی) بەمەبەستی ئاگاداربوون لە نرخی خزمەتگوزاریەکانیان. |
| ٨. | ٢٠١٦/٥/٢٢ | قەشقۆڵی – پیرموریان | چاودێریکردنی پرۆژەکانی قەشقۆڵی و پیرموریان بەمەبەستی بەدواداچوونی تەواوبوونی کاری پەیمانەکان. |

- **بەشداری سیمینارو وۆرکشۆپ**

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/٣/١٩ | سلێمانی | بەشداریکردن لەسیمینارێک بەناوی (تنمیة مهارة التفكير الإبداعي وصناعة القرارات/ د. حذيفة بن عبد العزيز العمقي ). |
| ٢. | ٢٠١٥/٣/١٩ | رانیە | پلانی ستراتیژی تەکنەلۆجی سەرکەوتوو – پەیمانگای گەشەپێدانی ئەکادیمی جیهانی. |
| ٣. | ٢٠١٥/٣/٢٢ | سلێمانی | سیمیناری (پلاندانانی ناو ناوچەو بونیادنانی توانەکان – بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانی) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤. | ٢٠١٦/٣/٢٩ | سلێمانی | کۆنفرانسی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)ە سەبارەت بە (یاسای کارگێری لە عێراقدا). |
| ٥. | ٢٠١٦/٣ | ڕانیە | کۆنفرانسی گەشەپێدانی دەڤەری ڕاپەڕین- دەڤەری ڕاپەڕین. |
| ٦. | ٢٠١٦/٤/١٨ | سلێمانی | کۆنفرانسی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)ە سەبارەت بە (کارگێری و لامەرکەزیەت). |
| ٧. | ٢٠١٦/٥/٣ | سلێمانی | کۆنفرانسی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)ە سەبارەت بە (پەرەپێدانی سیاسی لەسەر ئاستی پارێزگا). |
| ٨. | ٢٠١٦/٥/١٠-١٥ | سنە — تاران | کۆنفرانسی نێودەوڵەتی تایبەت بەگەڕەکە هەژارنشینەکان و چۆنیەتی گرنگی پێدان و خزمەتکردنیان. |
| ٩. | ٢٠١٦/٥ | سلێمانی | چۆنیەتی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەکان — د. حوزەیفە بن عبدالعزیز السعدی. |
| ١٠. | ٢٠١٦/٧ | سلێمانی | چۆنیەتی داڕشتنی سیاسەتی پارتە سیاسییەکان — بەپێوەرەکانی دیموکراسی نیشتمانی بونیادگەری. |
| ١١. | ٢٠١٦/٧/٢٤ | سلێمانی | کۆنفرانسی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)ە سەبارەت بە (ڕۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی هاووڵاتیان). |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧٢. | ٢٠٢١/٨/٣ | سلێمانی | ئۆفیسی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)، سەبارەت بە (هەماهەنگی نێوان ڕێکخراو و ئەنجومەنی پارێزگا لەچارەسەر کردنی کێشەکان). |
| ٧٣. | ٢٠٢١/٩/٣ | ڕانیە | ئەمەکێت – زانکۆی ڕاپەڕین/ د. حوزیفە بن عبد العزیز الصمالی. |
| ٧٤. | ٢٠٢١/٩/٢٦ | سلێمانی | ئۆفیسی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)، سەبارەت بە (ئەهلیەتی کارگێڕی). |
| ٧٥. | ٢٠٢١/٩/٢٦ | سلێمانی | ئۆفیسی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان)، سەبارەت بە (ڕۆڵی ئەهلیەتی کارگێڕی لە بەرەو پێشبردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان). |

❖ کۆبوونەوە

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/١٠/٣٠ | ناحیەی بەکرەجۆ | کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی و بەڕێوەبەری ناحیە سەبارەت بە ناوچەی پیشەسازی بەکرەجۆ. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢- | ٢٠١٥/٩/١٦ | سلێمانی | کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی سەبارەت بە : ١- کەمی خزمەتگوزاری پڕۆژەی هێلان سیتی. ٢- کێشەی تونێل زەماوەندو کۆگەی جگەرە |
| ٣- | ٢٠١٥/٩/٢٣ | سلێمانی | کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی شارەوانی سلێمانی سەبارەت بە: ١- کێشەی فراوانکردنی ڕێگای خەلیفان. کێشەی خانووە تێکڕووخاوەکانی سلێمانی. |
| ٤- | ٢٠١٥/١٢/٢٠ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | لە کۆبوونەوەیەکدا داوامان کرد سوپاس و پێزانین بۆ هەردوو خێرخواز (سەعید محەمەد سەعید ئەحمەد و سەعید ئەمین ئەحمەد) بکرێت لەبەرامبەر: ١.فراوانکردنی ڕێگەی یەکێک لە سەرشەقامەکانی (ڕانیە). ٢- دروستکردنی قوتابخانەیەکی ئەهلی لە ڕانیە لەسەر ئەرزی خۆیان. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٥ | ٢٠١٦/٢/٣ | ئیدارەی گەرمیان | کۆبوونەوە لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان بەمەبەستی داواکاری کەمکردنەوەی کرێی دوکان و خانوو لە سنووری ئیدارەی گەرمیان، خۆشبەختانە داواکارییەکە جێبەجێکرا. |
| .٦ | ٢٠١٦/٣/١٥ | ناحیەی بەکرەجۆ | کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێوەبەری ناحیەو سەرۆکی شارەوانی بۆ بەدواداچوون بۆ کێشەی چەند هاووڵاتییەک هەروەها کەمی سەوزایی لە ناوچەکەدا. |
| .٧ | ٢٠١٦/٥/١٥ | سلێمانی | کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی سلێمانی سەرۆکی لیژنەی گوندەکان سەبارەت بەکێشەو داواکاری گوندی زەرگەتە. |
| .٨ | ٢٠١٦/٥/٢٢ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | خستنەڕوو پێشنیارو داواکاری بۆ میوانداری بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی بۆ هاوکاریبوونی ئەنجومەن لە کێشەکانی ئاوو هاووڵاتیان بۆ چارەسەرکردنیان. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩. | ٢٠٢١/٧/٢٤ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری بەڕێوەبەرێتی هاتووچۆی سلێمانی و لیژنەی یاسایی هاتووچۆی سلێمانی سەبارەت بە بینای نوێی بەڕێوەبەرێتی هاتووچۆی سلێمانی کە لەسەر پارچەزەوییەکی موڵکی وەزارەتی ناوخۆ دروستکراوە |
| ١٠. | ٢٠٢١/٩/١٨ | پارێزگای سلێمانی | کۆبوونەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتی کاڵاکان لە گومرگەکانی (قەڵادزێ – مەنگاوی – باوەمرد – ترگە – حاجی ئۆمەران) |

# چالاکییەکانی لیژنەی پارێزگاریی
# (ئاسایش، پۆلیس، بەرگری شارستانی)

ئەم لیژنەیە پێکدێت لە پێنج ئەندامی ئەنجومەن کە بریتین لە:

| ژ | ناو | پۆست لە لیژنەدا |
|---|---|---|
| ١. | ئالا محمد جەزا | سەرۆک |
| ٢. | صباح فتاح ئەحمد | جێگر |
| ٣. | بەرزان محمد صالح | بڕیاردەر |
| ٤. | میدیا شێخ ئەحمد شێخ ئیسماعیل | ئەندام |
| ٥. | محمد عبدالوهاب عومەر | ئەندام |

ئەم لیژنەیە لە ماوەی یەک ساڵدا (١٨) چالاکی ئەنجامداوە بەم جۆرەی خوارەوە:

❖ سەردان و بەدواداچوون

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/٨/٣٠ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | بەدواداچوون بۆ کێشەی گوندی (زێوی خۆشناوەتی) کە لەلایەن کەسێکەوە دەست بەسەر پارچە زەوییەکی گشتیدا گیراوە و بووەتە هۆی گرتنی ڕێگای سەرەکی گوندەکە. |
| ٢. | ٢٠١٥/١١/١١ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | بەدواداچوون بۆ پرۆژەی دووسایدی تووەسی دەربەندیخان – کەلار |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەدواداچوون سەبارەت بە:<br>١- زانیاری تەواو لەسەر ئاماری میلاکاتی مەکائن و ئالیات و ئۆتۆمبیلەکانی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیسی پارێزگای سلێمانی بەسەرجەم بەشەکانییەوە بەمەبەستی بەرچاوڕوونی لیژنەکە لەسەر میلاکاتی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەو پشتگیریکردنیان بۆ چارەسەرکردنی کەمی کادیر و پەل.<br>٢- ئاڕاستەکردنی نووسراوێک بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای سلێمانی بۆ وەرگرتنی ڕوونکردنەوەی تەواو لەسەر نووسراوی ژمارە (٢٦٠٤) لە (٢٠١٦/٨/٩)، ئایا تاکو ئێستا بڕی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە چەندێک خەرج دەکرێت؟ ئایا کارکردنە بە یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی (٢٠٠٤)؟<br>٣- ئاڕاستەکردنی نووسراوێک بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ وەرگرتنی وەڵامی بەڕێوەچوونی وەزارەت لەسەر | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | ٢٠١٦/١١/١٨ | ٣. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | سەرنجی (بەڕێوەبەرایەتی نشینگەی سلێمانی/ بەشی ڤیزاو گەشتیاری) سەبارەت بەکێشەی ڤیزاو وەرگرتنی ڕوونکردنەوەو پابەندبوونی بەرپرسان سەبارەت بەم بابەتە. |
| .٤ | ٢٠١٦/٢/٢٥ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | بەدواداچوون بۆ داواکاری (فەرمانگەی داواکاری گشتی گەرمیان ) سەبارەت بە ڕێگەنەدانی هاتوچۆ لە نێوان شارو شارۆچکەکان |
| .٥ | ٢٠١٦/٣/٢ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | بەدواداچوون بۆ داواکاری هێڵی شوفێرانی (سلێمانی – پیرەمەگرون - دوکان) کە سکاڵا دەکەن بەوەرگرتنی بڕی (١٠٠،٠٠٠) سەد هەزار دینار بۆ نوێکردنەوەی لاگێتی ناوەوەی شار، هەروەها وەرگرتنی بڕی (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار بۆ نوێکردنەوەی پێناسی سەندیکای شوفێران کەچی سەندیکاوە لێیان وەردەگیرێت. |
| .٦ | ٢٠١٦/٥/٣٠ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | بەدواداچوون بۆ داواکاری (خاوەنی چەند کۆمپانیایەک) لە سنووری شاری دەربەندیخان سەبارەت بە درێژکردنەوەی کاتی کردنەوەو کارکردنی ئەو کۆمپانیایانەی کە مۆڵەتی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | فەرمیان هەیە بەرچاوگرتنی باری ئابووری ئێستاو مافەکانی وەرزێڕانی جوتیار. |
| ٧. | ٢٠١٦/٦/٢٢ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | بەدواداچوون بۆ رووداوی تەقەکردن لە بارەگاکەی (یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان) لە ناحیەی بازیان لە(٢٠١٦/٦/٢٠)دا |
| ٨. | ٢٠١٦/٦/٢٢ | | بەدواداچوون بۆ بارودۆخی تەندروستی شارۆچکەی (تەکیە)، کە ئەشەڕەوان ئەنجامەکی زۆری لێکەوتۆتەوە و تەندروستی هاووڵاتیانی خستۆتە مەترسییەوە |
| ٩. | ٢٠١٦/٨/٢٨ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | بەدواداچوون بۆ کێشەی زیادبوونی رووداوەکانی هاتووچۆ سەبارەت بە:<br>١. مەترسی شەقامی سالم لە ناو شاری سلێمانییەوە ئۆتۆمبیلەکان بە خێراییەکی زۆرەوە دێنە خوارەوە لەکاتی پەڕینەوەی هاووڵاتیان لە رووداوی لێکەوتۆتەوە |
| ١٠. | ٢٠١٦/٨/٢٨ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | بەدواداچوون بۆ داواکاری ئەفسەر و پۆلیسەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی کە داوا دەکەن چوارسەری تەمیوونی شوێن بۆ کارەکانیان بگوازرێتەوە لە تەلاری نوێی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی پارێزگای سلێمانی لە ئاشتیە. |

### چاودێری

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٦/٤/٢٣ | سلێمانی | بەمەبەستی چاودێریکردنی پڕۆسەی تێکەڵکردنی پەروەردەی قەزاکان بەشداریمان کرد لە کۆبوونەوەیەک بەبەشداری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی سلێمانی و بەڕێوەبەری پەروەردەی شارەزوور. |
| ٢. | ٢٠١٦/٥/٢٥ | هەڵەبجە | چاودێریکردن و بەدواداچوون بە مەبەستی گۆڕینی تاپۆی ئاوەیی هەڵەبجە بۆ زەوییەکان. |
| ٣. | ٢٠١٦/٦/١٥ | هەڵەبجە | چاودێریکردنی پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی هاووڵاتیانی سنووری قەزای شارەزوور، هەڵەبجە، عەربەت یاریکە. |

### بەشداری سیمینارو ۆرکشۆپ

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٣- ٢٠١٥/١١/٢٦ | ئەستەنبوڵ — تورکیا | ۆرکشۆپی هەرێمی سەبارەت بە پلانی سەرکەوتوو بۆ بەکارهێنانی وزەو وزەی تواناو پاک لە شارەکاندا بە سپۆنسەری یەکێتی ئەورووپاو بەسەرپەرشتی ڕێکخراوی (UNDP). |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢. | ٢٠١٦/٣/٢٩ | سلێمانی | وۆرکشۆپی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (یاسا کارگێڕییەکانی عێراق). |
| ٣. | ٢٠١٦/٤/١٨ | سلێمانی | وۆرکشۆپی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (کارگێڕی و دەسەڵات). |
| ٤. | ٢٠١٦/٨/٣ | سلێمانی | وۆرکشۆپی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (هەماهەنگی نێوان ڕێکخراو وئەنجومەنی پارێزگا لەچارەسەر کردنی کێشەکان). |
| ٥. | ٢٠١٦/٩/٢١ | سلێمانی | وۆرکشۆپی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (لامەرکەزییەتی کارگێڕی). |
| ٦. | ٢٠١٦/٩/٢١ | سلێمانی | وۆرکشۆپی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (ڕۆڵی لامەرکەزییەتی کارگێڕی لە بەرەو پێشبردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان). |

# چالاکییەکانی لیژنەی هونەریی پلانو پرۆژەکان و ئامادەکردنەوەو وەبەرهێنانو گەشتوگوزار

ئەم لیژنەیە پێکدێت لە (٩) ئەندامی ئەنجومەن کە بریتین لە:

| ز | ناو | پۆست لە لیژنەدا |
|---|---|---|
| ١. | خەدیجە عەبدولجەبار ئەحمەد | سەرۆک |
| ٢. | هاوژین ئیسماعیل ئیبراهیم | جێگر |
| ٣. | رزگار حەمەنووری میرزا | بڕیاردەر |
| ٤. | بەناز حەمەرەشید حەمەسەعید | ئەندام |
| ٥. | رێکەوت محەمەد زەکی صالح | ئەندام |
| ٦. | هۆشیار ئیسماعیل مستەفا | ئەندام |
| ٧. | ژیلا حەمەرەزا مستەفا | ئەندام |
| ٨. | رەسوڵ عەبدوڵڵا ئیبراهیم | ئەندام |
| ٩. | مەدیا شێخ ئەحمەد شێخ ئیسماعیل | ئەندام |

ئەم لیژنەیە لە ماوەی یەک ساڵدا (٢٤) چالاکی ئەنجامداوە بەم جۆرەی خوارەوە:

### ❖ سەردان و بەدواداچوون

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
| --- | --- | --- | --- |
| ١. | ٢٠١٥/١٠/٠٨ | گوندی موغاغ | بەدواداچوون بۆ داواکاری چراپۆی ئاوبڕا بۆ گوندی موغاغ. |
| ٢. | ٢٠١٥/١٠/٢٣ | سلێمانی | بەدواداچوون بۆ کێشەی دییە ستی و ئەوین ستی . |
| ٣. | | سلێمانی | سەردانی بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی سلێمانی بۆ بەدواداچوونی کێشەی پارچە زەویەك لە پێنجوێن. |
| ٤. | ٢٠١٥/١١/١١ | ئیدارەی گەرمیان | سەردانی ئیدارەی گەرمیان بۆ بەدواداچوونی قاعەکەی گەرمیان و پشتگوێکردنی قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی قاعەکە. |
| ٥. | ٢٠١٥/١١/٣٠ | کەلار | بەدواداچوونی شێوازی تەرخانکردنی پارچە زەوییەك لە قەزای کەلار. |
| ٦. | ٢٠١٦/٣/٢٢ | | بەمەبەستی لە نزیکەوە ئاگاداربوون لە ڕووداوەکەی (چاقی لاند)، لە تەورۆژدا لیژنەکە بەیاوەری سەرۆکی ئەنجومەنی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | پارێزگای سلێمانی، سەردانی مەیدانی (چاقی لاند) كراند كە بڕیاردرا لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە بۆ ڕووداوەكە پێكبهێنرێت و ئەوكەسانەی بوونەتە هۆی ئاژاوەكە بەسزای یاسای بگەن. |
| ٧. | | سلێمانی | بەدواداچوون بۆ كێشەی پاركینی عەلوەی سلێمانی ، كە كۆمپانیای وەبەرهێنی پرۆژەكە، بەرەزامەندی سەرۆكایەتی شارەوانی سلێمانی ئەیەتی نەخشەكەیان بۆكردووە، لەبری پاركینی ئۆتۆمۆبیل كۆمپانیاكە بەنیازبوو شوێنەكە بكاتە دووكان لە كۆتاییدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی:<br>١. پرۆژەكە لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە سوودی لێدەبینێت و تائێستا گرێبەستی (مساتەحە)ی بۆ ئەنجامنەدراوەو كرێی ساڵانەی لێوەرنەگیراوە، لە كاتێكدا كۆمپانیا مانگانە نزیكەی (٤٠) ملیۆن دینار داهاتی كرێیەتی. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢. نەخشەکەش بە بڕیاری شارەوانی بگۆڕرێت ، بەبێ ئەوەی حساب بۆ ئەوە بکرێت کە لەئێستادا (٤٠ - ٥٠) قاتع و دوکانی بەکارناهێنرێت، ئیتر چ پێویستی بەدروستکردنی قاتعی دیکە هەیە؟<br>٣. ئەو قاتعانەی کەدەیویست دروستیبکات، ڕاستەوخۆ دەکەوتە ژێر ڕێڕەوی تاوەری کارەبای نیشتمانی، کە بەهەموو پێوەرێکی زانستی و ئەندازەیی نەگونجاوە، ئیتر چۆن ئەم نەخشەیەیان بۆ ئەپدەیت کردووەتەوە؟؟؟<br>٤. زیادەڕۆییەکی زۆر کراوەتە سەر پارکێتی ئۆتۆمبێلی گەورەو کڕین و فرۆشتنی پێوە کراوە، بەبێ ئەوەی شارەوانی سلێمانی هیچ ڕێکارێکی ئەنجامدابێت، ئەمە لەکاتێکدا کە دوای (٨) ساڵ لە دەستپێکردنی پرۆژەکە و دوای(٤) ساڵ تەواو بوون و بەکارهێنانی هێشتا | | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | شـــــــازەوانی گرێبەســـــــتی موساتەحەکەی بۆ نەکردووە... بۆیــە وەك لیژنــە بڕیارمانــدا، کــە بڕیارەکــەی ئەنجومــەنی شــارەوانی سلێمانی پێویستە هەڵبوەشێتەوەو کـــار بەنەخشـــە بنەڕەتیەکـــە بکرێت‌و سەرجەم کەموکورتیـەکان بەزووترین کات چارەسەر بکرێن. |
| ٨. | ٢٠١١/٤/١١ | ئەنجومەنی پارێزگـــای سلێمانی | پێشکەشـــــکردنی یاداشـــــتنامەیەك بەســـەرۆکایەتی ئەنجومـــەن، بـــۆ پێکهێنـانی لیژنەیـەکی تایبـەت لـە فراکسیۆنە جیاوازەکان، بەمەبەستی بەدواداچـــوون‌و بەلیســـتکردنی سەرجەم ئەو بیناو موڵکە گشتییانەی ســالأنێکە لـــە لایـــەن حیزبـــە سیاسیەکان‌و ڕێکخراوە حیزبییەکانەوە داگیرکـــراوە لـــە ســـنوری پارێزگـــای ســـلێمانی و هەڵەبجـــەو گـــەرمیان‌و ڕاپەڕیندا، بەمەبەستی گەڕانەوەیان‌و ناردنی دۆسـیەکەیان بـۆ داواکـاری گشـتی، لەکۆتاییشـدا سـەرۆکایەتی ئەنجومەن دەستبەجێ لیژنەیـەکی بـۆ ئەو مەبەستە پێکهێنا. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٩. | ۲۰۱۰/۱۱/۵ | پێنجوێن | سەردانی قایمقامیەتی قەزای (پێنجوێن)و سەرۆکایەتی شارەوانی (پێنجوێن) بەمەبەستی بەدواداچوون بۆ پارچە زەویەك کە رەگەزەکەی دەگۆڕێت لە باخچەوە بۆ خزمەتگوزاری و بازرگانی و پاریگایەکی تارتانی راخراو بەمەبەستی خستنەسەر رێکاری یاسایی خۆی. |
| ١٠. | ۲۰۱۱/۱۱/۲۸ | سلێمانی | سەردانی شوێنی پرۆژەی شاری (ئەوین) کە پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی ساڵی (۲۰۰۸)یەو هێشتا کارەکانی تەواو نەبووە، بۆ وەرگرتنی زانیاری لە هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکەو وەرگرتنی سکاڵای چەند هاووڵاتییەك، بەدواداچونمان بۆ کرد، دواتریش پێشنیارمان کرد پرۆژەکەماندا لە وەبەرهێنەرەکە وەربگیرێتەوە، لەبەرئەوەی کەموکورتی زۆرەو بۆی تەواو ناکرێت. |
| ١١. | | ئیدارەی گەرمیان | سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان و سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار، بەمەبەستی هەماهەنگی و دەربڕینی پشتیوانی ئەنجومەن بەتایبەت دوای ڕووداوی لافاوی ناوچەکە، کە بووە هۆی زەرەرو زیانێکی زۆری هاوڵاتیان، پارێزگای سلێمانیش ئامادەیی دەربڕی بۆ هاوکاریکردنیان لەهەڵمەتی پاککردنەوەدا. |
| ١٢. | ٢٠١٦/٤/٥ | شاربازێڕ | سەردانی ناوچەی (شاربازێڕ) کە بەهۆی لافاوەوە، چەند ماڵێک زیانیان لێکەوتبوو، توانرا هاوکاری بگەیەنرێتە ئەو ماڵەکان کە لەلایەن پارێزگای سلێمانی و کۆمپانیای قەیوانەوە ئامادەکرابوو، کە بەنوسراوی فەرمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی داوای هاوکاریان بۆ کرا. |
| ١٣. | ٢٠١٦/٦/٥ | شاربازێڕ | سەردانی قەزای شاربازێڕو ناحیەی گاپیلۆن، ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ ئیدارەو خەڵکی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | ناوچەکەدا بەمەبەستی بەدەمەوەچوونی داواکاریەکانیان. |
| ١٤. | | سلێمانی | بەدواداچوون بۆ شێوازی گرێبەستی دروستکردنی کارتی زیرەک. |
| ١٥. | | سلێمانی | بەرزکردنەوەی پێشنیاری کەمکردنەوەی داتەوەی قیستی درێژخایەنی سندوقی نیشتەجێ کردن لە(١٠) ساڵەوە بۆ(١٥) ساڵ بۆ ئەنجومەنی وەزیران و دەستەی گشتی وەبەرهێنان و پەرلەمانی کوردستان، بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێکردندا. |

❖ **چاودێری**

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/٩/٢٢ | **ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی** | **بەشداریبوونی لەگەڵ لیژنەی (سکاڵاو بەدواداچوون)داو بەشداربوونی بەرنامەی جێبەجێکردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی لەگەڵ وەبەرهێنەرو خاوەنی پرۆژەی نیشتەجێبوونی** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| (ئەوەی) کاریگەرییەتەوە سەبارەت بەگرفتەکانی پڕۆژەکەو دواکەوتنی ماوەی یاسایی تەواوبوونی پڕۆژەکەو سکاڵای هاووڵاتیان و بەڵێندەری دەرەکی | | | |
| سەردانی پێگەی پڕۆژەی دروستکردنی تۆڕی ئاو وقەمتاتی (٢٥٠)م٣ زەوی بەرز بۆ هەردوو گوندی شەکراڵی و گردی گۆ کە بەجێبەجێکردنی راستەوخۆ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاوی دەوروبەری سلێمانییەوە جێبەجێ دەکرێت، دوای ئەم بەدواداچوونە ئەم پڕۆژەیە خرایە خشتەی جێبەجێکردنەوە | گوندەکانی شەکراڵی و گردی گۆ | ٢٠١٦/٨/٤ | ٢. |
| سەردانی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوان بۆ بەدواداچوونی کێشەی منداڵە دارزاوەکانی هەڵەبجە. | هەولێر | | ٣. |
| سەردانی وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ بەدواداچوونی کێشەی منداڵە دارزاوەکانی هەڵەبجە. | هەولێر | | ٤. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٥ | | **سلێمانی** | ناردنی ئەم دۆسیانە بۆ داواکاری گشتی و لە ئێستادا کاری لەسەردەکرێت (کێشەکانی پڕۆژەی چاقی لاتە، کێشەی سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە، کێشەی نایاسایی گرێبەستی بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی و کۆمپانیای سەربەخۆ، کێشەی پڕۆژەی ئەوین ستی ، کێشەی پڕۆژەی چەرموو ستی ، ڕێگەگرتن لە تەرخانکردنی پارچەزەوییەک بە نایاسایی لە شارەوانی کەلار، ڕێگەگرتن لە نایاسایی مامەڵەکردن لەگەڵ بەشێک لە ماستەرپلانی عەلوەی سلێمانی، پێشکەشکردنی پڕۆژەی بەرنامەی (ISO).). |

### ❖ بەشداری سیمینارو وۆرکشۆپ

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/١٢/٢٣ | تورکیا – ئیستەمبوڵ | کۆنفرانسی نمایشی پلان و خەزنکردنی وزەی پاك بۆ شارەکان. |
| ٢. | ٢٠١٦/٥/١٢ | چەمچەماڵ | بەشداریکردن لە گفتوگۆکردن لە سەر گرفتەکانی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە کەرتی نیشتەجێبوون لەسەر ئەنجامی راپرسییەك کە لەلایەن رێکخراوی (ئاوات) ئەنجامدراوە لەسەر پڕۆژەی (چەمچەماڵ سیتی) کە لەلایەن کۆمپانیای (یەرێز)ەوە جێبەجێکراوە و ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆری بەشداربووانی لێکەوتووەتەوە |
| ٣. | ٢٠١٥/١١/١٨ | سلێمانی | راگەیاندنی پلانی ستراتیژی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵانی (٢٠١٦-٢٠١٨) بە هەڵمەتی ناشتنی نەمام لە سەر شاخی گۆیژە. |
| ٤. | ٢٠١٦/٧/٢٤ | سلێمانی | (رێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی هاووڵاتیان). |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .٥ | ٢٠١٦/٨/٣ | سلێمانی | ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (هەماهەنگی نێوان ڕێکخراو و ئەنجومەنی پارێزگا لەچارەسەر کردنی کێشەکان). |
| .٦ | ٢٠١٦/٩/٢١ | سلێمانی | ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (ناعەدالەتیی کارگێڕی). |
| .٧ | ٢٠١٦/٩/٢١ | سلێمانی | ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (ڕۆژی ناعەدالەتیی کارگێڕی لە بەردەم پێشێلکاری ئەنجومەنی پارێزگاکان). |

◆ ئەنجامدانی کۆبوونەوە

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| .١ | | | کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی هونەری و سکالا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پرۆژەی (ئەوین سیتی) |
| .٢ | ٢٠١٦/٧/٢٠ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | کۆبوونەوەی ئاسایی لیژنەی (هونەری و پلان و پرۆژەکان و وەبەرهێنان) |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣. | ٢٠٢١/٧/٢٠ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | کۆبوونەوەی لیژنەی هونەری لە تایبەت بە کێشەی پڕۆژەکانی (شاهین ستی و دیبە ستی |
| ٤. | ٢٠٢١/٣/٢٤ | پارێزگای سلێمانی | کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێز (کاک کاوە) جێگری پارێزگار بۆ کاروباری هونەری و هەندێک لە ئەندازیارە بەڕێزەکان بۆ دەستنیشانکردنی پڕۆژە تەواونەبووەکانی سنووری پارێزگای هەڵەبجە و ئامادەکردنیان بۆ بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ ساڵی (٢٠٢١)، بەگوێرەی ڕێژەی کاری ئەنجامدراو و ڕێژەی پێویستیان. |
| ٥. | | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | کۆبوونەوەی لیژنەی هونەری – پڕۆژەکان و وەبەرهێنان، بە ئامادەبوونی هەریەکە لە (بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی و خاوەنی پڕۆژەی (شاهین ستی) و نوێنەری خاوەن یەکەکانی پڕۆژەی (شاهین ستی)، بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەی پڕۆژەکانی (شاهین ستی، گەلاری نوێ، دیبە ستی، وەرزشکاران) و لە ئەنجامدا بۆ چارەسەری کێشەکان هەندێک بڕیار و پێشنیار لەوبارەیەوە درا. لەئاییندەشدا بەدواداچوون بۆ ئەنجامەکەی دەکرێت. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦. | ٢٠١٦/٦/٢٩ | سلێمانی | ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەک لەسەر بەدواداچوونی کاری کۆمپانیای ( سەربەخۆ) ، کە پرۆژەی لێدانی تابلۆی ئۆتۆمۆبێل و دروستکردنی گەراج و دووکان و رێستۆرانت لە سلێمانی جێبەجێدەکات، بەهۆی نایاسایی بوونی بەشێکی زۆری گرێبەستەکەیان، پێشنیارمان کرد پرۆژەکە هەڵبوەشێنرێتەوەو دۆسیەکەش بۆ فەرمانگەی داواکاری گشتی بنێردرێت. |
| ٧. | ٢٠١٦/٦/٢٨ | سلێمانی | کۆبوونەوەی تایبەت لەسەر بڕیاری خەرجکردنی (٢٠٪ )ی داهاتی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆ، لەلایەن خۆیانەوە. |

# چالاکییەکانی لیژنەی کۆمەڵایەتی

ئەم لیژنەیە پێکدێت لە سێ ئەندامی ئەنجومەن، کە بریتین لە:

| ژ | ناو | پۆست لە لیژنەدا |
|---|---|---|
| ١. | ئامانج نەجیب شەمسین | سەرۆک |
| ٢. | پەناز حەمە رەشید حەمە سەعید | جێگر |
| ٣. | نیان عەزیز محەمەد | بڕیاردەر |

ئەم لیژنەیە لە ماوەی یەک ساڵدا (٢) چالاکی ئەنجامداوە بەم جۆرەی خوارەوە:

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | جۆری چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | | | ئامادەکردنی پڕۆژەی (پەیکراوە جێهێشتنی باخچەو دایەنگەی منداڵ) لەوەزارەتی خوێندنە بەهەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی پەروەردە لە ئەنجومەنی پارێزگا پێشکەش بە لیژنەی پەروەردەی پەرلەمانی کوردستان کرا. |
| ٢. | | | کۆکردنەوە بۆ ئامادەکردنی پڕۆژەی (یاسای کارو دەستەبەری کۆمەڵایەتی) بۆ کرێکاران و کارمەندانی کەرتی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | تایبەت کە هاوتەریب بێت لەگەڵ یاسای خانەنشینی فەرمانبەران، بەمەبەستی زەمانەتکردنی هەلی کار بۆ گەنجان و هاندانی هاووڵاتیان بۆ کارکردن لە کەرتی تایبەت و کەمکردنەوەی داواکاری بۆ دامەزراندن لە کەرتی حکومی بەڵام بەهۆی لەکارکەوتنی پەرلەمانەوە پرۆژەکە وەستێنرا لەبەرئەوەی پێویستی بە دەرچواندنی یاسا هەبوو. |

# چالاكییەكانی لیژنەی
# رۆشنبیری و هونەر و راگەیاندن و پاراستنی ئاسەوار

ئەم لیژنەیە پێكهاتووە لە سێ ئەندامی ئەنجومەن، كە بریتین لە:

| ژ | ناو | پۆست لە لیژنەدا |
|---|---|---|
| ١. | ئالان جەمال ئەحمەد | سەرۆك |
| ٢. | فەرهاد تۆفیق حەسەن | جێگر |
| ٣. | محەمەد عەبدولوەهاب عومەر | بڕیاردەر |

ئەم لیژنەیە لە ماوەی یەك ساڵدا (٤) چالاكی ئەنجامداوە بەم جۆرەی خوارەوە:

❖ سەردان و بەدواداچوون

| ژ | بەرواری چالاكی | شوێنی چالاكی | پوختەی چالاكی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/٠٣/٢٥ | ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی | بەدواداچوون بۆ سكاڵای هاووڵاتی (كەریم عەبدوڵا عەزیز) و هاووڵاتی و هونەرمەند (حەمەی ساز) لەسەر كێشەی خانووی (هۆڵی كەریم) بۆ ئەم مەبەستانەش دووجار نووسراومان ئاراستەی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی كرد بەڵام تائێستاش هیچ ئەنجامێكی نەبووە. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢. | ٢٠١٤/٣/٣٠ | سلێمانی | کۆبوونــــەوە لەگــەڵ دەســتەی کۆمپانیـــای (مەســتی فــیلم) بەمەبەســتی بەدواداچــوون بــۆ کێشەی کۆمپانیای ناوبراو لەگەڵ بەشـــــی ســــــینەماکە دوای ئەنجامــدانی گفتوگــۆی نێــوان هــەردوولا لەگــەڵ لایــەنی پەیوەندیــدارو بــەڕێز وەزیــری ڕۆشــنبیری گەیشــتنە ئــەنجام و کێشــەکە کۆتاییهــات بــەوەی کــە فیســتڤاڵی ســینەما لــە شــاری ســلێمانی ئەنجامبــدرێت و کۆمپانیای (مەستی فیلم) خۆیان ئەنجامیبدەن و سەرپەرشتیبکەن. |

## ❖ بەشداری سیمینارو ۆرکشۆپ

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/١٢/٨ | سلێمانی | لیژنــەی ڕۆشــنبیری و هونــەر لەگــەڵ دەســتەی ســەرۆکایەتی ئەنجومــەن خــەڵاتی وەرگرتنــەمان بەھــۆی بــەگروپی (مــوزیکی بــۆیز) کەبەشــداربوون لــە فیستیڤاڵی کلتوری لە مەراکیش. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢. | ٢٠١٦/٥/٣ | | لیژنەی ڕۆشنبیری و هونەر لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن خەڵاتی ڕێزلێنانمان پێشکەش بە ستافی کورتە فیلمی (ئێران) کە بەشداربوون لە فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی (بەسرە)و خەڵاتی یەکەمی ئەکتەری گەنجیان پێبەخشرا. |
| ٣. | ٢٠١٦/٧/٢٤ | سلێمانی | (وۆرکشۆپی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (ڕۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە دابینکردنی مافەکانی هاووڵاتیان). |
| ٤. | ٢٠١٦/٨/٣ | سلێمانی | (وۆرکشۆپی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (هەماهەنگی نێوان ڕێکخراو و ئەنجومەنی پارێزگا لەچارەسەر کردنی کێشەکاندا). |
| ٥. | ٢٠١٦/٩/٢١ | سلێمانی | (وۆرکشۆپی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (نامەرکەزیەتی کارگێڕی). |
| ٦. | ٢٠١٦/٩/٢١ | سلێمانی | (وۆرکشۆپی ڕێکخراوی (کوردستان بۆ هەمووان) سەبارەت بە (ڕۆڵی نامەرکەزیەتی کارگێڕی لە پەرەپێدانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا). |

# چالاکییەکانی لیژنەی
# (مافی مرۆڤ و کۆچ و کۆچبەران)

ئەم لیژنەیە پێکهاتبوو لە سێ ئەندامی ئەنجومەن کە بریتین لە:

| ژ | ناو | پۆست لە لیژنەدا |
|---|---|---|
| ١. | سیروە حەمەخدر | سەرۆک |
| ٢. | محمد ئیبراهیم محمد | جێگر |
| ٣. | ئالان جمال ئەحمد | بڕیاردەر |

ئەم لیژنەیە لە ماوەی یەک ساڵدا (٩) چالاکی ئەنجامداوە بەم جۆرەی خوارەوە

- **سەردان و بەدواداچوون**

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/١١/١ | سلێمانی | سەردانی سەرۆکی لیژنەی (مافی مرۆڤ و کۆچ و کۆچبەران) بۆ نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی ئاوارەکان لە ئەیوانی پارێزگا بەمەبەستی چۆنییەتی دروستکردنی ئەو نووسینگەیە بەیەکەوە ڕێکخستنی و پەیوەندی بە نووسینگەکانی تری کۆچبەرانەوە |
| ٢. | ٢٠١٥/١١/٢٢ | سلێمانی | سەردانی نووسینگەی سلێمانی (کۆچ و کۆچبەرانی عێراق) بەمەبەستی ئاگاداربوون لە کێشە و گرفتەکانیان و |

| | | | |
|---|---|---|---|
| وەرگرتنی ژمارەی تایبەت بەژمارەی ئەو ئاوارانەی کە دێنە پارێزگای سلێمانییەوە | | | |
| سەردانی لیژنەی (مافی مرۆڤ وکۆچ و کۆچبەران) بەمیوانی بەرپرسەری ئاسایشی سورداش. سەردانی کەمپی ئاوارەکانی سورداشمان کرد بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر چۆنییەتی تەواو بوونی کەمپەکە. | سورداش— سلێمانی | ٢٠١٥/٣/٢١ | ٣. |
| بەشداربوون بۆ کۆبوونەوەی (ڕێکخراوی ڕاشتیوو کۆمەڵایەتی خەلاك ) بۆ ژنان کە داواکاری لیژنەکەمان کرابوو لەبەر ئەوەی ئەنجومەن هیچ بودجەیەکی بەرنامەیی تێیە هاوکاری ئەو ڕێکخراوە بکات بۆ بەردەوامبوونی پرۆسە پێویستە ئەنجومەن نووسراو داواکاری ئاسایشی جێبەجێکار بکات. | سلێمانی | ٢٠١٦/٧/٢٣ | ٤. |
| بەڵێن بەشداری خەڵکی (تیاتر ئەمەسەن) ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی بینینی هاوکاری مرۆیی سەردانی ئەو (٣) خێزانە کرا لە قەڵاچوالان کەماوەی لانکەیەکی گونجاوی ژیانی ئاوارەیان پێکهێنابوو. | قەڵاچوالان - سلێمانی | ٢٠١٦/٤/٥ | ٥. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦. | ٢٠١٦/٥/٢٩ | سلێمانی - ڕاپەڕین | سەردانكردنی هەرێمەكە لە نووسینگەی ماف مرۆڤی ڕاپەڕینو بەشی پۆلیسی گرتنو گواستنەوەی ڕاپەڕین |

❖ چاودێری

| ژ | بەرواری چالاكی | شوێنی چالاكی | پوختەی چالاكی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٥/١٢/١٦ | كەمپی عەربەت — سلێمانی | دوای وەرگرتنی پەیامێك لەلایەن بەڕێز (محەمەد شێخ وەهاب) دەستەی ئەنجومەن كە تایبەتبوو بەپەیوەستەی چەند خێزانێكی كەمپی ئاوارەكانی عەربەتەوە پەیوەندیكرا بە بەڕێوەبەری كەمپەكەو بەڕێزیان ڕایانگەیاند كە ئەو خێزانانە ماڵەكانیان بەسەردا تێپەڕیوەو بەپێی ستانداردی ڕێكخراوی (UNHCR) نییەت بسوتێنرێنو خێمەی تازە ئەمیریان وەربگرێتەوە تێمەش هەستاینكەیان سوتاندنو هەستاینكەیان دا بە هاووڵاتیان بۆ سەرخانی خێزانەكانیان. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢. | | سلێمانی | سکاڵای هاووڵاتی (شیرین ئەحمەد حسێن) و کۆمەڵێک هاوڵاتی ناحیەی بازیان لەسەر ڕێکخراوی (ئەمنیل) کە ئەم خێزانانە پێیانوتبوون لەبری ئەو (٧٠٠.٠٠٠) حەوت سەد هەزار دینارەی کەلەلایەن ئەو ڕێکخراوەوە بۆ خێزانە هەژارەکان تەرخانکرابوو، ئەمەش وەک لیژنەی (ماڵ مرافق و کۆچبەران) داواکاریەکەمان ئاڕاستەی (نووسینگەی هاوبەشی هەماهەنگی ئەمریکاکان) لە پارێزگای سلێمانی کرد بەمەبەستی لێپرسینەوە لە ڕێکخراوی (ئەمنیل). |

❖ بەشداری سیمینارو وۆرکشۆپ

| ژ | بەرواری چالاکی | شوێنی چالاکی | پوختەی چالاکی |
|---|---|---|---|
| ١. | ٢٠١٦/٧/٢٣ | سلێمانی | بەشداریکردن لە سیمینارێک لە نووسینگەی سلێمانی پەرلەمانی عێراق لەسەر (پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو ڕێزو بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی)، کە لەلایەن لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی پەرلەمانی عێراقەوە ئامادەکرابوو. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢. | ٢٠١٦/٨/٢ | بازیانە | بەتوندترین ڕێگەی سەرکۆنەیەتی ئەنجومەن بەشداریمان کرد لە کردنەوەی (سەنتەری گەنجان) لەکەمپی ئاوارەکانی بازیانە، کەئەمەیەن ڕێکخراوی (فوکین پارێنت پێنرای) ئینالییەوە کراوەتەوە کە تایبەتبوو بەکوڕانی ڕۆژئاوا. |
| ٣. | ٢٠١٦/٨/٣ | سلێمانی | بەشداریکردن لە خولێکی دوو ڕۆژە تایبەت بە (یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان) کە بەهاوکاری دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی لە کوردستان بەڕێوەچوو. |

بەشی شەشەم

# هەڵسەنگاندن

خوێندنەوەیەکی هەڵسەنگاندنانە بۆ

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

بێگومان هەڵسەنگاندنی کارو چالاکی هەر دام و دەزگاو لایەنێک، کارێکی هێندە سانا نییە، بەڵکو پێویستی بە هەوڵ ماندووبونێکی زۆرە، بۆ دەستخستنی زۆرترین داتاو زانیاری لەسەرئەودەزگاو لایەنە، بەتایبەتیش هەڵسەنگاندنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە ئەم دەزگایە باڵاترین دەزگای پارێزگای سلێمانیەوشەرعیەتی خۆی لەسندوقەکانی دەنگدانەوە وەرگرتووە، جیاوازی ئەم ئەنجومەنە خۆجێیاینە لەگەڵ هەردەزگایەکی دیکەدا ئەوەیە کە ئەم ئەنجومەنە لە تێکەڵەیەکی سیاسی پێکدێت .ئەمە جگە لەوەی ئەم ئەنجومەنانە لەبارێکی نالەباری وەک دابڕانی سیاسیو لەکارکەوتنی پەرلەمانوململانێی سیاسیوخراپی رەوشی ئابوریدان، ئەمە جگەلە نەبوونی دەسەڵاتی ئەم ئەنجومەنانەو پیادەنەکردنی سیستمی لامەرکەزیەت.

ئێمە بۆ هەڵسەنگاندنی کارو چالاکییەکانی ئەنجومەن لە ماوەی (٢٠١٥/١٠/١- ٢٠١٦/٩/٣٠ ) کە ماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکەیە، بەپشتبەستن بەم خاڵانەی خوارەوە هەڵسەنگاندنمان کردووە:

* ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی پارێزگادا

* ئەو داتـاو زانیاریانەی کەلەلایەن ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیەوە پێماندراوە.

* راپۆرتی لیژنەکانی ئەنجومەنی پارێزگا.

* پێگەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت.

وەک (رێکخراوی کوردستان بۆ هـەمـووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی) بەچەند خالێک هەلسەنگاندن دەخەینەڕوو، بەو ئومێدەی سەرنج و تێبینیەکان ببنە جێگەی سودمەندی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو بەهەندوەربگیرێن، بەتایبەت دەستەی نوێی سەرۆکایەتی ئەنجومەن ئەم راپۆرتە بەجدی وەربگرن بۆ پەرەپێدانی ئەدای ئەنجومەنەکە.

هەلسەنگاندنەکە دابەشکراوە بەسەر (٩) تەوەردا کەبریتین لە:

یەکەم/ خوێندنەوەی تایبەت بە کۆبونەوەکانی ئەنجومەن.

دووەم/ خوێندنەوەی تایبەت بە کۆبوونەوەی ژمارە (٢٩)ی ئەنجومەن لە (٢٠١٦/٨/٢٥)دا

سێیەم / خوێندنەوەی تایبەت بە ئەندامانی ئەنجومەن.

چـوارەم / خوێندنەوەی تایبەت بە لیژنە هەمیشەییەکانی ئەنجومەن.

پێنجەم / ئەنجومەنو رۆلی لە قەیرانەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیدا.

شەشەم / ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو یاسای ژمارە (٣) ی سالی (٢٠٠٩).

حەوتەم / رێکەوتنی سیاسی نێوان (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)و (بزووتنەوەی گۆڕان)و کاریگەری لەسەر ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

هەشتەم / کێشەی هاوولاتیانو ئەنجومەنی پارێزگا.

نۆیەم/ هۆبەی زانیاری پێدان لە ئەنجومەنی پارێزگا.

یەکەم/ خوێندنەوەی تایبەت بە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن.

**یەکەم/ بەپێی ماددەی (١٠) برگەی (یانزەهەم)ی پەیڕەوی ناوخۆ، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێویستە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی هەفتانە جارێک، لە ڕۆژی سێشەممەدا ئەنجامبدات، بەڵام ژمارەی ئەو کۆبوونەوانەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە لە (٢٠١٤/٦/٢٤)داکە یەکەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ئەنجامداهەتا کاتی نووسینی ئەم راپۆرتە تەنها (٢٩)کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامداوە، لەکاتێکدا دەبوایە لەماوەی یەکساڵدا (٥٢) کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامبدایە.**

**لە ماوەی (٢٠١٥/١٠/١- ٢٠١٦/٩/٣٠) کە ئەو ماوەیەیە بەدواداچوونی راپۆرتەکە لە خۆیدەگرێت، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی تەنها (٩) کۆبوونەوەی ئەنجامداوە کە دەبوو بەپێی برگەی یانزەی ماددەی (١٠)پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنەکە، ئەنجومەن (٥٢) کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامبدایە، بەڵام لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنەوە هەتا ئێستا تەنها (٢٩) کۆبوونەوە ئەنجامدراوە.**

**دووەم/ ئەنجامنەدانی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەن :**

**❋لە (٢٠١٥/١٠/٢٠)داکۆبوونەوە ئەنجامنەدرا بەهۆی ئاڵۆزی قەیرانی دارایی و سیاسی و رێگریکردن لەسەرۆکی پەرلەمان ..**

**❋ لە (٢٠١٥/١١/١٠)دا بەهۆی ئەوەی ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەکە نەکرابوو کۆبوونەوە ئەنجام نەدرا..**

**❋ لە (٢٠١٥/١١/١٧)دا کۆبوونەوە ئەنجامنەدرا بەهۆی ئەوەی ئامادەکاری بۆ کۆبوونەوەکە نەکرابوو ..**

**❋لە (٢٠١٥/١٢/٢٩)داکۆبوونەوە ئەنجامنەدرا بەهۆی پشێوی سەری**

ساڵەوە.

* لە (٢٠١٦/١/٥)دا کۆبوونەوە ئەنجامنەدرا بەهۆی ململانێ نێوان ئەندامانی ئەنجومەن، پاش ئەوەی لە (٢٠١٥/١٢/٣٠)دا لە ڕێگەی یەکێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، هەواڵێک بڵاوکرایەوە لەسەر (٧) ئەندامی ئەنجومەن کە گوایە پارەیان لە کۆمپانیایەکی کەرتی تایبەت وەرگرتووە، ئەو حەوت ئەندامەی ئەنجومەن کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیان لەو بارەیەوە ئەنجامداو سکاڵایان لەسەر ئەوکەناڵەی هەواڵەکەی بڵاوکردبووەوە وسکاڵاشیان لەسەر سەرۆکی لیژنەی یاسایی ئەنجومەن تۆمارکردو سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتیش دەستی لە سەرۆکی فراکسیۆن کێشایەوە.

* لە (٢٠١٦/١/١٩)دا کۆبوونەوە ئەنجامنەدرا بەهۆی نەبوونی ڕێژەی یاسایی بۆ کۆبوونەوەکە (٥٠+١)، حەوت ئەندام مۆڵەتی یاساییان وەرگرتبوو (١٣) ئەندام نەهاتنە هۆڵی کۆبوونەوەکان، هەندێک لە ئەندامەکان هۆکاری ئامادەنەبوونیان گێڕایەوە بۆ (خراپی تەوەری کارنامەی کۆبوونەوەکە، سەرۆکی ئەنجومەن پشتگیری لەو ئەندامانە نەکردووە کە تۆمەتبارکرابوون، هەندێک لە ئەندامان پێیان وابوو گوایە پارێزگار لەپشتی دواخستنی کۆبوونەوەکەیە).

*لە (٢٠١٦/١/٢٦)داکۆبوونەوە ئەنجامنەدرا بەهۆی ڕاگەیاندنی پشووی فەرمی لەلایەن حکومەتەوە، بەهۆی خراپی کەش و هەواوە.

* لە (٢٠١٦/٢/٩)دا کۆبوونەوە ئەنجامنەدرا بەهۆی ئامادەنەکردنی کارنامەی کۆبوونەوەکە، ناکۆکی نێوان ئەندامان.

* پاش ئەوەی لە (٢٠١٥/١١/٣٠)دا سەرۆکایەتی ئەنجومەن، لەڕێگەی نوسراوێکەوە، ئەندامانی ئەنجومەن دڵنیا کردەوە کەوا شتێک نییە بەناوی (زۆنی سلێمانی)یەوە، بەڵام سەرۆکی لیژنەی

یاسایی، لە (٢٠١٥/١٢/١)دا، داواکاریەکی پێشکەش سەرۆکایەتی ئەنجومەن کردووەو جەخت لە بوونی (زۆنی سلێمانی) دەکاتەوە لەناو ئەنجومەندا.

*لە (٢٠١٥/٢/١٦)داکۆبوونەوە ئەنجامنەدراسەرۆکی لیژنەی یاسایی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ئەنجامدا لەسەر گەندەڵیەکان ناو ئەنجومەن و دەستوەردانی پارێزگاری سلێمانی لەکاروباری ئەنجومەن.

*لە (٢٠١٦/٣/١)داکۆبوونەوە ئەنجامنەدرابەهۆی قەیرانی (دارایی، مووچە، بایکۆتکردنی دەوام لەلایەن مامۆستایان وفەرمانبەران)ەوە، بەڵام سەرۆکی ئەنجومەن لەگەڵ سەرۆکی فراکسیۆنەکاندا کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا.

* دواخستنی کۆبوونەوە لە کاتژمێر (١٠:٠٠)ی سەرلەبەیانی رۆژی (٢٠١٦/٨/٢١)دا بۆ کاتژمێر (٤:٠٠)ی پاش نیوەڕۆی هەمان رۆژ، دواتریش بۆ کاتژمێر (٦:٠٠)ی سەر لە ئێوارەی هەمان رۆژ دووبارە دواخرایەوە، بەهۆی رێکنەکەوتنی نێوان هەردوو لیستی یەکێتی و لیستی گۆڕان.

سێیەم/ هەندێک لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەبێ دەرکردنی بڕیار کۆتاییان پێهاتووە.

چوارەم/ ئەنجامدانی کۆبوونەوەی بیست و چوارەمینی ئەنجومەن لە (٢٠١٥/١٢/٢٢)دابەداخراوەیی سەبارەت بەگفتوگۆکردن لەسەرچۆنییەتی سەرپشککردنی سەرۆکی فراکسیۆنەکان بۆسەردانی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت پێداویستیو داواکارییەکانی ئەندامانی ئەنجومەن، جێگەی پرسیارە، دەبوایە ئەنجومەن ئەو کۆبوونەوەیەی بەکراوەیی ئەنجامبدایە، با هەموو ئەندامان بەئاشکرا داوای مافو ئیمتیازاتی خۆیان بکردایە کە

یاسا بۆی دیاریکردون، چونکە مافی هەموو هاووڵاتییەکە زانیاری هەبێت لەسەر مووچەو ئیمتیازاتی نوێنەرەکەی لە ئەنجومەن، لەلایەکی دیکەوە لە کۆبوونەوەکە جەخت لەوە کراوەتەوە کە بڕینی مووچە ئەندامانی ئەنجومەن نەگرێتەوەو هەروەها جەختکردنەوە لەوەی کە زانیاریەکانی ئەم کۆبوونەوەیە نەچنە درەوە (انما المجالس بالامانة)، ئەنجامدانی ئەم کۆبوونەوەیە بەداخراوەیی پێچەوانەی ماددەی (١٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنە، بەپێی ئەومادەیە کاتێک کۆبوونەوەکان داخراو دەبن (تەنها لەبارێکدا نەبن بارودۆخەکە پێچەوانەکەی پێویست بکات..)

پێنجەم/ کۆنوسی کۆبوونەوەکان تەنها لەلایەن (سەرۆکو جێگرو سکرتێر)ی ئەنجومەنەوە واژۆ دەکرێتو تایپ ناکرێتو وەک بەڵگەنامەیەکی فەرمی هەڵناگیرێت، بەڵکو ئەوەی بڵاو دەکرێتەوە تەنها کارنامەی کۆبوونەوەکانو هەندێک لەبڕیارو راسپاردەکانە.

شەشەم/ بوونی چەندین موداخەلەی گرنگو جدی لە کۆبوونەوەکاندا، بۆ دەوڵەمەندکردنی کۆبوونەوەکان.

حەوتەم/ ئەو کۆبوونەوانەی کە ئەنجومەن ئەنجامیداون هەموویان لە رۆژی (سێ شەممە)دا ئەنجامدراون بەپێی بڕگەی (یانزەیەم)ی ماددەی (١٠)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەن. جگە لە بیستو نۆیەمین کۆبوونەوە، کە سەرەتا رۆژی (یەک شەممە)ی بۆ دیاریکرا، بەڵام دواخرا بۆ رۆژی (پێنج شەممە)ی هەمان هەفتە.

دووەم/ خوێندنەوەی تایبەت بە کۆبوونەوەی ژمارە (٢٩)ی ئەنجومەن لە (٢٠١٦/٨/٢٥)دا

یەکەم/ ئەم کۆبوونەوەیە کۆبونەوەیەکی گرنگو چاوەڕوانکراوبوو، بۆیە پێویستە بەجیا لەسەری بدوێین، کۆبوونەوەکە وەک جێبەجێکردنێکبوو بۆ ڕێکەوتنی سیاسی نێوان (یەکێتی نیشتمانی کوردستانو بزووتنەوەی گۆڕان).

سەرەتا بڕیاربوو ئەم کۆبوونەوەیە لە ڕۆژی (یەکشەمە) بەرواری (٢٠١٥/٨/٢١)دا کاتژمێر (١٠)ی سەر لەبەیانی ئەنجامبدرێت، بەڵام بەهۆی ناکۆکییەکی زۆری نێوان ئەندامان کۆبوونەوەکە دواخرا بۆ کاتژمێر (٤:٠٠)ی پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، دواتریش بۆ کاتژمێر (٦:٠٠)ی سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەهۆی ناکۆکی زۆری نێوان ئەندامانی ئەنجومەن بەتایبەت هەردوو فراکسیۆنی (گۆڕانو یەکێتی) لەلایەکو ناکۆکی نێوان فراکسیۆنی (یەکێتی) لەلایەکی دیکەوە کۆبوونەوەکە بۆ ڕۆژی (پێنج شەممە) بەرواری (٢٠١٦/٨/٢٥) دواخرا، هەڵبەتە دیاریکردنی ڕۆژی (یەکشەممەو پێنج شەممە) پێچەوانەی ماددەی (١٠) بڕگەی (یانزەهەم)ی پەیڕەوی ناوخۆیە، ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی پێویستە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی هەفتانە جارێک، لە ڕۆژی (سێشەممە)دا ئەنجامبدات، لێرەدا ڕۆژەکە دیاریکراوە، کە دەبێت ڕۆژانی (سێ شەممە)بێت.

دووەم/ بڕیاری ژمارە (١٥)ی ساڵی (٢٠١٦) لەکۆبوونەوەی بیستو نۆیەمینی ئەنجومەندا تایبەتبوو بە لادانی بەڕێز (ئەکرەم شەریف محەمەد)لە پۆستی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، تەواو نایاسایی بوو، پێچەوانەی خاڵی یەکەمی بڕگەی (دووەم) لەماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنو هەروەها پێچەوانەی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (شەشەم)ی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی

(٢٠٠٩ )بوو. لە خاڵی یەکەمی بڕگەی (دووەم) لەماددەی(١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەندا هاتووە: «لەسەر کارلادانی سەرۆکی ئەنجومەن یان جێگرەکەی لەسەر داوای سێیەکی ژمارەی ئەندامانیو بەڕەزامەندی دوو لەسەر سێی ئەندامان، سەرۆک یان جێگرەکەی بە لادراو دادەنرێت هەرکاتێک مەرجێکی ئەندامێتی لەدەستبدات، یان یەکێک لە هۆیەکانی بڕگەی (دووەم)ی ماددەی (شەشەم) یاساکەی تێدابوو، کە ئەمە دەقەکەیەتی: «٦- لە سەرکار لادانی سەرۆکی ئەنجومەن یان جێگرەکەی لە سەرداوای سێیەکی ژمارەی ئەندامانیو بەڕەزامەندیی دوو لەسەر سێی ئەندامانی سەرۆک یان جێگرەکەی بە لادراو دادەنرێت هەر کاتێ مەرجێکی ئەندامێتی لە دەستبدات یان یەکێک لەم هۆیانەیان لەسەر ساغ بووەوە:

ا ـ دەست پیسیی یان خراپ بەکارهێنانی پایەی فرمانەکەی.

ب ـ بوون بە هۆی بە فیڕۆدانی دارایی گشتی.

ج ـ خەمساردی یان کەمتەرخەمی نواندن بە ئەنقەست لە جێبەجێکردنی ئەرکەکەیدا»

بەڵام جێگری سەرۆکی ئەنجومەن جگە لەوەی کە هیچ کام لەم خاڵانەی باسکران تیایدا نەبوو، هەروەها خۆشی داوای بەخشینی پێشکەش بە ئەنجومەن نەکردبوو، هەتا ئەنجومەن رەزامەندی لەسەر دەرببڕێت، بەڵکو ئەم بەخشینە تەنها بەشێک بوو لە جێبەجێکردنی رێکەوتنی سیاسی نێوان یەکێتی نیشتمانی و بزووتنەوەی گۆڕان، لانی کەم دەکرا ئەویش رێکارێکی یاسای بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمەش بەڵگەیە کە رێکەوتنەکە لە بری ئـەوەی زیاتر هۆکار بوایە بۆ پیادەکردنی یاساو کاراکردنی ئەنجومەن، بەڵکو لە یەکەم هەنگاودا

پێشێلکاری یاسایی ئەنجامدا.

سێیەم/ کۆبوونەوەی بیستو نۆیەمینی ئەنجومەن، کاریگەریەکی خراپی کردە سەر ئەندامانی ئەنجومەن، بەجۆرێک پێنج ئەندام لە فراکسیۆنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەستیان لەو حیزبەو لەو فراکسیۆنە کێشایەوەو بڕیاری فراکسیۆنێکی سەربەخۆیاندا، بەڵام دواتر پاش کۆبوونەوەیان لەگەڵ بەرپرسانی یەکێتی نیشتمانی گەڕانەوە ناو فراکسیۆنی یەکێتی.

چوارەم/ کۆبوونەوەکە هێندەی مۆرکی جێبەجێکردنی بڕیارێکی حزبي پێوە دیاربوو، هێندە مۆرکی دیموکراتی پێوەنەبوو، چونکە سەرۆکی ئەنجومەن رایگەیاند، کە بەهیچ جۆرێک بوار بە گفتوگۆو موداخەلەی ئەندامانی (گۆڕانو یەکێتی) نادات، هەربۆیە ئەمەش وایکرد هەریەکە لە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنو سێ ئەندامی ئەنجومەن کۆبوونەوەکە بەجێبهێڵن. وەک ناڕەزاییەک بەرامبەر بڕیارەکانی کۆبونەوەکە.

پێنجەم/ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن، لەلایەک وەک یەکێک لە سیماو پرەنسیپەکانی دیموکراتی، کارێکی باشە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە بووە هۆی دواخستنی کارەکانی ئەنجومەن، لەو کاتەوە هەتا کاتی نووسینی ئەم راپۆرتە ئەنجومەن نەیتوانیوە یەک کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامبدات.

شەشەم/ بەداخەوە میکانیزمی دیموکراتیو مەدەنییەت نەیتوانی کێشەی دەستاودەستکردنی دەسەڵات یەکلاییبکاتەوە، بەڵکو لە رێگەی حیزب و تەوافوقی سیاسییەوە کێشەکە یەکلایکرایەوە.

حەوتەم/ وەک پەرچەکردارێک بۆ ئەنجامەکانی کۆبوونەوەی بیستو نۆیەمین، (هەتا کاتی نووسینی ئەم راپۆرتە)، جێگری

پێشووی سەرۆکی ئەنجومەن ئامادەنەبووە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لەگەڵ جێگری نوێی سەرۆکی ئەنجومەندا بکاتو تەنانەت ژوورەکەی خۆی رادەستی جێگری نوێی سەرۆکی ئەنجومەن نەکردووە.

سێیەم/ خوێندنەوەی تایبەت بە ئەندامانی ئەنجومەن.

یەکەم/ بێ ئومێدییەکی زۆر بە زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەنەوە بەدیدەکرێت هەروەک چۆن بێئومێدی لە هەر هاووڵاتییەکی تری ئاسایی ئەم پارێزگایەدا بەدیدەکرێت لەکاتێکدا هاووڵاتیان بۆیە ئەوانیان کردوونەتە نوێنەری خۆیان هەتا کاربکەن لەپێناو چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا.

دووەم/ نەبوونی ئەزموون لەلایەن هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن کاریگەری خراپی کردۆتە سەر ئەدای ئەنجومەن بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان، وەک ئەزموونی بەڕێوەبردنو پلاندانانو چۆنیەتی رووبەڕووبوونەوەی کێشەو قەیرانەکان، تەنانەت نووسینی راپۆرتیش.

سێیەم/ لاوازی پەیوەندی نێوان ئەندامانی ئەنجومەن و دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کە زۆربەی کات ئەندامانی ئەنجومەن سلێمانی لەگەڵ پارێزگادا پەیوەندی و کۆبوونەوەیان هەیە.

چوارەم/ هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن، داوای خولو ۆرکشۆپ دەکەن کەلەدەرەوەی وڵات بۆیان رێکبخرێت، بەڵام ئامادەنین لەو خولو ۆرکشۆپانەی لە ناوخۆ بۆیان دەکرێتەوە بەشداربن.

پێنجەم/دەستتێوەردانی حیزب لە ئەنجومەنی پارێزگا بەزەقی هەستی

پێدەکرێت و تا ئێستاش ئەندامان نەیانتوانیوە رێگری لەو دەستوەردانە بکەن.

شەشەم/ ئەندامانی ئەنجومەن تادێت کراوەتر دەبن لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە رووی هاوکاری و بەشداربوون لە چالاکیەکان و پێدانی زانیاریی.

حەوتەم/ ئەگەرچی لادانـی جێگری سەرۆکی ئەنجومەن لە کۆبوونەوەی بیستو نۆیەمیندا تەواو نایاسایی بوو، وەک گرتنەبەری رێگایەکی یاسایی و مەدەنیانە جێگری سەرۆکی ئەنجومەن، بۆ یەکلاییکردنەوەی، کەیسەکەی رەوانەی دادگا کرد، تا دادگا لەو بارەوە بڕیاری کۆتایی بدات.

هەشتەم/ بوونی تەکتولات لەنێوان ئەندامانی ئەنجومەندا، کە بووەتە هۆی پەکخستنی هەندێک ئیشوکاری ئەنجومەن.

چــــوارەم/ خـوێـنـدنـەوەی تـایـبـەت بـە لـیـژنـە هـەمـیـشـەیـیـەکـانـی ئەنجومەن:

**یەکەم/ گرنگینەدان بەنووسینی راپۆرتی لیژنەکان، لەلایەن زۆرێک لە لیژنەکانەوە، لەنووسینی زۆرێک لە راپۆرتی لیژنەکاندا ئاماژە بە (بەرواری چالاکیو شوێنی چالاکی) نەکراوە.**

**دووەم/ زمانی نووسینی راپۆرتەکان زیاتر زمانی قسەکردنە، لەوەی کە زمانی نووسین بێت.**

**سێیەم/ نەبوونی فۆرمێکی یەکگرتوو لەناو ئەنجومەندا بۆ نوسینی راپۆرتی لیژنەکان، هەر لیژنەو بەشێوازێکی سەربەخۆ راپۆرتی نووسیوە.**

**چوارەم/ زۆربەی چالاکیی لیژنەکان کۆبوونەوەو بەدواداچوون بووە.**

**پێنجەم/ لیژنەکان زۆر بەکەمی لەگەڵ کێشەیەکدا بوون هەتا دۆزینەوەی چارەسەر، بەڵکو زۆربەی کێشەکان بەتەنها کۆبوونەوەیەک یان سەردانو بەدواداچوونێکی بۆکراوە، بەبێ ئەوەی گەیشتبنە چارەسەر.**

**شەشەم/ هەندێک لیژنە زۆرترین کارو چالاکی ئەنجامدەدات، لەکاتێکدا هەندێک لە لیژنەکانی دیکە کەمترین کارو چالاکی ئەنجامدەدەن.**

**حەوتەم/ راپۆرتەکان تێکەڵەیەکن لە چالاکی لیژنە هەمیشەییەکانو لیژنە تایبەتەکان.**

**حەوتەم/ هەندێک لەسەرۆک لیژنەکان بۆ چەند کێشەیەکی گرنگ هاتوونەتە سەرخەت وراستەوخۆ سەردانو بەدواداچوونیان بۆ کێشەکان کردووە.**

پــێــنــجــەم/ ئــەنــجــومــەنو رۆڵـــی لــە قــەیــرانــەکــانــی ســنــوری پارێزگای سلێمانیدا:

**یەکەم/ ئەنجومەن لەم بارودۆخە دژوارەدا دەبوایە زۆرترین کۆبوونەوەی ئەنجامبدایە، بەڵام نەیتوانیوە تەنانەت لانیکەم نیوەی ئەو کۆبوونەوانەی کە پێویستبوون ئەنجامیانبدات.**

**دووەم/ کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بەردەوام دوادەخرێت لەکاتێکدا بارودۆخی خزمەتگوزاریەکان لەوپەڕی خراپیدایە و ئەنجومەنیش هیچ کۆبوونەوەیەکی تایبەت بەم بابەتانە ئەنجامنەداوە، هەرچەندە بارودۆخی پارێزگا لەوپەڕی خراپیدایە، بەڵام ئەنجوومەنی پارێزگا پێشنیارێکی بۆ باشترکردنی دۆخەکە نییەو تەنانەت کۆبوونەوەی هەفتانەش ئەنجامنادات.**

**سێیەم/ ئەنجومەن هەمیشە لە کۆبوونەوەکانیاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان زۆرجار ئاماژەی بەوە داوە کە بۆ نموونە (دەبێت چارەسەری نیو مووچە بکرێت، دەبێت مووچە لەکاتی ئاسایی خۆیدا دوانەکەوێت، نابێت ئەم بارودۆخە بەردەوامبێت... هتد) بەبێئەوەی هەنگاوی کردارەکی پێویست نرابن بۆ هێنانەدی ئەم داواکارییانە.**

**چوارەم/ پاش دەستبەکاربوونی دەستەی نوێی سەرۆکایەتی ئەنجومەن، هەتا کاتی نووسینی ئەم راپۆرتە، ئەنجومەن هیچ کۆبوونەوەیەکی ئاسایی ئەنجامنەداوەو هۆکاری ئەنجامنەدانی کۆبوونەوەکانیش بۆ هاووڵاتیان باس ناکەن.**

پێنجەم/ لەگەڵ بوونی چەندین زانکۆو ناوەندی توێژینەوەو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وکەسانی پسپۆڕو ئەکادیمی خاوەن ئەزمون لەم پارێزگایەدا، ئەنجومەن کۆنفرانسێکی زانستی نەبەست سەبارەت بە کێشەو گرفتەکان و چۆنیەتی دەربازبوون لەم کێشەکان.

شەشەم/ ئەنجومەن کەمترین هەوڵیداوە بۆ دەستخستنی سەرچاوەی دارایی ئەگەرچی بۆ پڕۆژەی بچوکیش بێت، لەکاتێکدا دەتوانرا کۆنفرانسێک لەگەڵ سەرمایەدارەکانی ئەم پارێزگایەو ڕێکخراوە بەخشەرە نێودەڵەتیەکاندا ئەنجامبدرایەو تیایدا هەوڵی بەئەنجامگەیاندنی چەند پرۆژەیەکی (بابچووکیش بن) بدایە، تەنها جارێک لە ئەنجومەن هەوڵدرا بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەیەک، ئەندامانی ئەنجومەن لەنێوخۆیاندا یەکتریان بە گەندەڵیو وەرگرتنی پارە تۆمەتبار کرد.

شەشەم/ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩).

زۆربەی ئەندامانی ئەنجومەن، (یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان – عێراق)، کە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)یە، بەگەورەترین ڕێگر دەزانن لەبەردەم ئەنجومەنی پارێزگادا بەوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنەکانی سنوردارکردووە، کە ئەم یاسایە لە ساڵی (٢٠٠٩)دا لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، هەڵبژاردنی

ئەنجومەنی پارێزگاکانیش لە ساڵی (٢٠١٤)دا ئەنجامدراوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی لایەنە سیاسییەکان پێش ئەنجامدانی هەڵبژاردن کاریان بۆ هەموارکردنەوەی ئەم یاسایە نەکردووە، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە بۆچی ئەندامانی ئەنجومەن خۆیان کاندید کرد، لە کاتێکا یاساکە ئەوەندە رێگرە لەبەردەم ئەنجومەندا؟

حەوتەم/ رێکەوتنی سیاسی نێوان (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)و (بزووتنەوەی گۆڕان)و کاریگەری لەسەر ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی.

یەکەم/ رێکەوتنی سیاسی نێوان (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) و (بزووتنەوەی گۆڕان)، کە دواتر فراکسیۆنی هەردوولا بڕیاری پێکهێنانی یەک لیستی هاوبەشیاندا بەناوی لیستی (هیوا) لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بەڵام ئەم رێکەوتنە سیاسیەو ئەو لیستە هاوبەشەش هیچ کاریگەرییەکی ئەرێنی (هەتاکاتی نووسینی ئەم راپۆرتە) لەسەر ئەنجومەنو بەرەوپێش بردنی کارەکانی نەبوو، تەنانەت یەک چالاکی هاوبەشیش بەناوی ئەو لیستەوە ئەنجامنەدراوە.

دووەم/ تائێستاش هەردوو فراکسیۆنی (گۆڕانو یەکێتی) وەک دوولیستی سەربەخۆ کاردەکەن.

هەشتەم/ کێشەی ئەنجومەنی پارێزگاو هاووڵاتیان:

یەکەم/ یەکێک لەو کێشانەی رۆژانە رووبەڕووی ئەندامانی

ئەنجومەن دەبێتەوە، ئەوەیە کە بەشێک لە هاووڵاتیان بۆ چارەسەرکردنی هەندێک کێشە رووداوەکانە ئەنجومەن، لە کاتێکدا چارەسەرکردنی ئەو کێشانە پەیوەندی بە ئەنجومەنەوە نییە، چونکە ئەنجومەن دەسەڵاتێکی جێبەجێکردن نییە، بەڵام سەرچاوەی ئەم کێشەیەش دەگەڕێتەوە بۆ کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، کە کاندیدەکان هەموو جۆرە بەڵێنێکیان بەدەنگدەر داوە، بەبێ ئەوەی سنوری دەسەڵاتی ئەنجومەن بۆ دەنگدەران روونبکەنەوە.

دووەم/ نەهێنانەدی زۆرینەی بەڵێنەکانی هەڵبژاردن، کە پێشتر کاندیدەکان بە هاووڵاتیانیان دابوو.

سێیەم/ لە سەر پێگەی ئەلیکترۆنی (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی) لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، فۆڕمێکی تایبەت ئامادەکراوەو هاووڵاتیان دەتوانن بەبێ سەردانکردنی ئەنجومەن، لەرێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە، فۆرمەکە پڕبکەنەوەو کێشەو داواکارییەکانی خۆیان بنێرێن بۆ ئەنجومەن، بەڵام هەتا ئێستا تەنها یەک هاووڵاتی ئەو فۆرمەی پڕکردۆتەوە.

نۆیەم/ هۆبەی زانیاری پێدان لە ئەنجومەنی پارێزگا.

یەکەم/ ئەم هۆبەیە دەبوایە یەکێک بووایە لە چالاکترین هۆبەکانی ناو ئەنجومەن، هەروەها سەرچاوەیەکیش بووایە بۆ هاووڵاتیانو توێژەرانو ئەوانەی زانیاری لەسەر ئەنجومەن کۆدەکەنەوە، بەڵام بەداخەوە هۆبەیەکی زۆر لاوازە، داواکار ناتوانێت ئەوەی دەیەوێت لەسەر ئەنجومەن لەو هۆبەیە دەستیبکەوێت.

دووەم/ هۆبەی زانیاریپێدان ناتوانێت بەبێ رەزامەندی ئەندامانی ئەنجومەن زانیاری بدات.

سێیەم/ (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)بۆ نووسینی ئەم راپۆرتە، ئەوەندەی زانیاری لە ئەندامانی ئەنجوومەن وەرگرتووە، هێندە زانیاری لەو هۆبەیە وەرنەگرتووە، ئەوەی داواکراوە لایان نەبووە یان نەیانویستووە ئەوزانیارایانە بدەن.

چوارەم/خولی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٥ بۆ ٢٠١٤)دا دەستبەکاربوو، ئاماژەیان بەوە کردووە کە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەمافی رەوای هەرتاکێکی سنوری پارێزگای سلێمانی دەزانێت، چاودێریو هەڵسەنگاندن بۆ ئیشو کارەکانی ئەو ئەنجومەنە بکات، بۆ ئەوەی بزانێت ئەو ئەنجومەنە لە ئاستی ئەو ئەرکەدا بووە، کە خستوویەتیە سەرشانی خۆی؟هەتا چەندسەرکەوتووبووە لە جێبەجێکردنی ئەوبەڵێنانەی کە پێتانی داوە ....؟).بەڵام ئەم خولەی ئێستای ئەنجومەن، بەو روونییە ئەومافەی نەداوە بەهاوولاتیان، بەڵکو لەماددەی (١٢)ی پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە (دانیشتنەکانی ئەنجومەن بەئاشکرا دەبنو هاوولاتیانو نوێنەری رێکخراوە مەدەنییەکانو کەناڵەکانی راگەیاندن بۆیان هەیە لە دانیشتنەکانی ئەنجومەن ئامادەبنو راستەخۆش دانیشتنەکان بۆهاوولاتیان پەخشبکەن، تەنها لەبارێکدانەبێت کە بارودۆخەکە پێچەوانەکەی پێویست بکات، ئەویش لەسەرداوای سەرۆک یان لەسەرپێشنیازی پارێزگاریان (١٠) لە ئەندامانی ئەنجومەنو بەڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان لەوکاتەشدا هیچ کەسێک جگە لە ئەندامانی ئەنجومەن ئامادەی دانیشتنەکە نابێت).

لێرەدا ئەنجومەن رێگە بە هاوولاتیانو نوێنەری رێکخراوە مەدەنییەکانو کەناڵەکانی راگەیاندن دەدات تەنها بۆیان هەیە لە دانیشتنەکانی

ئەنجومەن ئامادەبن، ئەمە لەکاتێکدا لە خولی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگا، ئاماژەیان بەوەکردووەکە (ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بەمافی رەوای هەرتاکێکی سنوری پارێزگای سلێمانی دەزانێت، چاودێری وهەڵسەنگاندن بۆ ئیشوکارەکانی ئەنجومەن بکات، ....) ئەمە لە کاتێکدا خولی پێشووی ئەنجومەن تەنها لە ساڵی (٢٠٠٦- ٢٠٠٩)دا (١٤٣٤) پڕۆژەی جۆراوجۆری بەبڕی (٩٠١ ,٤٣٧ ,٩٥٠ ,٠٤٥ ,١)دیناری عێراقی ئەنجامداوە .بەمافی رەوای هەرتاکێکی سنوری پارێزگای سلێمانی زانیوە چاودێریان بکات، بەڵام لەم خولەی ئێستای ئەنجومەندا ئەو مافە بۆ هاووڵاتیان بەرتەسکراوەتەوە .

## پێشنیار

وەک (رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)، ئەم پێشنیارانەی خوارەوە بەگونجاو دەزانین بۆباشترکردنی کارەکانی ئەنجومەنی پارێزگا، بەو ئومێدەی ئەنجومەن لەداهاتوودا بتوانێت کاریان لەسەر بکات.

١. دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن سوود لەم راپۆرتە وەربگرێت، ئەو خاڵە لاوازانەی خراونەتەروو کەمبکاتەوەو خاڵە بەهێزەکانیش زیاتر بکات.

٢. ئەنجومەن هەوڵبدات پلانی مانگانەی هەبێتو لەرێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنو پێگەی فەرمی خۆیەوە، بیخاتە بەردەست هاوولاتیانو دەنگدەرانی خۆیان.

٣. ئەنجومەنی پارێزگا هەوڵی زیاتر پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەنجومەنو هاوولاتیان بدات.

٤. ئەنجومەن هەوڵبدات سود لە ئەزموونو راوێژی کەسانی پسپۆڕو شارەزاو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ببینێت، بۆ دەربازبوون لە هەندێک کێشەو گرفت.

٥. گرنگە ئەنجومەن مانگانە کۆنگرەی رۆژنامەوانی ئەنجامبدات، بەمەبەستی ئاگاداربوونی هاوولاتیان لە کارو چالاکیەکانی ئەنجومەنو گرفتو رێگریە سەرەکییەکانی بەردەم ئەنجومەن.

٦. ئەنجومەن هەوڵبدات وەک دەزگایەکی هەرە باڵای ئەم پارێزگایە دەربکەوێتو رۆڵی راستەقینەی خۆی بگێرێت.

٧. سازدانی کۆنفرانسێک بۆ دیاریکردنی کێشەو گرفتی

هاوولاتیانو دیاریکردنی میکانیزمەکانی چارەسەرکردنیان، بەهاوکاری زانکۆکانی سنوری پارێزگای سلێمانی.

٨. ئەنجومەن ئاگاداری داهـاتو خەرجییەکانی پارێزگای سلێمانی بێتو مانگانە بۆ راگشتی بڵاویبکەنەوە.

٩. ئەنجومەن فۆرمێکی تایبەت بە کۆنووسی کۆبوونەوکانو راپۆرت چالاکیو بەدواداچوونەکان ئامادەبکاتو سەرجەم لیژنەکان پابەندبکات بە نووسینی راپۆرت بە پێی ئەو فۆرمە.

١٠. ئەندامانی ئەنجومەن خۆیان لە باڵباڵێنو کاری حیزب دووربخەنەوەو هەوڵی سەرەکییان جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنو چارەسەری کێشەکان بێت.

١١. ئەندامانی ئەنجومەن لەرێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، جیاوازیو ناکۆکییە سیاسیەکانی خۆیان بڵاونەکەنەوەو ، کار بۆ شکاندنی یەکدی نەکەن.

١٢. گرنگیدان بەهۆبەی زانیارییپێدان لە ناو ئەنجومەنی پارێزگادا.

١٣. لانی کەم لیژنەکانی ئەنجومەن مانگانە پرۆژەیان هەبێت بۆ چارەسەرکردنی یەکێک لە کێشەو گرفتەکانی پارێزگای سلێمانیو لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەندا گفتووگۆی لەسەر بکرێت.

لەگەڵ بوونی ئەم تێبینیانەی پێشتر ئاماژەمان پێدان، ناکرێت ئاماژە بەچەند رێگریو بەربەستێک نەکەین کە لەدەرەوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی پارێزگادا بوون:-

یەکەم/ قەیرانی سیاسی و دارایی هەرێم رێگرێکی زۆر گەورەی بەردەم ئەنجومەن بوون، کە نەیتوانی هەنگاوی پێویست بنێت.

دووەم/ یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩)کە کۆت و بەندێکی زۆری خستۆتە بەردەم حکومەتە خۆجێیەکان.

سێهەم/ نزیکەی نیوەی ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دانیشتووی دەرەوەی شاری سلێمانین، واتە دانیشتووی قەزاو ناحیەکانی سەربە پارێزگای سلێمانین ، ئەم دووریەش لەم قەیرانی داراییەدا بووتە یەکێک لە کۆسپەکانی بەردەم ئەنجام نەدانی کۆبوونەوە ئاساییەکانی ئەنجومەن و کەمتر ئامادەبوونیان لە شوێنی دەوامکردنیان.

بەشی حەوتەم

# پاشکۆکان

تێبینی :

ریزبەندی بەڵگەنامەکان بەپێی بەرواری دەرچوونیان دانراون

## پاشکۆی ژمارە (١)

## خشتەی ئاماری بابەتی بەڵێنەکانی لیستە سیاسییەکان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە (٢٠١٦/٤/٢٠)دا

| ژ | بابەتی بەڵێنەکان | ژمارەی لیستەکان |
|---|---|---|
| | پاراستنی ژینگە و سەوزایی | ٦ |
| | پاراستنی کشتوکاڵ و پەرەسەندنی ئاوخۆ | ٥ |
| | چاککردنی کەرتی تەندروستی | ٤ |
| | پەروەردە و فێرکردن | ٤ |
| | چاککردنی سیستەمی هاتوچۆ | ٤ |
| | چاککردنی باری ئابووری | ٤ |
| | دروستکردنی ڕێگەی نیشتەجێبوون | ٤ |
| | کارکردن بۆ چەسپاندنی سیستەمی لامەرکەزی | ٢ |
| | دامەزراندن | ٢ |
| | چاککردنی کەرتی پیشەسازی | ٢ |
| | ژنان و خانمان | ٢ |
| | پەرەپێدانی کەرتی گەشتیاری | ٢ |
| | دەسەڵاتەکانی ئەنجومەن و یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٩) | ٢ |

| | | |
|---|---|---|
| | کارکردن بۆ شەفافیەت | ٢ |
| | سەروەری یاسا | ٢ |
| | کۆمەڵە و ڕێکخراوە مەدەنیەکان | ٢ |
| | بواری ڕۆشنبیری | ٢ |
| | دەستێوەردانی حیزب لە حکومەت | ١ |
| | کەمتەرخەمی | ١ |
| | بواری وەرزشی | ١ |

## پاشکۆی ژمارە (٣)

## وەڵامی سەرۆکی ئەنجومەن بۆ ئەندامانی ئەنجومەن سەبارەت بە بوونی ڕۆژی سلێمانی لە ئەنجومەندا



ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
ئارگێڕی

مجلس محافظة السليمانية
الادارة

Slemani Provincial Council

No:
Date:

ژمارە:
ڕێکەوت:

بۆ/ بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## پاشکۆی ژمارە (٣)

## داواکاری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەن



# پاشکۆی ژمارە (٤)

## نووسراوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ کۆمپانیای [illegible]

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
نووسینگەی تایبەتی
سەرۆکی ئەنجومەن

مجلس محافظة السليمانية
المكتب الخاص
لرئيس المجلس

Slemani Provincial Council

Private Office

[illegible]

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

[illegible]

## پاشکۆی ژمارە (٥)

## ڕوونکردنەوەی کۆمپانیای برووسک لەسەر نووسراوێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی


BRUSK COMPANY

کۆمپانیای برووسک

For General Contracts
Road & Bridges – Building
Transportation

## پاشکۆی ژمارە (٦)

## داواکاری بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی تایبەت بەسەرپشککردنی سەرۆکی فراکسیۆنەکان بۆ سەردانی ئەنجومەنی وەزیران و پێداویستی و داواکارییەکانی ئەندامانی ئەنجومەن

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

مجلس محافظة السليمانية

Slemani Provincial Council

[redacted] [redacted]

بەڕێز/ سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

بابەت/ داواکاری کۆبوونەوە

داواکارین لەبەڕێزتان کە ڕەزامەندی بفەرموون لەسەر کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجومەن بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی سەرپشک کردنی سەرۆکی فراکسیۆنەکان بۆ سەردانی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە پێداویستی و داواکارییەکانی ئەندامانی ئەنجومەن

لەگەڵ ڕێزماندا

1. ئەنوەر تاهیر
2. ڕێکەوت زەکی
3. ئەفضل ابراهیم
4. زیاد محمد رەزا
5. شەرمەد تۆفیق
6. ...

# پاشکۆی ژمارە (٧)

# ڕوونکردنەوەی فراکسیۆنی یەکێتی سەبارەت بە تۆمەتەکانی ئەندامانی لە گەندەڵی

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

Slemani Provincial Council

ڕوونکردنەوەیەکی پێویست

[illegible]

2015/12/29

## پاشکۆی ژمارە (٨)

## پێشنیاری ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ پەرلەمانی کوردستان، سەبارەت بە ناساندنی شاری چەمچەماڵ وەک (پایتەختی شەهیدان و ئەنفالکراوانی کوردستان)



ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

مجلس محافظة السليمانية
الادارة

Slemani Provincial Council

ژمارە:
ڕێکەوت: ٢٠١٧

No:
Date:

بۆ بەڕێز/ پەرلەمانی کوردستان
بابەت/ پێشنیاز

[illegible]

[illegible]

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

[illegible]

## پاشکۆی ژمارە (٩)

## نوسراوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ پارێزگای سلێمانی/ کاروباری هونەری

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

مجلس محافظة السليمانية
الادارة

Slemani Provincial Council

ژمارە: [illegible]
ڕێکەوت: [illegible]

No.:
Date:

**بۆ پارێزگای سلێمانی/ کاروباری هونەری**
**بابەت/ بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی ساڵی (٢٠١٦)**

[illegible]

لەگەڵ ڕێزدا..

[illegible]
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

وێنەیەک بۆ:
[illegible]

# پاشکۆی ژمارە (١٠)

## نووسراوی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ پارێزگای سلێمانی سەبارەت بە ڕاگرتنی کرێی زەویەک

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

مجلس محافظة السليمانية
الادارة

Slemani Provincial Council

Ref:
Date:

ژمارە: [illegible]
ڕۆژ: [illegible]

بۆ/ پارێزگای سلێمانی/ بەڕێوەبەرایەتی کارگێڕی گشتی
بابەت/ ڕاگرتنی [illegible] کرێی زەویەک

[illegible]

لەگەڵ ڕێزدا


[illegible]
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

[illegible]

## پاشکۆی ژمارە (11)

## سوپاسنامەی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی

## بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی


هەرێمی کوردستان – عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
بەڕێوەبەرایەتی ئاوی سلێمانی
بەشی پلان دانان

Iraq – Kurdistan Region
Ministry of Municipalities & Tourism
Planning

اقليم كوردستان – العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة البلديات و السياحة
مديرية ماء السليمانية

NO:
Date: / / 2016

بۆ/ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

بابەت/ سوپاس نامە


ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە 225 لە 2016/6/29 دا،
سوپاسی هەوڵەکانی سەرۆک و هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا دەکەین ...
... شاری سلێمانی.

لەگەڵ ڕێزدا...

بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی
2016

## پاشکۆی ژمارە (٣)

## وەڵامی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەبارەت بە داواکارییەکانی ئەنجومەنی پارێزگا



ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

مجلس محافظة السليمانية
الادارة


Slemani Provincial Council

بۆ: ئامادەی سەرۆکایەتی و سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا

بابەت: وەڵام

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

## پاشکۆی ژمارە (١٣)
## سوپاسنامەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بۆ
## (ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان)


ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێری

مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Slemani Provincial Council

ژمارە:
ڕۆژ:

No:
Date:

بۆ/ ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

[illegible]

لەگەڵ ڕێزدا...

د.هەڤاڵ ئەبوبکر
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

[illegible]

# پاشکۆی ژمارە (٩٤)

## [illegible]


ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
نووسینگەی تایبەتی
سەرۆکی ئەنجومەن

مجلس محافظة السليمانية
المكتب الخاص
رئيس المجلس

Slemani Provincial Council
Private Office

[illegible]

[illegible]

[illegible] ٢٠١٦/٨/٢١ [illegible]


[illegible]

[illegible]

سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
[illegible]

## پاشکۆی ژمارە (10)

## فۆرمی ئامادەکردنی راپۆرتی لیژنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی



# پاشکۆی وێنەکان




ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی





کۆبوونەوەکانی هەفتانەی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی



## بەشێك لە چالاكی لیژنە هەمیشەییەكانی
## ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی



سەردانی سەرۆكی ئەنجومەن بۆ بەسەركردنەوەی یەكێك لە پرۆژەكان



سەردانی لیژنەی خزمەتگوزاریەكان بۆ بەدواداچوونی روخانی بەنداوی زەلان



بەدواداچوونی لیژنەی کاگێڕیو دارایی‌و ئابوری گوێگرتن لە داواکاری‌و گرفتەکانی هاوولاتیان –چەمچەماڵ



بەدواداچوونی لیژنەی هونەری‌و پلاندانان بۆ پڕۆژەی ڕێگای سەرشاخی پیرەمەگرون



کۆبوونەوەی  ئاسایی لیژنەی پارێزگاری (ئاسایش، پۆلیس، شارستانی )



کۆبوونەوەی لیژنەی شارەوانی



ناحیەی گاپیلۆن – کۆبوونەوە لەگەڵ ئیدارەو خەڵکی ناوچەکە



بانگهێشتکردنی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی بۆ گفتوگۆکردنو روونکردنەوە سەبارەت بە زیادەڕەویو هەندێک کێشەی تایبەت بە بواری شارەوانییەکان




کۆنگرەی رۆژنامەوانی سەرۆکی لیژنەی یاسایی سەبارەت بە تێوەگلانی
هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن لە گەندەڵی



هەندێک لە ئەندامانی ئەنجومەن تێوەگلانی ئەندامانی ئەنجومەن لە گەندەڵی
رەتدەکەنەوە



کۆبوونەوەی لیژنەی نووسینەوەی پەیڕەوی ناوخۆی لیستی هیوا



پەیڕەوی ناوخۆی ئیئتیلافی فراکسیۆنەکانی
بزوتنەوەی گۆڕان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

لە ئەنجومەنی پارێزگای
سلێمانی

ئامادەکراوە لە لایەن:
ژوری حکومەت وپەرلەمان و ئەندامانی فراکسیۆنی بزوتنەوەی گۆڕان لە ئە نجومەنی پارێ
سلێمانی



کۆبوونەوەی ژمارە (٢٩)ی ئەنجومەن — بەئامادەبوونی راگەیاندنو رێکخراوەکان





دەستەی سەرۆکایەتی یەکەمی ئەنجومەن (٢٠١٥/٤/٧) بۆ (٢٠١٦/٨/٢٥)



دەستەی سەرۆکایەتی دووەمی ئەنجومەن (٢٠١٦/٨/٢٥)




کاردانەوەکانی بیستو نۆیەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی پارێزگا





دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی



چالاکییەکانی پڕۆژەی (بەهێزکردنی ئەدای ئەنجومەنی پارێزگای
سلێمانیو پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتیاندا)
(٢٠١٥/١٠/١ – ٢٠١٦/٩/٣٠)



**وۆرکشۆپی یەکەم (٢٠١٦/٣/٢٩ ) یاسا کارگێڕییەکانی عێراق**



**وۆرکشۆپی دووەم (٢٠١٦/٤/١٨) کارگێڕیو ئەتەکێت**



ۆرکشۆپی سێیەم (٢٠١٦/٥/٣) پەرەپێدانی سیاسی لەسەر ئاستی پارێزگا



ۆرکشۆپی چوارەم (٢٠١٦/٥/١٨) رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کەمکردنەوەی قوربانیانی هاتوچۆدا.



ۆرکشۆپی پێنجەم (٢٠١٦/٥/٣٠) شێوازی کارکردنی ئەنجومەنەکان لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا.



ۆرکشۆپی شەشەم (٢٠١٦/٧/٢٤) رۆڵی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە داکۆکیکردن لە مافەکانی هاووڵاتیاندا



ۆرکشۆپی حەوتەم (٢٠١٦/٨/٧) هەماهەنگی نێوان رێکخراوو ئەنجوومەنی پارێزگا لەچارەسەرکردنی کێشەکاندا.



ۆرکشۆپی هەشتەم (٢٠١٦/٩/٤) ئاوڕدانەوە لەخود لەپێناو کاریگەربووندا.




ۆرکشۆپی نۆیەم (٢٠١٦/٩/٢١)- نامەڵبەندێتی کارگێڕیی.



ۆرکشۆپی دەیەم (٢٠١٦/٩/٢١) - نامەڵبەندێتی کارگێڕییو رۆڵی لە بەرەوپێشبردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا.



یەکێک لەبەرنامە رادیۆییەکان بەئامادەبونی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی



لەسەرداوای رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان ئەنجومەن لیژنەیەکی دروستکرد بۆ بەدواداچوون بۆ کێشەی (کوالیتی کۆنترۆڵ)



سەردانی ڕێکخراوی (NED) بۆ ڕێکخراوی کوردستان بۆهەمووان





سازدانی گفتوگۆیەکی کـراوە لە نێوان ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو ڕێکخراوەکانی ناوەڕاستو باشووری عێراق





وۆرکشۆپی بەشدارییپێکردنی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەهەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئەمڕۆی پارێزگای سلێمانیدا





دوو کتێب لەبارەی خولی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی بڵاودەکرێتەوە

رێکخراوی کوردستان بۆ هەمووان

بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی

KEODD